

# نوێکردنەوەی حزبی سیاسیی لە بنکەوە

## ئایا پارتە سیاسیە کوردیەکان لە خۆنوێکردنەوە شکستیان هێناوە؟



د.شێرزاد نەجار

سیاسی
گوڵان
ژمارە (٧٥٢)
٢٠٠٩/١٠/١٢

**ئەم دووركەتنەوەیەی نێوان حزب و كۆمەڵگە، تەنها ئاماژەیەک نیە بۆ مۆنۆپۆڵكردنی حزبی و ڕێگرتن لە نوێبوونەوەی پارتەكان، بەڵكو دیاردەیەكی دیكەی ترسناكیشی هەیە ئەویش تێكشكانی ئەو پرد و پەیوەندیانەیە كە لەنێوان سەركردە و بنكە جەماوەریەكی پارتەكاندا بەتایبەتیش لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا دروستدەبێت**

**هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن پشت بە پشتگیری ئەندامانی حزب نابەستێت**

**ئەو سەردەمە بە كۆتا هات، كە تیایدا سیاسەت (بەمانای وەرگرتنی بریار) لە پشتی پەردەوە و لەلایەن چەند كەسێكەوە دروستبكرێت**

لەسەرەتای نەوەدەكانی سەدەی رابردووەوە هەستدەكرێت «بۆشایی» و «دووركەوتنەوە» لە نێوان هاوڵاتیان و پارتە سیاسیەكاندا دەركەتووە، ئەمەش بۆتە هۆكاری دەركەوتنی چەمكێكی تازە لەزانستی سیاسەت ئەویش چەمكی «نائومێدبوون و بێ هیوابوونە بە پارتە سیایەكان» ئەم دیاردەیە لە ناوەندە ئەكادیمیەكانی ئەڵمانیا تێبینی دەكرێت، بەجۆرێك پرۆفیسۆر فون ئەلمان دەڵێت: ئەڵمانیا لە دوای ساڵی ١٩٤٩ ەوە ١٠ تەنگژەی حزبی گەورەی بەخۆوە بینیوە، كە دەكرێت بەم ئاماژانە دەستنیشانی بكەین:

١- كەمبوونەوەی ئەندامیەتی لە پارتە سیایەكاندا.

٢- پیربوونی پارتەكان.

٣- كەمبوونەوەی دیاریكردنی ناسنامەی كاندیدكراوەكان لەلایەنی حزبیەوە.

ئەم ئاماژانە نیشانەی دووركەوتنەوەیە لە نێوان هاوڵاتی و حزبی سیاسیدا، هەروەها لەهەمانكاتدا نیشانەوەی ئەوەیە حزبە سیاسیەكان بەتەواتی لە دابینكردنی سەرچاوەی داهاتدا پشتیان بە دەوڵەت بەستووە، (ئەمەش وەك هەردوو پرۆفیسۆر كاتز و مایر جەختی لەسەر دەكەنەوە) ئەمە بۆتە هۆكاری ئەوەی كە پارتەكان نەتوانن رۆڵی میانگیر لە نێوان دەوڵەت و كۆمەڵگە بگێرن وبوونەتە ئەوەی بە «دامەزراوەیەكی نیمچە حكومی» دابنرێن. كەواتە پشتبەستنی فراوانی پارتە سیاسیەكان بە دابینكردنی داهات لە لایەن دەوڵەتەوە پارتەكانیان والێكردووە پییان بگوترێت (كارتلی پارتەكان، یان مۆنۆپۆڵكردنی پارتەكان) ئەمەش بە جۆرێكە پارتەكان بەبێ ئەوەی بایەخ بە ئاكامی هەڵبژاردنەكان بدەن پشتگیری دەوڵەتی بۆ خۆی مسۆگەر كردووە، ئەمەش ئاستەنگی لەبەردەم كرانەوەی گۆرەپانە سیاسیەكە دروستكردووە، هەتا گروپی سیاسیی تازە لە گۆرەپانەكەدا سەر هەڵبدەن.

لەمبارەوە هەردوو پرۆفیسۆر (كاتز و مایر) جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە ئەم حاڵەتە نەك دەبێتە هۆكاری ئەوەی ململانێی پارتەكان لە هەڵبژاردنەكاندا لاواز بێت، بەڵكو مۆنۆپۆلكردنی سیاسیی دەگاتە ئەو ئاستەی كە دەنگدەران رۆڵێك لە مەسەلەی كێ پۆستەكانی دەوڵەت وەردەگریت، نەگێرێت.

ئەم دووركەتنەوەیەی نێوان حزب و كۆمەڵگە، تەنها ئاماژەیەك نیە بۆ مۆنۆپۆڵكردنی حزبی و رێگرتن لە نوێبوونەوەی پارتەكان، بەڵكو دیاردەیەكی دیكەی ترسناكیشی هەیە ئەویش تێكشكانی ئەو پرد و پەیوەندیانەیە كە لەنێوان سەركردە و بنكە جەماوەریەكی پارتەكاندا بەتایبەتیش لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا دروستدەبێت.ئەمەش واتە هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن لە سەرشەقام ولەلایەن جەماوەری حزبەوە دەست پێناكات بەڵكو ئەم هەڵمەتە بەشێوەیەكی مەركەزی ئاراستەو راگەیاندنی بەشتگیری دەوڵەت دەچێت بەرێوە، وەك پرۆفیسۆر(فون بایم) ئاماژەی پێدەكات، هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن پشت بە پشتگیری ئەندامانی حزب نابەستێت، ئەم حاڵەتە «بۆشایەكی وەزیفی» لە ئەندامانی بنكەی حزب دروست دەكات، هەروەها هەندێك تۆژەر بە تایبەتی ئەڵمانیەكان لەمەش زیاتر دەڵێن: (لەكاتی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن رێكخراوەكانی خوارەوەی حزب بێ كار دەبن) ئەمەش مانای ئەوەیە سەركردەی ئەو حزبە سیاسیانە بایەخدانی بەسیاسیەتی ناوخۆی فەرامۆشكردووە، ئەمەش حەتمەن دەبێتە هۆكاری لەبەریەكهەڵوەشانی سیاسیەتی كۆمەڵایەتی ناوخۆیی ئەو پارتانە.هەر بۆیە هەموو پارتە سیاسیەكان «مەبەست پارتە سیاسیەكانی ئەڵمانیایە» بەشێوەیەك لە شێوەكان رووبەڕووی ئەركیك بوونەتەوە، ئەویش پێویستی خۆنوێكردنەوەیە كە دەكرێت بە چوار ئاست باسیان بكەین:

١- لەسەر ئاستی فكری (ئایدۆلۆژی)

٢- لەئاستی رێكخراوەیی (دیموكراتیەتی ناو حزب واتە نوێكردنەوەی هەیكەلی رێكخراوەیی حزب)

٣- نوێكردنەوەی نەوەی سەركردایەتی حزب (گۆڕینی نەوەی سەركردە بۆ حزب)

٤- ئاستی پەیوەندی لە نێوان هاوڵاتیان و حزبدا، (چۆنیەتی گرێدانەوەی هاوڵاتیان بە حزبەوە)

ئەو سەردەمە بە كۆتا هات، كە تیایدا سیاسەت (بەمانای وەرگرتنی بریار) لە پشتی پەردەوە و لەلایەن چەند كەسێكەوە دروستبكرێت، ئێستا جیهان چۆتە قۆناخێكی تازەی پێشكەتن و بەرەوپێشەوەچوون و پەیوەنداره بە دیموكراتی و مافەكانی مرۆڤ، هەربۆیە داواكاریەكانی هاوڵاتیان بۆ بەشداری سیاسیی زیاتر دەكەونە روو. سیاسەت وەك پرۆسەیەك كەخۆی لەوەرگرتنی بریار لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی و پەیوەندار بە دابەشكردنی دەبێتەوە، پێش هەموو شتێك واتە پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان، پارتە سیاسیەكانیش وەك بەشێكی گرنگ و ژیاری لەم پرۆسەیەدا دەبێت خۆی لەگەڵدا رابهێنێت، بۆئەوەی بتوانێت ئەدای ئەم ئەركەی گرنگە بكات، ئەمەش بەومانایەی هەتا بتوانێت خۆی پێشبخات و گۆڕانكاری بەسەر خۆیدا بهێنیت و ببێتە دامەزراوەیەكی نوێكراوە بۆ ئەوەی سەرەنجام ببێتە ئالەتی نوێكردنەوە لە كۆمەڵگەدا.

بەمجۆرە سیاسیەت بەو چەمك و تێگەیشتنەی پێشتر ئاماژەمان پێكرد، دەبێت سیاسەتێك بە هاوبەشیكردن بناسرێتەوە و سیاسەتێكی چالاك بێت، لێرەوە پارتە سیاسیەكان دەتوانن رۆڵی پیویستی خۆیان بگێرن، وەك پرۆفیسۆری بەناوبانگ «ئەبتەر» لە كتێبە ناسراوەكەیدا «سیاسەتی نوێبوونەوە» ئاماژەی پێكردووە: «پارتە سیاسیەكان دەبنە ئالەتێكی كاریگەر بۆ نوێبوونەوەی سیاسیی».

لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە بكەین: ئایا چی لەسەر حزبە سیاسیەكان پێویستە بیكەن، بۆئەوەی بتوانن رۆڵی پێویست بۆ



پێشخستنی کۆمەڵگە بگێڕن؟ ئەو چوار ئاستەی پێشتر ئاماژەمان پێکردن ئەو تەحدیانەن کە داواکراوە حزب رووبەروویان ببێتەوە و بەرنامەی سەرتاسەری بخاتە روو بۆ چۆنیەتی وەرگرتنی رێوشوێنی پێویست بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی پیویست روودەن، بۆ ئەوەی وەك پارتێکی چالاك و کاریگەر لەپرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵگە بمێنێتەوە، سەرەنجامیش لە پیناوی چالاکبوونی خۆی و بونیادی کۆمەڵگەیەکی چالاك وکاریگەر.

## بوێری بۆ وەرگرتنی هەنگاوە پێویستەکان بەرەو نوێبوونەوە وەک پرۆسەیەک کە ڕێگەیەکی دیکە نیە

لە بەرامبەر ئەم دیاردەیە پرسیارێکی رەوا دێتە پێشەوە: ئایا پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و بەدەست گرفتی خۆنوێکردنەوەوە دەناڵێنن؟ ئایا لەنێو ئەو هەموو تەحدیانەی رووبەروویان دەبنەوە توانای خۆنوێکردنەوەیان هەیە؟

پارتە سیاسیەکانی هەرێم کاتێك چوونە ناو هەڵبژاردنەکانی تەموزی ٢٠٠٩ وە ئاکامی باشیان بەدەست نەهێنا، هەربۆیە کەتوونە ناو تەنگژەیەکی توندی سیاسیی و رێکخراوەی و پیویست بووە لەسەریان موناقەشەی جیدی و قووڵ سەبارەت بە نوێکردنەوەی فیکر و ستراتیژیەتی پیادەکرا و و نوێکردنەوەی کادر و هەیکەلی رێکخراوەیی حزبەکانیان بکەن.لەبەردەم ئەم تەڵەزگەیە فیکری و رێکخراوەیی و ستراتیژیەدا، حزبەکان پیویستیان بە پرۆسەی خۆنوێکردنەوەیەکی رادیکالیانە هەیە بۆ ئەوەی هەموو لەم ئەرکە قورسە بەشداری بکەن.

## نوێکردنەوە ئەمانە لە خۆی دەگرێت:

### ١- نوێکردنەوەی فیکری

ئەم نوێکردنەوەیە ئەم خاڵانە لە خۆی دەگرێت:

- هاوڵاتیان لە بەرنامەی جزب تێناگەن و وەربناگرن.
- مەزندەی زۆربەی ئەندامانی حزب بەوەی حزب لە پرانسیپەکانی دووركەتۆتەوە، لەمەشدا رێگە بە حزب یان سەرکردایەتی نادرێت، بۆیە یان نەچوون بۆ هەڵبژاردن یان چوون و دەنگیان بە لایەنی دیکە داوە.
- لەسەر حزب پێویستە بگەرێتەوە بۆ پیادەکردنی سیاسەتی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و لەسەربنەمای یەکسانی لە نێوان هەموو هاوڵاتیاندا کاربکات، هەروەها کاربکات بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی ئیمتیازات، لەبەر ئەوەی مانەوەی ئەم ئیمتیازاتانە کاریگەری لەسەرئەوانە دەبێت کە داهاتیان سنوردارە.
- هەموو ئەمانەی ئاماژەیان پێکراوە بوونەتە هۆکاری ئەوەی هاوڵاتیان متمانە بە پرۆگرامی هەڵبژاردنی حزب نەکەن.
- دەبێت حزب لە ئێستاوە بەو جۆرە کاربکات، بۆئەوەی بتوانێت ئاکامی باشتر بەشێوەیەکی شەفافانە بەدەست بێنێت.

### ٢- نوێبوونەوەی ستراتیژی:

ئەو ستراتیژیەی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن حزب یان هاوپەیمانی پیادەیکردووە پێی دەگوترێت (رێگەی داخراو) سەرەنجامیش حزب بەستراوەتەوە بەو مانۆرەی کە بە هاوپەیمانیەکەوە گرێدداتەوە، بەجۆرێکە (ئازادی جوڵەی) لێ سەندۆتەوە ئەمەش باردۆخێکی دروستکردووە ئەندامانی حزب هەست بە ئارامی و دڵنیایی ناکەن.ئەم باردۆخە پێویستی بەکارێکی دوورو درێژە لە پێناوی گێڕانەوەی متمانە و سەیرکردنی ئایینده بە گەشبینیەوە.

### ٣- نوێبوونەوەی کادرەکان

یەکێك لە لایەنە خراپەکانی وەرگرتنی دەسەڵات، بڵاوبونەوەی گەندەڵی و یاریکردنە بە یاساکان بۆ مەبەستی تایبەتی، ئەمە دەبێتە بنەمای نەمانی متمانە بەو حزبەی لە دەسەڵاتدایە، ئەمە باری ئەو پارتە کوردیانەیە کە دەسەڵاتیان وەرگرتووەو بەدەس گرفتی بێ متمانەییەوە دەناڵێنن.ئەم گرفتە هۆکاری بابەتی و کەسی هەیە، سەرباری ئەو دەستکەوتانەی حکومەت بەدەستی هێنابوون، بەڵام لە راستیدا نەتوانرا دەنگدەران بە بەرنامەکەی قانع بکرێن.

زۆربەی سەرکردە حزبیەکان سەرکۆنەی ئەم هەڵەیە ناکەن بەڵکو بەرگری لێدەکەن.بۆیە نوێکردنەوەی حزب واتە نوێکردنەوەی کادرەکانیش، ئەمەش واتە کادرە کۆنەکان گونجا و نین یان جێگەی متمانە نین بۆ دەستپێکێکی تازە، ئەمە بناخەی ئەو موناقەشە جدیە پێکدەهێنێت کە لەناوەوە دەکرێت هەتا ئەو کاتەی کۆنگرە گرێدەدرێت، ئەوکاتە ئەوە ئەرکی کۆنگرەیە و ئەرکێکی ترسناکیشە کە ئەو سەرکردانە دەستنیشان بکات کە جێگەی متمانەن، بۆ ئەوەی دەست بە سیاسەتێك بکرێت کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی و بەرەو پێشەوە چوون لە خۆی بگرێت.

### ٤- نوێکردنەوەی رێکخراوەیی

باردۆخی تازە خۆی لەسەر حزب فەرز دەکات، بەوەی موناقەشەیەکی هێمن و قووڵ سەبارەت بە نوێکردنوەی هەیکەلی رێکخراوەی حزب دەستپێبکات، بۆئەوەی ببێتە بە دیهێنەری دیموکراتی لەناو حزبدا، حزب وەك حزبێکی جەماوەری پێویستە لەسەری متمانەی ئەندامەکانی وەربگرێت و بەشداری دیموکراتیانە بۆ هەموو ئەندامانی لە چالاکی و بریارەکانی حزبدا رێکبخات، هەروەها پێویستە لەسەر سەرکردایەتی حزب کار بۆ بەرەو پێشبردنی چەمك و راو بۆچوونەکان بکات بۆ ئەوەی بواری ئەوە برەخسێت، ئەندامانیش بەشداری موناقەشەکان بکەن.

بەم شێوازەی نوێکردنەوە، دەتوانرێت حزب جارێکی دیکە سەرکەوتن بەدەست بهێنێتەوەو متمانەی زۆربەی هاوڵاتیان بەدەستبێنێتەوە.

**پارتە سیاسیەکانی هەرێم کاتێک چوونە ناو هەڵبژاردنەکانی تەموزی ٢٠٠٩ وە ئاکامی باشیان بەدەست نەهێنا، پیویستیان بە پرۆسەی خۆنویکردنەوەیەکی رادیکالیانە هەیە بۆ ئەوەی هەموو لەم ئەرکە قورسە بەشداری بکەن**

**یەکێک لە لایەنە خراپەکانی وەرگرتنی دەسەڵات، بڵاوبونەوەی گەندەڵی و یاریکردنە بە یاساکان بۆ مەبەستی تایبەتی**

**نوێکردنەوەی حزب واتە نوێکردنەوەی کادرەکانیش**



## بۆ ئـەوەی پارتە سیاسیەکان ڕۆڵی خـۆیان

# بۆچی پارتە سیاس
# لە پرۆسەی خۆنوێکردن


ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکان پاشکۆی پارتە سیاسیەکانن



# وننەکەن دەبێت بەردەوام لە نوێبوونەوەدا بن

# ـیەکانی کوردستان
# ـەوەدا سەرکەتوو نابن؟

پارتی و یەکێتی
ئامانجیان ئەوەیە
دوو حزبی گەورە
هەبێت بۆ دەستاو
دەستکردنی
دەسەڵات و
چەند حزبێکی
بچووک هەبن بۆ
راستکردنەوەی
پارسەنگی
سیاسیی، واتە
تەنها پارتی و
یەکێتی دەستاو
دەستی دەسەڵات
بکەن



## «پارتە سیاسیەکان و سیستەمی پارتایەتی، هــۆکاری دامەزراوەیــی ســەرەکین بۆ ڕێکخستنی بەشداری سیاسیی بەرفراوانی هاوڵاتیان»

**سامۆئیل هنتگتن**

***

گرنگی پارتە سیاسیەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی، بە ئاستێکە کە دەتوانیت بڵێین دیموکراتــی بێ بوونی پارتی سیاســیی ئەگــەر مەحاڵیش نەبێــت زۆر دەگمەنە، چونکە هەوڵدان بــۆ بونیادی دیموکراتی بێ بوونی پارتی سیاســیی، هەوڵدانێکی بــێ ئاکام بــووە، لەبەر ئــەوەی خودی ئــەو هەوڵانەی بۆ بونیــادی دیموکراتی بێ بوونی پارتی سیاســیی دران، بوونە هۆکاری دروســتبوونی پارتی سیاسیی، لەمەش ســەیر تر خــودی ململانێی نێو لایەنگرانــی بوونی پارتی سیاســیی و نەبوونی پارتی سیاســیی بۆتە هۆکاری دروســتبوونی فرەلایەنــی سیاســیی لە کۆمەڵگەی دیموکراتیــدا، ئەمەش واتە ئەوانــەی دژی بوونی پارتی سیاســیی بوون کە لە کۆمەڵگە بوونی هەبێت، پاشان ئەم بیربۆچوونەی خۆیان لە چوارچیوەی حزبێکی سیاســیی ڕێکخســت و بوونە حزبێکی سیاسیی و لە پرۆسەی دیموکاتیدا ململانێیان لەسەر دەسەڵات دەکرد، ئێستا دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات دەکــەن، کەواتە کاتێك باســی گرنگی پارتی سیاسیی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دەکەین، مەبەستمان ئەوە نیە، بەرگری لەم حــزب یان ئەو حزب بکەیــن، بەڵکو باس لەوە دەکەیــن دیموکراتــی بەبێ بوونی پارتی سیاسیی دروست نابێت، ئەو لایەن و بزاڤ و بزووتنەوانەشی لەسەر بنەمای دژایەتیکردنــی بوونی پارتی سیاســیی دروســت دەبن، بیانەوێت یــان نەیانەوێت دەبێت خۆیان وەك قەوارەیەکی سیاسیی و حزبێکی سیاســیی ڕێکبخەن، واتە ئەگەر نــاوی حزبیش لە خۆیان نەنێن و بیانەوێت بە خەڵك بڵێن ئێمە حزبی سیاســیی نین، بەڵام هەیکەلی بزووتنەوەکــە یان قەوارە سیاسیەکە هەموو پرانسیپەکانی حزبێکی سیاســیی تێدایە، ئەوجــا هەیکەلی ئەم قەوارە سیاسیە جیاوازی لە هەیکەلی پارتە سیاسیەکانی ئێستای کوردستان هەیە یان نە، ئەمەیان مەســەلەیەکی دیکەیە لەبەر ئــەوەی هەیکەلی پارتە سیاســیەکان و سیستمی پارتایەتی لە جیهاندا هەمووی وەکو یەك نیە، بۆیە هنتگتۆن ڕاشــکاوانە ( پارتەسیاسیەکان وسیستمی پارتایەتی ) پێکــەوە وەك هۆکارێکی دامەزراوەیی بۆ ڕێکخستنی بەشداری فراوانی جەماوەری لە پرۆسە سیاسیەکەدا لەقەڵەم دەدات.

کەواتە دەکرێت ئەرکی پارتی سیاســیی کاریگەر لــە کۆمەڵگــەی دیموکراتی، بە هۆکارێك و پاڵپشــتێك بــۆ متمانەی هاوڵاتیان دابنێن کە متمانە بە سیســتمە دیموکراتیەکــە بــدات و ئــەم متمانەیە هۆکارێك بێت بۆ بەهێز کردنی سیستەمە دیموکراتیەکە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە پارتی سیاسیی چۆن دەتوانێت ئەم ڕۆڵە گرنگە بگێرێت؟ لەوەڵامدا دەڵێین ئەم ڕۆڵە گرنگە پشت دەبەستێت بە:

١- هەیکەلــی پارتــە سیاســیەکان و ڕێکخستنی پارتە سیاسیەکان.

٢- ململانێی پارتەکان لە هەڵبژاردنەکان.

٣- ڕۆڵــی پارتــە سیاســیەکان وەك ئۆپۆزسیۆن.

٤- ڕۆڵی پارتە سیاســیەکان وەك پارتی دەسەڵات.

هەریەك لەم خاڵانــەی ئاماژەمان پێکرد، شێواز و ئەدای پارتە سیاسیەکان لە بونیادی دیموکراتی دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانکاریەی لە ئەدای پارتە سیاسیەکانیش دەردەکەوێت، هەندێك جار بە هەڵــە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و لەبری ئەوەی وتووێژو باســەکان بەو ئاراستەیە بن، هۆکار و هەڵەی خراپی ئەدای ئەم پارت یان ئەو پارتی سیاسیی لە پرۆســە دیموکراتیەکــەدا چیە؟ دێن هێڵێکی ڕاســت و چەپ بەســەر بوونی پارتە سیاســیەکاندا دەهێنین . مەترسی ئــەم ڕەتکردنەوە ڕەهایــەی بوونی پارتی سیاســیی لە بێ وەڵامی ئەو پرســیارە گرنگەدایە، ئایا ئەگەر حزبە سیاسیەکان لە کۆمەڵگــەی دیموکراتی بونیان نەما، بەدیلی حزبە سیاسیەکان چین؟ ئەگەر بە وردی لەسەر ئەم پرسیارە هەڵوەستە بکەین و وردبینەوە داڕشــتنی پرسیارەکە چۆنە، لەبەر ئــەوەی ئێمە باســی کۆمەڵگەی دیموکراتــی دەکەین و دەڵێین ئایا بەدیلی پارتە سیایەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی چین؟دەبینیــن هیچ وەڵامێکمان دەســت ناکەوێت و بێجگە لەو وەڵامەی کە خودی پرۆســە دیموکراتیەکە نەفی دەکات، یان جاڕی مردنی دیموکراســی لە کۆمەڵگە دەدات، ئەمەش مانــای ئەوەیە کە پارتە سیاســیەکان نەمان کۆمەڵگەیەك نامێنێ نــاوی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی بێت، ( لە پێشەوە ئاماژەمان بەوەکرد کە دیموکراتی بێ بوونی پارتی سیاسیی زۆر دەگمەنە، بۆیە ئەم باسە کاری بە مۆدێلی دەگمەن نیە)، مەبەستیشــمان لــە کۆمەڵگەی دیموکراتی ئــەو کۆمەڵگانە نیە کە هەر چوار ساڵ جارێك سندوقی هەڵبژاردنی تیا دادەنرێت، بەڵکو مەبەستمان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەو کۆمەڵگەیەیە:

* کۆمەڵگــەی ســەروەری یاســا و یەکسانبوونی هەموان لەبەردەمی یاسادا.

* ئــەو کۆمەڵگەیــەی کــە مــاف و موڵکداریەتی تاك تیایدا پارێزراوە.

* ئــەو کۆمەڵگەیەی ڕێز لە بنەماکانی مافی مرۆڤ دەگرێت و ڕێز لە ئازادییەکان و ئازادی ڕادەربڕین و چالاکی سیاسی و مەدەنی دەگرێت.

هەوڵدان بۆ گەیشــتن بــەم کۆمەڵگایە (کۆمەڵگــەی لیبــرال دیموکراتــی)، فۆکۆیاما ناوی لێناوە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە کۆتایی مێژوو، واتە هەوڵدان بۆ گەیشتن بەو قەناعەتەی کە لە کۆمەڵگەی لیبرال دیموکراتیدا بیجگە لــە ئازادی مرۆڤ ئامانجێکــی دیکە نیە، هیــگڵ دوای شۆڕشی فەرەنسا جاڕی کۆتایی مێژووی دا، لەبــەر ئەوەی بنەماکانی شۆڕشــی فەرەنسا جاردانی ســەرکەوتنی لیبرالیزم بوو، لە ســاڵی ١٩٨٩ ش کــە دیواری بەرلین ڕووخــا، فۆکۆیاماش بە ڕووخانی دیواری بەرلین جاری سەرکەوتنی لیبرال دیموکراتــی، وەك دوایین سیســتەمە کە مرۆڤایەتی پێگەیشتووە و بەدیلی نیە، بە کۆتایی مێژوو ناوبرد، لەگەڵ ئەوەی ئەم چەمکەی فۆکایامــا و ئەوەی هیگلیش تائێســتاش جێگەی مشتومر و موناقەشە فەلەسەفی و فیکریەکانن، بەڵام وێڕای ئەو هەموو ڕەخنانەی ئاراستەی ئەم چەمکە

**لە دەوڵەتانی ئەورپای ناوەراست حزبێک نیە بیەوێت مۆدێلی ئەفغانستان یان میسر لە کۆماری چیک و پۆڵەندا و هەنگاریا و سلۆڤاک و سلۆڤینیا دووبارە بکاتەوە**

دەکرێت لە رووی تیۆریەوە، بەڵام ئێستاشی لە گەڵدا بێت مرۆڤایەتی لە سیستەمی لیبرال دیموکراتی باشتر بەرهەم نەهێناوە، ئەو سیستەمەی کە بناخەکەی سەروەری یاسایە و کۆڵەگە سەرەکیەکانی ئابوری بازار و پارتەسیاسیەکانن، ئەم ئاماژە کورتە بۆ ئەوە نیە خۆمان بخەینە ناو ئەو باسە ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی وردەکاریەکانی باسە سەرەکیەکەمان لەبیر دەباتەوە، تەنها مەبەستی ئێمە لەم ئاماژەیە بۆ ئەوەبوو، کەبڵێین ئەوە پارتە سیاسیەکانن کە دەتوانن سیستمی سیاسیی و حکومرانی کوردستان بەرەو ئەو سیستەمە دامەزراوەیە بەرن، کە هیگل و فۆکۆیاما ناویان لێناوە کۆتایی مێژوو، هەر پارتە سیاسیەکانیش دەتوانن سیستمی سیاسیی و حکومرانی کوردستان بەرەو سیستمی حکومرانی پاکستان و مۆریتانیا بەرن، کە خەڵك لەگەڵ ئەوەی کودەتای سەربازی پێ خۆش نیە، بەڵام رەتیناکاتەوە و لە رۆڵی پارتە سیاسیەکان بە باشتری دەزانێت.

مەترسیەکە کە ئەم باسە دەیوروژێنێت، ئەوەیە پارتەکان شمشێری دووسەرەن، دەتوانن کۆمەڵگە بەرەو باشی و بەرەو خراپیش ببەن، دەتوانن هۆکارێك بن بۆ ئەوەی هاوڵاتیان متمانە بە سیستەمە دیموکراتیەکە بکەن و بەهێزی بکەن، دەتوانن هۆکارێکیش بن بۆ ئەوەی هاوڵاتیان متمانە بە سیستەمە دیموکراتیەکە نەکەن و سیستەمەکە بەرەو لاوازی بچێت.

## ئەدای پارتە سیاسیەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا

کێشەی سەرەکی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم و دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست و ئەو دەوڵەتانەشی لە قۆناخی بونیادی دیموکراتیدان ئەوەیە، کە هێندەی گوێ بۆ راو بۆچوونی شارەزا و پسپۆری بیانی دەگرن هێندە لەسەر واقیع و باری سیاسیی و کۆمەڵایەتی وڵاتی خۆیان هەڵوەستە ناکەن، هەر بۆ نموونە کاتێك باسی مەترسی پارتێکی ئایینی لە کۆمەڵگایەکی رۆژهەڵاتی دەکرێت، یەکسەر پسپۆرانی بیانی بەو جۆرە وەڵامت دەدەنەوە، پارتی ئایینی مەترسی بۆسەر دیموکراتی دروست ناکات، بە نموونە پێت دەڵێت ئەی ئەوە نیە لە ئەوروپای رۆژئاوا چەندین پارتی دیموکراتی مەسیحی هەن و مەترسیشیان دروست نەکردووە، ئەوە نیە چەندین گروپ و تاقمی ئیسلامی بۆ نموونە ئەبو حەمزەی میسری لە لەندەن چالاکی سیاسیی دەکات و هیچ مەترسیەکیشی بۆ دیموکراتیەتی بەریتانیا نیە، چەندین ساڵ ئیمام خومەینی لە فەرەنسا نەبوو، کاتێك باسی مەترسی پارتێکی ئایدۆلۆژی چەپ یان راست دەکەین و پێیان دەڵێین ئەمانەش بۆ کۆمەڵگەکانی هاوشیوەی ئێمە جێگەی مەترسین، لە وەڵامدا دەڵێین ئەی ئەوە نیە هەموو حزبە سۆشیال دیموکراتەکان چەپن، ئەی ئەوە نیە لە ئەورپای ناوەراست پارتی چەپیش هەیە و کاریگەری نیە، هەموو ئەو وەڵامانەی ئەو پسپۆرە بیانیانە پێمان دەڵێین هەموویان راست و دروست، نە پارتی سیاسیی ئایینی، نەپارتی سیاسیی چەپ و راست مەترسی نین بۆ سەر دیموکراتی، بەڵام ئەوەی لەبیریان دەچێت، ئەو هۆکارەیە کە ئەمانە دەکاتە مەترسی، ئەویش نەبوونی سیستەم و کولتووری لیبرالیزمە لەو کۆمەڵگایانە، نەبوون و سیستەم و کولتووری لیبرالیزمیش، واتە نەبوونی هۆشیاری بۆ رێزگرتن لە ئازادی و سەروەری یاسا، بۆیە کاتێك ئەم کولتورە نەبوو، ئەو سەرکردە سیاسیانەی پێگەی پارتی سیاسیی لە کۆمەڵگە دیاریدەکەن، دەبنە سەرچاوەی پێدانی زانیاری ناراست بۆ بونیادی هۆشیاری سیاسیی، کە ئەم هۆشیاریە سیاسیەش بە ناراستی دروست بوو، دەبینین رەفتاری نادیموکراتیانەی پارتە سیاسیەکان بە رەفتاری دیموکراتیانەی رۆژئاوا پیشاندەدەن.

ئەم فاکتەرە زۆر گرنگە کەمتر لە ئەدەبیات و وتار و بۆچوونە سیاسیەکانی کوردستاندا ئاماژەی پێدەکرێت، راستە هەموو پارتە سیاسیەکان یەکێك لە ئامانجەکانیان هەوڵدانە بۆ بونیادی هۆشیاری سیاسیی لە کۆمەڵگە، بەڵام کاتێك واقیعی کۆمەڵگە لەبەر چاومان وندەبێت، یان ونی دەکەین و نامانەوێت بیبینین، دەبینین ئەو زانیاریانەی حزب بۆ بونیادی هۆشیاری سیاسیی دەیداتە کۆمەڵگە، زانیاری هەڵەن، بۆیە بە هۆشیاری سیاسیی هەڵە، مامەڵەی هەڵە لەگەڵ واقیع و دامەزراوە سیاسیی و حکومیەکانی وڵات دەکرێت وسەرەنجامیش لەبری ئەوەی هەنگاو بەرەو دیموکراتی بچینە پێشەوە دەبینن، یان بەرەو دواوە دەگەرێنەوە یان لە باشترین حاڵەتدا پێرەوکە (راوح) دەکەین، لەوانەیە هەندێك بڵێن باشە ئەم هەموو هۆکارەی ئەم باسە دەیوروژێنیت، پارتە سیاسیەکان یەکێکن لە هۆکارەکان، بۆچی هەمووی گرێداتەوە بە پارتە سیاسیەکانەوە؟ بێگومان ئەم پرسیارە هیچ وەڵامێکی نابێت، ئەگەر ئەم راپۆرتە ئەوەی لەبیر بچێتەوە کە ئەم راپۆرتە شرۆڤەی باری سیاسیی ئێستای هەرێمی کوردستان دەکات، واتە واقیعی کوردستان لەبەر چاوی خۆی لابدات و بەدوای مۆدیلی پیادەکراوی وڵاتانی دیکە بکەوێت، بۆیە پێش ئەوەی ئەم راپۆرتە وەڵامی ئەو پرسیارە گرنگە بداتەوە، بە خوێنەرانی خۆی دەڵیت، ئێمە باسی کوردستان دەکەین، نەك دەوڵەتێکی دیکە، ئەوجا ئەو دەوڵەتە پۆست کۆمونیست بێت، یان دەوڵەتێکی تازە پێگەیشتوو بێت، یان دەوڵەتێکی پێشکەووتووی رۆژئاوا بێت.

مەبەست لە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ئەم راپۆرتە باسی کوردستان دەکات، ئەوەیە واقیعی هیچ وڵاتێك لە وڵاتێکی دیکە ناچێت، راستە سوود لە ئەزموونەکان وەردەگیرێت، بەڵام هیچ ئەزموونێك کۆپی ناکرێتەوە، خوێنەرانی ئەم راپۆرتە دەتوانن ئەم پرسیارە ئاراستەی ( Google) بکەن و لێی بپرسن ئایا چۆن لە هەرێمی کوردستانی عێراق دیموکراسی بونیاد بنێن؟ بێگومان دەبینن (Google) هیچ وەڵامێکمان ناداتێ، بشمان داتێ ئەو نووسینەمان دەداتێ کە ئێمە خۆمان وەك کوردستان نوسیوومانە یان وەك کوردستانی هەوڵمانداوە بۆمانبووسن، ئەمەیە ئاکامەکەی ( Google) پێمان دەڵێت، بونیادی دیموکراسی لە کوردستان ئەو وتارەیە دەبێت خۆتان بینووسن و کاری من نیە.، لی کوان یو سەرۆکی پێشووی سەنگافورا راشکاوانەتر دان بەم راستیەدا دەنێت و دەڵێت : ( هیچ کتێبێك نەبوو بیکەم بەسەرچاوە و سەنگافورای

**تەنها هەڵەیەک کەلەم ئەزموونەی دوای راپەڕین روویدا ئەوەبوو رێژەی ٧٪ دانرا، ئەم رێژەیە دەبوو نەبوایە یان ئەگەر هەشبوایە لە١٪ زیاتر نەبوایە**

**کێشەی ئێمە گۆڕینی ئەقلیەت و بونیادی ئەو کولتورەیە کە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ دیاردەی پارتایەتی و دامەزراوەکانی سیستەمی دیموکراتی بکەین**

لەسەر بونیاد بنێمەوە، بۆیە خۆم کتێبی بونیادنانەوەی سەنگافورام نووسی ) کەواتە ئێمەش لەم راپۆرتە لە واقیعی کوردستانەوە وەڵام بۆ ئەو پرسیارە دەدۆزینەوە کە ( Google) ناتوانێت وەڵامی بداتەوە و دەڵێین: ( سەرچاوەی بونیادی هۆشیاری سیاسیی لە هەرێمی کوردستان هەتا ئێستاش پارتە سیاسیەکانە، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکان پاشکۆی پارتە سیاسیەکانن، حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆن تەنها پارتە سیاسیەکان، بۆیە ئەگەر ئەمانە هەمووی بەسەرچاوەی زانیاری بۆ بونیادی هۆشیاری سیاسیی دابنێین و بمانەوێت لەسەر بنەمای ئەم هۆشیاریە سیاسیە بونیادی سیستەمێکی لیبرالی دیموکراتی بنێن، دەبێت لەسەرچاوەی سەرەکیەوە دەست پێبکەین کە پارتە سیاسیەکانن، راستە سەرچاوەی دیکەی هاریکار بۆ پرۆسەی بونیادی هۆشیاری سیاسیی هەن وەك( رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوە جەماوەریی و پیشەیەکان) بەڵام لە واقیعی کوردستان سەرچاوەی هەموو ئەو سەرچاوانەی دەبێتە هۆکارێك بۆ پیدانی زانیاری بۆ بونیادی هۆشیاری سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا پارتە سیاسیەکانن، تەنانەت میدیاش لە کوردستان کەبەشی هەرە زۆری حزبیە و بەوانەشی بە خۆیان دەڵێن سەربەخۆ و ئەهلی، هێڵە گشتیەکانی سیاسەتی کارکردنیان ئەو زانیاریانە دادەڕێژێت کە لە حزبە سیاسیەکانی وەردەگرن) ئەم حاڵەتەی ئێستا لە کوردستان هەیە، لەوانەیە هاوشێوەی ئەم حاڵەتە لە هەندێك وڵاتی ئەمریکای لاتینی و دەوڵەتانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت هەبێت، بەڵام دەقا وەدق حاڵەتی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان و شێوازی سیستەمی پارتەکان و هەیکەلی پارتە سیاسیەکان نیە، کە دەڵێین نیە، مەبەستمان ئەوە نیە کە بڵێین پارتە سیاسیەکان و سیستەمی پارتایەتی لە وڵاتی ئێمە زۆر دواکەتووە و کەڵکی ئەوەی پێوەنیە قسەی لەسەر بکرێت، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کێشە و کەموکورتیەکانمان و پێشکەوتن و سەرکەوتنەکانیشمان لە دەوڵەتانی دیکە ناچێت، هەر بۆنموونە، ( پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی بەپێی ئەو ئەزموونەی ١٨ ساڵە لە حوکمرانی کوردستان پیادەی دەکەن، ئامانجیان ئەوەیە دوو حزبی گەورە هەبێت بۆ دەستاو دەستکردنی دەسەڵات و چەند حزبێکی بچووك هەبن بۆ راستکردنەوەی پارسەنگی سیاسیی، واتە تەنها پارتی و یەکێتی دەستاو دەستی دەسەڵات بکەن و چەند حزبێکی بچووکیش هەبێت، پارسەنگی خۆیانی پێ راست بکەنەوە، ئەم شێوازە لەو روانگەیەوە لەوانەیە بەباش دابنرێت، کە مێژووی سیستەمی دووپارتی گەورە سەقامگیری دروست دەکات، بەڵام رووییەکی سلبیشی هەیە رۆڵی پارتە بچووکەکان بێ بایەخ دەکات، هەرچی حزبە ئیسلامیەکانی کوردستانە ئەوان بەئاشکرا ئامانجیان ئەو دیموکراتیە لیبرالیە نیە کە ئێمە لەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکردووە، لە ناوخۆشیاندا دیدێکی هاوبەشیان بۆ مۆدێلێکی دیموکراتی دیاریکرا و نیە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە پارتە ئیسلامیەکان نەگەیشتوونە دەسەڵات تا بزانین چۆن دیموکراتیەك پیادە دەکەن، ( پارتی عەدالەت وتەنمیەی تورکی پارتێکە، پاشخانێکی ئیسلامی هەیە، بەڵام خۆی ناڵێت من پارتێکی ئیسلامیم و دەمەوێت یاسا بەپێی شەریعەتی ئیسلام دابنێم، پارتی عەدالەت و تەنمیە دەستووری عەلمانی تورکیا پیادە دەکات و لەگەل سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلیش کۆدەبێتەوە ) بۆیە ئاراستەی هەنگاو هەڵگرتنی ئیسلامیەکان بۆ دیموکراتی ئاشکرا نیە و برواشیان بە سیستەمی لیبرال دیموکراتی و تاکەیەتی کۆمەڵگە نیە، هەرچی لیستی گۆران و کۆمپانیای وشەشە، بەراستی تائێستا نازانرێت بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت، نازانین ئایا بە نیازە مۆدێلی چین دووبارە بکاتەوە یان مۆدێلی فەنزویلا، لەگەڵ ئەوەی هەندێك جار بە مۆدێلی هۆڵەندا ختوکەمان دەدەن، بەڵام وەك خۆیان بانگێشە بۆ خۆیان بەو ئاراستەیە دەکەن، دەیانەوێت پارتی سیاسیی و حوکمڕانی لێکجیابکەنەوە، زیاتر ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە روو لە ئەزمووی چین بکەن، کە جیهان نەك هەر بە ئەزموونێکی دیموکراسی نایزانێت، بەڵکو لە رووی سیاسیەوە بە ئەزموونێکی فاشیل ناوی دەبەن)ئەمەیە کاتێك باسی پارتەکان و سیستەمی پارتایەتی لە کوردستان دەکەین دەبێت واقیعی خۆمان لەبەر چاو بگرین و بزانین چۆن هەنگاو هەڵدەگرین، خۆ ئەگەر بۆ نموونە لاسایی دەوڵەتانی پۆست کۆمونیستەکانی ئەوروپای ناوەراستمانکردەوە، ئەوا خۆمان تووشی هەڵە دەکەین، لەبەر ئەوەی لە دەوڵەتانی ئەوروپای ناوەراست حزبێك نیە بیەوێت مۆدێلی ئەفغانستان یان میسر لە کۆماری چیك و پۆڵەندا و هەنگاریا و سلۆڤاك و سلۆڤینیا دووبارە بکاتەوە، ئەگەر بمانەوێت لە پارتەکان وسیستەمی پارتایەتی ئەمریکای لاتینیەوە خۆمان بخوێنینەوە، دەبینین کێشەی ئەو دەوڵەتانە ئەوەیە لە ئاراستەی هەنگاو هەڵگرتنیان بۆ دووبارە کردنەوەی مۆدێلی پورتوگال و ئیسپانیا شکستیان هێناوە، ئەوا ئاراستیەکی دیاریکراویان هەیە و دەزانن بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرن و لە خراپترین حاڵەتدا ئەگەر ئاراستەی یەکەمیش ونبکەن، ئاراستەی مۆدێلی بینۆشی لە چیلی دەگرن، کە ئەویشیان هەر سەرەتای بونیادی بنەماکانی لیبرالیزمە، ئێستا هەموو جیهان رەخنە لە هۆگۆ شافێز سەرۆکی فەنزویلا دەگرێت، بەڵام ئامانجی شافێز دووبارە کردنەوەی ئەزموونی میسر و قەتەر و ئەفغانستان نیە، راستە کەموکوری هەیە، بەڵام لەسەر رەهەندی دوور کەموکورتیەکان نابنە مەترسی راستەقینە لەسەر سیستەمە دیموکراتیەکە، لە کوردستان هەندێك کەموکورتی لە ئەدای پارت و قەوارە سیاسەکاندا بوونی هەیە، ئەگەر چارەسەر نەکرێن لەسەر ئاستی رەهەندی دوورمەودا دەبنە مەترسی راستەقینە لەسەر دیموکراسی کوردستاندا، هەندێك ئاکامی لێدەکەوێتەوە کە بە دیدی ئەم راپۆرتە بریتی لە:

* لەبری ئەوەی هەنگاو بۆ سیستمێکی نوێنەرایەتی پەرلەمانی هەڵبگرین، زەمینەی دەرکەوتنی پۆپۆلیستێك دەرەخسێت کە بەهای پارتی سیاسیی لە

سیستەمی دیموکراتیدا ناهێڵیت.

* لەبری ئەوەی هەنگاو بۆ ئابوریەکی بازاری پتەو هەڵبگرین، هەنگاو بەرەو ئابوریەکی شلۆق و بەرەڵڵا هەڵدەگرین.

* لەبری ئەوەی هەوڵەکانمان بۆ قەلاچۆکردنی گەندەڵی بێت، خۆمان سەنگەری گەندەڵی دەکەینە سەنگەرێکی پۆلاینی لەشکان نەهاتوو.

* لەبری ئەوەی هەنگاو بەرەو دەوڵەتێکی سەرکەتوو هەڵبگرین، لە دەوڵەتی فاشیل نزیکدەبینەوە.

ئەم ئاکامانەی ئاماژەمان پێکردن، مەرج نیە لە دەوڵەتانی دیکە هۆکارە سەرەکیەکەی حزب و ئەدای حزب بێت لە کۆمەڵگەدا، بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمە هۆکارە سەرەکیەکەی حزب و ئەدای حزبە لە کوردستاندا، بۆیە کەلەم چوارچێوەیەدا بمانەوێت هەنگاو بۆ هەر ئاراستیەك هەڵبگرین، واقیعی کوردستان دەمانگێڕێتەوە بۆ رۆڵی حزب و ئەدای حزب لە کوردستاندا. ئەمەیە وامان لێدەکات بایەخێکی زیدە گرنگ بە خۆنوێکردنەوەی پارتەکان و رێکخستنەوەی هەوڵەکانیان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ رەوتی دیموکراتی و بونیادی دیموکراتی بدەین.

## چۆن پارتە سیاسیەکانی کوردستان دەتوانن خۆیان نوێ بکەنەوە؟

لایەنێکی ئیجابی کە پێویستە بۆ رۆڵی پارتە سیاسیەکانی کوردستان ئێمەو نەوەکانی داهاتووش شانازی پێوە بکەین ئەوەیە، کە بەرەی کوردستانی بەگشتی وپارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەتایبەتی، دوای ساڵی ١٩٩١ و دەستپێکی پرۆسەی حوکمرانی، نە مۆدیلی حزبە حوکمرانەکانیان لە مێژووی عێراقدا دووبارە کردەوە، نە مۆدیلی حزبە حکومرانەکانی دەوڵەتانی دەوروبەریش، بەڵکو بۆ یەکەمین جار لە مێژووی دەوڵەتانی پۆست کۆلۆنییالیزم مۆدیلێکی تازە پیادەکرا، ئەویش پیادەکردنی هەڵبژاردن بوو، تەنها هەڵەیەك کەلەم ئەزموونەی دوای راپەڕین روویدا ئەوەبوو رێژەی ٪.٧ دانرا، ئەم رێژەیە دەبوو نەبوایە یان ئەگەر هەشبوایە لە٪.١ زیاتر نەبوایە، بۆیە ئەم هەڵەیە بووە هۆکاری ئەوەی ئەو دەنگانەی کە ئەو لایەنە سیاسیانە لە خوار رێژەی لە ٪.٧ ەوە هێنابوویان جارێکی دیکە بەسەر پارتی و یەکێتی دابەشکرایەوە، ئەمە لەرووی یاسایی و تەنانەت ئەزموونی دەوڵەتانی دیموکراتیەوە هیچ کەموکورتیەکی نیە، بەڵام بۆ واقیعی دەستپێکی دیموکراتی لە کوردستان دووچاری هەڵەی کردین، ئەوەشی ئەم هەڵەیی زەقتر کردەوە، شێوازی چارەسەر کردنی هەڵەکەبوو، لەبری ئەوەی رێژەکە لاببرێت و لایەنەکانی دیکەی ناو بەرەی کوردستان وەك پارسەنگی هێز لە نیوان پارتی و یەکێتی لە پەرلەماندا بوونیان هەبێت، هاتن هێندەی دیکە دەسەلاتی پارتی ویەکێتیان پتەو تر کرد، سیستەمی فیفتی فیفتی هێنایە ئاراوە، ئەم ئەزموونە کۆمەڵێك دەرهاویشتەی خراپی بەدوای خۆیدا هێنا:

* حزبە سیاسیەکانی ناو بەرە هەندێکیان بیریان لەوەکردەوە خۆیان هەڵبوەشێننەوە.

* هەندێکیان دوای خۆ هەڵوەشاندنەوە خۆیان دروستکردەوە.

* کێبرکێی نێوان پارتی و یەکێتی بەئاستێك توند کرد، هەر زوو لە ناو پەرلەماندا پەرلەمانێکی دیکە دروست بوو، لە ناو حکومەتدا حکومەتێکی دیکەی دروست.

* ئەم کێبرکێەی نێوان پارتی و یەکێتی بێزاری و بۆشایی دروستکرد. کە ئەمە زۆر حاڵەتێکی خراپی هێنایە پێشەوە، لەبەر ئەوەی هێزی نادیموکراتی و پارتی کارتۆنی دەرکەوتن، خۆ ئەگەر ئەو سیستەمە پارتایەتیەی لە شاخ و لە قۆناخی خەباتی چەکداری لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانی پێکهاتبوو دوای هەڵبژاردن تێکنەچووبایە، ئەو بۆشاییە ئەوا بەزەقی دروست نەدبوو، کە حزبی ئیسلامی و کارتۆنی پریبکەنەوە، ئەگەر حزبە بچووکەکانی ناو بەرە بمانایە، حزبی ئیسلامی دروستیش ببوایە سەنگێکی ئەو تۆیان نەدەبوو.

* ئەمانەی ئاماژەمان پێکردن هەموویان لە ئاکامی هەڵەی رێژەی ٪.٧ و هەڵەی چارەسەرکردنی هەڵەکە دروست بوون و تەشەنەی کرد هەتا شەری ناوخۆی دروستکرد.

* شەری ناوخۆش هۆکارێکی دیکە بوو بۆ دروستبوونی بۆشایەکی دیکە، راستە لە ئاکامی شەڕی ناو خۆ بۆشایی هەر دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی بمانایە لایەنی دیکە پریندەکردەوە و گەشەیان نەدەکرد.

کەواتە ئەوەی لێرەدا گرنگە چۆن لەبەر رۆشنایی ئەم واقیعە هەنگاو بۆ چارەسەری گونجاو هەڵدەگیرێت، ئایا حزبە سیاسیەکان بەتەنها خۆیان دەتوانن ئەو کارە بکەن و کۆبوونەوەی مەکتەب سیاسیی گرێبدەن ؟ یان پێویستە پەرلەمان و حکومەتیش چوارچێوەیەك بۆ ئەو خۆنوێکردنەوەیە دابرێژێت؟ ئایا سەرچاوەی تەمویلی حزبی ئاساییە هەم حکومەت دابینی بکات و هەمیش حزبەکان بۆ خۆیان دەستکراوە بن لەم دەوڵەت و لەو دەوڵەت پەیدای بکەن؟ ئایا حزبە ساسیەکان دەبێت چوارچیوەیەکیان هەبێت لەسەر ئامانج وبەرژەوەندیە گشتیەکانی کوردستان یەکبگرنەوە؟ یان هەریەکەیان بە ئاراستەیەك بیربکاتەوە، وەك ئەوەی چۆن لە نەوەدکانی سەدەی رابردوو روویدا، لەگەرەکێك جەژن بوو لە گەرەکەی دیکە رەمەزان بوو؟بۆیە کێشەی پارتەکان و پارتایەتی لە وڵاتی ئێمە تەنها بەو قسە گشتگیرە تەواو نابێت، کە هەیکەلی پارتە سیاسیەکانمان هەیکەلێکی ستالینی هەیە و دەبێت ئەو هەیکەلە بگۆڕێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە گریمان هەموو هەیکەلی خۆیان گۆڕی بەڵام ئەگەر ئەقلیەت نەگۆڕێت چۆن بونیادی هۆشیاریەکی ساغلەم لە کۆمەڵگەدا دەنێین؟ کێشەی ئێمە تەنها کێشەی ئەوەنیە هەیکەلی حزبەکانمان ستالینین و حزبەکان بە ئەندام سیخناخ کراون، نەخێر کێشەی ئێمە گۆڕینی ئەقلیەت و بونیادی ئەو کولتورەیە کە بتوانێت مامەڵە لە گەڵ دیاردەی پارتایەتی و دامەزراوەکانی سیستەمی دیموکراتی بکەین، ئەمەیە فێرمان دەکات بڵێین، حزبی سیاسیی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی پیویستی بەوەیە:

١- حزب یان قەوارەی سیاسیی پێویستی بە پرانسیپێکی رێکخستنی دیموکراتیانەهەیە، واتە شیوازی بونیادی رێکخستنی حزب

دەستووری ئەڵمانیا رێگە بە حکومەت دەدات داوا لەسەر ئەو حزبە سیاسیانە تۆمار بکات کە رەفتارەکانیان دژە دیموکراتین و دژی بەرژەوەندیەکانی ئەڵمانیایە

وەك یەكێك لە دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی دیموكراتی بێت.

**٢-** دەبێت ئامانجی پەیرەوو پرۆگرامی حزب یان قەوارە سیاسیەكە گەیشتن بێت بە دیموكراسی، ئەو دیموكراسیەی دەستووری وڵات پێناسەی دەكات، نەك ئەو دیموكراسیەی حزبەكە پێناسەی دەكات.

**٣-** دەبێت و پیویستە حزب و قەوارە سیاسیەكان پرۆگرامێكی ئاشكراو روونیان هەبێت، واتە كاتێك ئۆپۆزسیۆنە دەبێت بەرنامەی خۆی بە خەڵك بڵێت، دەبێت هۆكار بێت بۆ خزمەتی خەڵك، نەك خەڵك بكاتە هۆكار بۆ گەورەبوونی خۆی، هەروەها كاتێك لە دەسەڵاتدایە دەبێت ئەوە بزانێت حكومەت بەیاسا هەڵدەسوڕێت، نەك بە راسپاردەی حزب، راستە بەرنامەی حكومەتەكە سیاسیەتی حزبی دەسەڵاتە، بەڵام ئەم سیاسیەتە بە یاسا جێبەجێ دەكرێت نەك بە فەرمان و راسپاردەی حزب.

**٤-** پیویستە حزبە سیاسیەكان ئەو قەناعەتەیان لا دروست بێت كە سەركردەكانیان و كادرە هەڵسوراوەكانیان پیویستیان بە گەشەپێدانی كولتوری دیموكراسی هەیە، بۆیە ئاساییە لە رێگەی حزبەوە كادرە پێشكەتوو و هەڵسوراوەكانیان بنێرێن بۆ ئەو خولانەی بۆ راهێنانی كادر و سەركردەی دیموكراتی دەكرێنەوە، بۆ ئەوەی رابهنرێن.، چۆن كادری هەڵسوراو سەركردەی حزب لە كۆمەڵگەی دیموكراتی رەفتار و چالاكی دەكات.

ئەم چوارچیوە گشتیە كە حزبە سیاسیەكان كۆدەكاتەوە، چوار چیوەیەكە دەكرێت پێی بگوترێت چوارچیوەی ئەو بەرژەوەندیە گشتیانەی هەموو لایەنە سیاسیەكان كۆدەكاتەوە، لەم چوارچیوەیەدا جیاوازی هەیە، ململانێ هەیە، هەندێك ناكۆكی توند هەیە، بەڵام دوژمنایەتی و سەیركردنی یەكتری بە دوژمن بوونی نیە، بۆیە لەبری ئەوەی زەمینە بۆ پێكدادان و یەكتری رەتكردنەوە دروست بێت، زەمینەی یەكتری قبوڵ كردن چارەسەركردنی كێشەكان بە رێگەی ئاشتیانە دروست دەبێت.

ئەم چوارچیوە گشتیە رێگە لەو هێزە نادیموكراتیانە دەگرێت لە كۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدەن، دەستووری ئەڵمانیا رێگە بە حكومەت دەدات داوا لەسەر ئەو حزبە سیاسیانە تۆمار بكات كە رەفتارەكانیان دژە دیموكراتین و دژی بەرژەوەندیەكانی ئەڵمانیایە، ئەم داوایە دەخرێتە بەردەم دادگای فیدرالی و دادگای فیدرالی ئەڵمانیا حزبەكە دادگایی دەكات، ئەگەر لەسەری سەلمێنرا دژی ئەو پرانسیپانەیە كە دەوڵەتی ئەڵمانیا پیناسەی كردووە، ئەو حزبە رادەگیرێت و بارەگاكانی دادەخرێت، ئەمە دژایەتیكردنی ئازادی رادەبرین و چالاكی سیاسیی نیە، بەڵكو ئەمە هەوڵێكە بۆ رێگرتن لە دەستدرێژی بۆسەر ئازادی رادەبرین و چالاكی سیاسی و رێزگرتنی بنەماكانی مافەكانی مرۆڤ.



باشە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر حزبێكی سیاسیی نازی لە ئەڵمانیا سەرهەڵبداتەوە و بچێتە دەسەڵات لە ئەڵمانیا و وەك سەردەمی نازی لە چێشتخانەكان بنوسرێت، سەگ و هاوڵاتی فڵان نەتەوە بۆی نیە بێتە ئەو چێشتخانەیە، ئایا ئەمە دیموكراتیە یان سوكایەتیكردنە بە هەموو مرۆڤایەتی لە جیهاندا؟

بۆیە زۆر گرنگە حكومەت و پەرلەمانی وڵات رێگە لەو هێزە نادیموكراسیانە بگرن، كە لە بۆشاییدا لە ناو كۆمەڵگە سەرهەڵدەدەن، زۆر گرنگە حكومەت و پەرلەمان رێگە لە پیناسەی ناجۆر بۆ سیستەمی دیموكراسیەتی وڵات بگرن،

**(نشره العربیه) نووسیبووی لەبەر ئەوەی لە سوریا كەشوهەوای دیموكراتی نیە و ئۆپۆزسیۆنێكی بەهێز نیە كە بتوانێت رژێمی سوریا بگۆرێت و سوریا بەرەو دیموكراتی وەرچەرخێت، باشترە رۆڵی حزبی بەعسی سوری وەک حزبی شیوعی چین لێبكرێت و ئەزموونی چین لە سوریا دووبارە بكرێتەوە**



ئەو سیستەمە دیموکراتیەی کە دەستووری وڵات پیناسەی کردووە، هەر بۆنموونە زۆر گرنگە رێگە نەدرێت شـۆڤێنییەکی وەك ئەسیل نجێفی لە شارێکی تێکەڵاوی وەك موسڵ بەناوی دیموکراتیەوە سوکایەتی بە پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو شـارە بکات و لەمەش گرنگتر ئەوەیە ئەو لایەنانەشـی بۆ بەرژەوەندی سیاسیی خۆیان بە جۆرێك لە جۆرەکان و لـە پیناوی دژایەتیکردنی لایەنێکـی سیاسـیی دیکـە، پشتگیری شـۆڤینیەکی وەك ئەسیل نجێفی دەکات رێگەی پێنەدرێت، گرنگە حکومەتی کوردستان و تێکرای لایەنە سیاسیەکان لەسەر پێناسەی بـاری دیفاکتۆی ئێسـتای کوردسـتان رێکبکەون، لەسەر سنور و چۆنیەتی ئیدارەکردنی هەرێمـی کوردسـتان رێکبکەون، ئەمە بەو مانایەی هەوڵبدرێت دەستووری عێراق بەو ئاراستەیە جێبەجێ بکرێـت کـە لانـی کەمی خواستەکانی ئێسـتا ی گەلی کوردستان بێنێتـە دی، نـەك بەو لایەنە جێبەجـێ بکرێت ئەوەی هەشـە لە دەستمان بچێـت، باشـترین نموونە لەمبـارەوە ئەوەیـە، دەستووری عێراق رێگـە دەدات هەموو هەرێمی کوردسـتان بـە ناوچە دابراوەکانیشەوە هەرێمێـك بێـت، هەروەها دەسـتووری عێـراق رێگەش دەدات هەر پارێزگایەك بە تەنیا هەرێمێـك بێت، لـە نێوان ئەم دوو حاڵەتە دەبێـت پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و تێکرای حزب و قەوارە سیاسیەکان ئامانجی خۆیان لەسـەر چۆنیەتی ئەم دوولایەنە رێپیدراوە دەسـتوورییە ئاشـکرا بکـەن و بیکەنە ئامانج و بەرژەوەندی هاوبەشـی هەرێمی کوردسـتان لە عێراقدا، ئـەم ئامانجەش لەدەسـتووری هەرێمدا دیـاری کرابێت، دوای ئەمـە ئەگەر لایەنێکی سیاسـیی لەم ئامانج و بەرژەوەندیە هاوبەشـە لایدا، هەقە وەك حکومەتی ئەڵمانیا، حکومەتی کوردسـتانیش داوای لەسەر تۆمار بکات و بیخاتـە بەردەم دادگای باڵای هەرێم و یاسا ئەم هەڵوێستە راسبکاتەوە.

**نوێکردنەوەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە پابەندبوون بە دیموکراسی و پیناسەی دیموکراسیەوە دەستپێدەکات**

کێشـەی سـەرەکی وڵاتـی ئێمـە بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان، هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی چارەسـەر لەنـاو دێری ئەو کتێبانەی لەسەر دەوڵەتانی دیکە نووسراون، بێگومان ئەوە کارێکی باشە ئەو نووسینانەی لەسەر ئەزموونی وڵاتان هەن بخوێنرێتەوە و بکرێتە کلیل بۆ کردنەوەی کێشـەکان و چرا بۆ بینینی کێشەکانی خۆمان، بەڵام پراکتیزەکردنی ئەو چارەسەرەی بۆ وڵاتێك کراوە بێنین دەقاو دەق وشـەکانی بگۆڕین لەبری حزبی بەرەی مقاوەمەی نیشتمانی ئۆگەنـدا (MRN) بگۆڕین بە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و رەفتارەکانی (MRN)بکەین بە رەفتاری پارتی و یەکێتی تەنها لەبەر ئـەوەی (MRN) لـە ئۆگەندە حزبی دەسەڵاتە و پارتی ویەکێتیش لە کوردستان حزبـی حکومڕانـن، ئەمـە خیانەتە لە پێدانی ئەو زانیاریە دەکرێت کە هۆشیاری سیاسـیی لە کۆمەڵگەی کوردسـتاندا لەسـەر بونیاددەنرێت، نموونەیەکی دیکە کە ساڵی پار بەحسـاب سیاسەتمەدارێك و سـتراتیژزانیکی کوردسـتان پەنای بۆ بردبوو بـۆ خوێندنەوەی ژیانی پارتایەتی و سیسـتمی پارتایەتی لەکوردستان، زۆر نابەرپرسـانە نووسیبووی تەنها لە سوریاو کوردسـتان حزب و حکومەت تێکەڵکراوە، ئەگەر هەڵە نەبین، ئەو نووسـینەی ئەو برادەرە کردویەتی بەسـەرچاوە بۆ ئەو رایە جوانەی، دیراسەتێکی ئامۆژگای عەرەبیە، کەمانگانە بڵاوکراوەیەکی عەرەبیان هەیە

**لایەنە ئیسلامیەکان کە خاوەنی سەتەلایت و رۆژنامە و گۆڤار و رادیۆی خۆیانن، هەموو ئامانجیان ئەوەیە لە کوردستان هۆشیاری سیاسیی بەو ئاراستەیە دروست بێت کە تاکی کوردستانی مۆدیلی دیموکراتی رۆژئاوا بە فاشیل بزانێت و لێی دووربکەوێتەوە و مۆدیلی ئەفغانستانی سەردەمی تاڵیبان و حکومرانی ئێستای سعودیەو میسر و سۆدان و مۆریتانیای بەسەرکەتوو بزانێت**

به ناوی ( نشره العربیه) لەو بڵاوکراوەیە ئەم دیراسەتەی ئامۆژگای ناوبراو کراوە بە عەرەبی و تیایدا نووسیبووی لەبەر ئەوەی لە سوریا کەشوهەوای دیموکراتی نیە و ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز نیە کە بتوانێت رژێمی سوریا بگۆڕێت و سوریا بەرەو دیموکراتی وەرچەرخێت، باشترە رۆڵی حزبی بەعسی سوری وەك حزبی شیوعی چین لێبکرێت و ئەزموونی چین لە سوریا دووبارە بکرێتەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی دەستی حزبی بەعسی سوری لەناو ئابوری سوریا کەمبێتەوە و سوریا هانبدرێت بەرەو کرانەوەی ئابوری بچێت، خوێنەرانی ئەم راپۆرتە سەرنج بدەن، راپۆرتەکە چەندین تایبەتمەندی سوریای لەبەر چاو گرتووە، دەزانێت لەسوریا سیستەمێکی تاکحزبی زاڵ بوونی هەیە، دەزانێت، رێگە بە میدیای ئازاد و فرە حزبی نادرێت، دەزانێت لە دەرەوەی سوریاش ئۆپۆزسیۆنێك نیە پشتی پێ ببەسترێت، ئینجا داوا دەکات بەناچاری واز لە کرانەوەی سیاسیی بهێنرێت و هەنگاو بۆ کرانەوەی ئابوری هەڵبگیرێت، واتە کێشەی سوریا ئەوەیە سوریا لەرێگەی ئابوریەوەو گۆڕانکاری تێبکەوێت، لەمەش سەیرتر سیاسەتمەدارێکی دیکە، بۆ ئەوەی ئایدۆلۆژیەتەکەی خۆی بە جیاواز رەنگبکات، دوای ئەوە گوتی هیچ جیاوازیەك لە نیوان سەرکردایەتی فلان لایەنی سیاسیی و مەجلیسی قیادەی سەورەی بەعس نیە، ئێمە لەم دوو نموونەیە هەقمان بەسەر ئەوەوە نیە، ئەم دووحاڵەتە بۆچ مەبەستێکی سیاسیی بەو شێوەیە دەربڕاون، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ئایا دەبێت ئەو هۆشیاریە سیاسیەی لەسەر ئەم بنەما جوانە بونیاد دەنرێت چ ئاکامێکی لێبکەوێتەوە، هەندێك لایەنی سیاسیی دیکە بە تایبەتی لایەنە ئیسلامیەکان کە خاوەنی سەتەلایت و رۆژنامە و گۆڤار و رادیۆی خۆیانن، هەموو ئامانجیان ئەوەیە لە کوردستان هۆشیاری سیاسیی بەو ئاراستەیە دروست بێت کە تاکی کوردستانی مۆدیلی دیموکراتی رۆژئاوا بە فاشیل بزانێت و لێی دووربکەوێتەوە و مۆدیلی ئەفغانستانی سەردەمی تاڵیبان و حکومرانی ئێستای سعودیەو میسر و سۆدان و مۆریتانیای بەسەرکەتوو بزانێت و هەوڵیش بدات دووبارەی بکاتەوە.

باشە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئەم ئەقلیەتە نەگۆڕێت، حزبی سیاسیی چۆن دەتوانێت خۆی نوێ بکاتەوە؟ نوێکردنەوە چ مانایەکی دەبێت ئەگەر ئامانجی هاوبەشی هەموولایەك هەوڵدان نەبێت بۆ بونیادنانی دیموکراتی، بەڵام ئەو دیموکراتیەی کە دەستووری کوردستان پێناسەی کردووە؟ لە کوردستاندا چەندین حزبی سیاسیی هەیە بە شیوەی ئینتقائی سەیری دەستووری کوردستان دەکەن، ئەو لایەنەنانەی لەبەرژەوەندی حزبەکەی بێت هەوڵدەدات جێبەجێی بکات و ئەو لایەنانەی لەبەرژەوەندی حزبەکەنیە هەوڵدەدات پێشێلی بکات.

## ئەگەر حزبەکانی کوردستان بتوانن خۆیان نوێ بکەنەوە کلیلی هەموو کێشەکانی کوردستان دەدۆزرێتەوە

لەوانەیە ئەم ناونیشانە لاوەکیە تەنها بۆ واقیعی ئێمە راست بێت، هەر بۆنموونە تورکیا کە دەوڵەتێکی دراوسێی ئێمەیە، حزبە سیاسیەکان چەند خۆیان نوێبکەنەوە، نابنە کلیلی چارەسەری هەموو کێشەکان، هەتا دەستووری تورکیا هەموار نەکرێت، بەڵام بۆ کوردستان جیاوازە، ئەگەر حزب و قەوارە سیاسیەکان خۆیان بەو ئاراستەیە نوێکردەوە کە هۆکارێکن بۆ دیموکراتی و خۆشگوزەرانی زیاتری خەڵك نەك هۆکاریك بن بۆ بەکارهێنانی خەڵك و دژایەتیکردنی دیموکراتی، ئەوا گۆڕانکاریەك لە کوردستان روودەدات، کە دەکرێت چۆن دانیاڵ کۆفمان بەرێوەبەری بانکی نێودەوڵەتی لەقەڵاچۆکردنی گەندەڵی ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: کاتێك هەوڵەکان بۆ قەڵاچۆکردنی گەندەڵی دەخرێنە گەڕ، هەستدەکەیت سحرێك بەسەر کۆمەڵگە هاتووە، نازانیت چۆن لە پڕ داهاتی تاکەکەس بووە بەچەندین قاتی بەرابەر، نازانیت سیستەمی خوێندن چۆن بەو خێرایە مۆدێرنە بوو، نازانیت چۆن سیستەمی چاودێری تەندروستی بەو ئاستە پێشکەوت و هەموو هاوڵاتیانی گرتۆتەوە، هەروەها نازانیت چۆن بەو خێراییە سەرورەی یاسا چەسپاو هەموو پیەوەی پابەندبوون...)) ئێمە لەم راپۆرتە نوێبوونەوەی حزبەکان بە سەرچاوەی سەرەکی ئەو هەوڵە دادەنێین کە بۆ قەڵاچۆکردنی گەندەڵی دەخرێنە گەڕ، بەواتایەکی دیکە دەمانەوێت بڵێین ئەو سیحرەی کۆفمان لە ئاکامی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی ئاماژەی پێدەکات، لە کوردستان بە نوێبوونەوەی حزبەکان سیحرێکی زیاتر روودەدات بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١- نوێبوونەوەی حزبەکان هەرلەسەرەتاوە دەبێتە دەرکەوتنی ئەو هەوڵانەی بۆ قەڵاچۆکردنی گەندەڵی دەخرێنەگەڕ و روودانی ئەو سیحرەی کۆفمان ئاماژەی پێدەکات لە کۆمەڵگە روودەدات.

٢- نوێبوونەوەی حزبەکان دەبێتە هۆکاری ئەوەی سەرچاوەی هەمەجۆری زانیاری بۆ هۆشیاری سیاسیی و بونیادی رۆشنبیری بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی دیموکراتی دروستدەکات، هەموو سەرچاوەکانیش کە بریتی دەبن ( رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سەندیکا و رێکخراوە پیشەییەکان، پیاوانی کار، دامەزراوەکانی دەوڵەت) زانیاری دروست بە هاوڵاتیان دەدات بۆیە هۆشیاری سیاسیی و رۆشنبیری مامەڵەکردن لەگەڵ سیستەمی دیموکراتی لەسەر بنەمایەکی راست دروست دەبێت.

٣- ئەگەر حزبەکان خۆیان نوێبکەنەوە، سەرکردایەتی حزبە سیاسیەکان تەنها لەسەر پیاو تاپۆ نابێت، بازاری ئازاد وپۆستە حکومییەکان بەشی شێریان بۆ پیاو نابێت، واتە بەشداری سیاسیی و ئابوری و حوکمی ئافرەت دەگاتە ئاستی پیویست، ئەم حاڵەتە دەبێت کۆفمانێکی دیکە بە سیحرێکی دیکەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە پێناسەی بکاتەوە.

ئەگەر حزبەکان خۆیان نوێبکەنەوە، ئیدی کەس ناتوانێت شانازی بە دژایەتیکردنی دیموکراتیەوە بکات، کەس لە رووی نایەت بە هاوڵاتیانی کوردستان بڵێت ئەزموونی سیاسیی و حکومرانی سۆدان و سۆماڵ و مۆریتانیا لە ئەزموونی دەوڵەتانی ئەسەکەندنافی سەرکەتووترە.

**ئەگەر حزبەکان خۆیان نوێبکەنەوە، کەس لە رووی نایەت بە هاوڵاتیانی کوردستان بڵێت ئەزموونی سیاسیی و حکومرانی سۆدان و سۆماڵ و مۆریتانیا لە ئەزموونی دەوڵەتانی ئەسەکەندنافی سەرکەتووترە**

### ستیف چاس تایبەتمەند لە بواری پەرەپێدان بۆ گوڵان:

# دیموکراسی فرمانە، ناو نییە، پرۆسەیەکی چالاکە دەبێت بەردەوام نوێبکرێتەوە، بەرگری لێبکرێت و بەرفراوان بکرێت

**پرۆفیسۆر ستیف چاس پسپۆر و تایبەتمەندە لەبواری پەرەپێدان و ئوستادە لەزانکۆی نیو ئیگلاند، پرۆفیسۆر چاس یەکێکە لەو پسپۆرانەی کاری مەشق و راهێنان بۆ دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو دەکاتەوە، سەبارەت بە پەرەپێدان و چۆنیەتی بونیادی دیموکراتی و رۆڵی پاتە سیاسییەکان پرۆفیسۆر چاس بمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** سیستمی فرە حزبایەتی یەکێکە لە ڕەمزەکانی دیموکراسی، بەپێی تێڕوانینی ئێوە ئەرکی سیستمی فرە حزبایەتی چییە لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا؟**

- من باوەڕم وایە بۆئەوەی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە ببێتە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی، دەبێت هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لەبودجەی گشتی داراییان بۆ دابین بکرێت تاوەکو بەرژەوەندی کۆمپانیاکان و نوخبە دەوڵەمەندەکان باڵادەست نەبێت. لەوەش زیاتر، دەبێت بەردەوام داوابکرێت وێستگەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بێ بەرامبەر گفتوگۆ و مشتومڕی نێوان پاڵێوراوەکان پەخش بکەن. هەروەها باوەڕم وایە دەکرێت شێوەیەك لەنوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی و بنەمای «زۆرینە تێکڕای دەسەڵاتەکان دەبات» پیادەبکرێت بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیەکی باشتری ڕای گشتی بکرێت لە ناو دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانانندا. هەرچۆنێك بێت، من باوەڕم وانییە بوونی پارتە سیاسیە هەڵسوڕاوەکان لە چوارچێوەی سیستمێکی لەم چەشنەدا بەس بێت بۆ ئەوەی ببێتە زەمانەتێك بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی سەرکەوتو بۆ خەڵك و لەلایەن خەڵك و لەپێناوی خەڵکدا. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی دەرەوەی سیستمی سیاسیەکە پێکهاتەی سەرەکین بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی ڕاستەقینە. دیموکراسی ڕاستەقینە تەنها لە پرۆسەی دەنگدان، یان تەنانەت بنیاتنانی پارتەکاندا کورت نابێتەوە. دیموکراسی ڕاستەقینە بەشداری بەردەوام و چالاکانەی دەوێت لەبواری پێکهێنانی گروپەکان، خستنەگەڕی هەڵمەتەکان و فشاری جەماوەری. دەبێت مافی خەڵك لە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی کۆبونەوە بپارێزرێت بۆئەوەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی ڕاستەقینە بێتەئاراوە. لەوەش زیاتر، لەپێناو ئەداکردنی سیاسەتی نیشتیمانیدا ڕێگە بە خاوەندارێتی سەربەخۆ و قازانج نەویستی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بدرێت و نابێت بوار بدرێت بەرژەوەندی کۆمپانیا نوخبەکان، لەنێویاندا پارتی حکومڕان، باڵادەست بن بەسەر بواری پەخشکردنەوە.



ستیف چاس

*** لەکۆمەڵگە دیموکراسیە لیبڕاڵەکاندا پارتە سیاسیەکان کاروباری تاکەکەس و گروپە سیاسیەکان هەڵدەسوڕێنن لەسیستمە سیاسیەکەدا، هەروەها بەدیلی حکومەت دەخەنەڕوو و ئەجێندای حکومەتیش جێبەجێ دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت بڵێین لەکۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا بەدیل بۆ پارتە سیاسیەکان لەئارادا نییە؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، سیستمی فرەحزبایەتی دەکرێت بەو شێوەیە دابڕێژرێت کە کەمتر یان زیاتر دیموکراسی بن یان بوار بەنوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندیە جیاوازەکان بدرێت، بەڵام دیموکراسی ڕاستەقینە تەنها لەپرۆسەی دەنگدان و بوونی پارتە سیاسیەکاندا کورت نابێتەوە.

بەڵکو پێویستی بەکۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاکیش هەیە کە سەربەخۆبێت لەپارتە سیاسیەکان کە تێیدا خەڵك بەشێوەیەکی دەوری بەشداری لە چالاکیە مەدەنیەکان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و کاری گروپەکانی کۆمەڵگەدا بکەن. تەنانەت باشترین سیستمی هەڵبژاردنی فرەحزبایەتی پێویستی بەکۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاك و بەهێز هەیە کە دەتوانێت ببێتە ڕێنمایکار و دەسترۆیشتوو بێت لەسەر پارتەکان، بونیاد و سیاسەت و کاربەدەستانی حکومەت.

*** بۆئەوەی دەسەڵات و موعارەزە یەکتر قبوڵ بکەن، دەبێت کولتوورێکی دیموکراسی لەئارادابێت، هەروەها بۆئەوەی پارتە سیاسیەکان وەك دامەزراوەیەکی سیاسی مامەڵە لەگەڵ تاکەکەسەکاندا بکەن، ئەوا بەهەمانشێوە پێویستیان بەم کولتوورە دەبێت، لەکۆمەڵگەکانی دوای ڕۆژگاری کۆلۆنیالیزمدا پارتە سیاسیەکان کە پێشتر دژی کولتووری کۆلۆنیالیزم بوون، دوای ئەوەی بوونە پارتی حکومڕان بەهەمان کولتووریان پیادەکرد، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین لەهەلومەرجێکی لەم چەشنەدا کەلتورێکی دیموکراسی دروست بکەین؟**

- ئەو نیگەرانیەی لەئارادایە هۆکارێکی باشە بۆ پشتیوانیکردن لە سیستمێکی فرەحزبی عادیلانە کە بوار بەنوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی بدات بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ پارتەکان بۆ ئەوەی بتوانن لەئاستی خواست خەڵکدا بن و خۆیان لەگەڵ گۆڕانی ئیرادەی خەڵکدا بگونجێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەزموونەکانی تێکڕای جیهان ئەوەدەخەنەڕوو کە گۆڕانی کەلتوری سیاسی بەهەمانشێوە پێویستی بەچالاکی بەردەوامی کۆمەڵگەی مەدەنی و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە سەربەخۆکان هەیە. بەپێچەوانەوە، گۆڕینی کولتووری سیاسی کۆمەڵگە دەبێتە ئەرکێکی سەختتر. دەبێت خەڵکی هانبدرێن بۆ ئەوەی بەشداری لەپرۆژە قازانج نەویستەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بکەن، ئەو پرۆژانەی بایەخ بە دابینکردنی خزمەتگوزاری، پەروەردە، فریاگوزاری، ڕاوێژکاری یاسایی، لەگەڵ ڕێکخستنی کارگوزاران و ئەندامانی کۆمەڵگە دەدەن. ئەگەر خەڵکی باوەڕیان وابێت کە هەموی ئەوەیی پێویستیانە بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی، بریتیە لە بووونی پارتەکان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دەوری، ئەوا دەرفەتی دروستکردن و بنیاتنانی ئەو کۆمەڵگەیان لەدەستدەچێت کە پتر نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکیان دەکات و زیاتر تەرکیز لەسەر چاکەی گشتی دەکاتەوە. هەروەها کارێکی یارمەتیدەر دەبێت ئەگەر دەرفەتی پەروەردەی بە شێوەیەکی بەرفراوان بڕەخسێنرێت و گەنجان و پێگەیشتوانی نەتەوەکە بتوانن سوودە لەم دەرفەتانە وەربگرن و بەشێك لەو پەروەردەیەی کە جەخت لەسەر ئەم بەرنامەیە دەکاتەوە ئامانجی خوڵقاندنی دەرفەت بێت بۆ فێربونی بەهرەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، مشتومڕکردن، گفتوگۆکردن، چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان بەشێوەیەکی ناتوندوتیژ و چالاکی مەدەنی، هەروەها پەرەپێدانی ئەخلاقیاتی خزمەتکردنی کۆمەڵگە.

*** هەروەك شارەزایان باسی دەکەن، ئازادی ڕۆژنامەگەری، سیستمی فرەحزبایەتی و هەڵبژاردن بناخەی دیموکراسین، لەکۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵگە ئیسلامیەکانیشدا سیستمی فرەحزبایەتی بوونیان هەیە، بەڵام نابنەهۆی هێنانەدی دیموکراسی، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لەگەڵ بوونی سیستمی فرەحزبایەتیدا دیموکراسی لەم کۆمەڵگەیانەدا گەشە ناکات؟**

-لەکاتێکدا ئەگەر هەندێ لە وڵاتانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاوی گەورەتریان هەڵگرتبێت بەرەو حکومەتێکی نوێنەرایەتی بۆ خەڵك و لەلایەن خەڵکەوە و لە پێناوی خەڵکدا، ئەوا هیچ وڵاتێك نەیتوانیوە ئەم کارە بێ هیچ کەموکوڕیەکی ئەنجام بدات. ڕێگای بەدەستهێنانی دیموکراسی ڕاستەقینە ئەزمونکردن، بیرکردنەوە و تازەگەری بەردەوام لەخۆدەگرێت—هەروەها بۆ ئەنجامدانی خەباتی بەردەوام دژی ئەو نوخبانەی کە کەمینەیەکن و کۆشش دەکەن بۆ باڵادەستبون بەسەر ئابووری، حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنیدا لە پێناو ئامانجە تایبەتیەکانی خۆیاندا. لەوڵاتەکەی مندا، ئەمەریکا، ئێمە سیستمێکی هەڵبژاردنی لاوازمان هەیە کە تەنها پشتگیری لە بوونی دوو پارتی سیاسی دەکات، ئەمەش باڵادەستبونی کۆمپانیاکان لەخۆدەگرێت کە مەودای مشتومڕکردن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتەکەدا سنووردار دەکەن و سیستمی قەزائیش تەفزیلی پشتیوانیکردنی مافی کۆمپانیاکان دەدات بەسەر پاڵپشتی کردنی مافی خەڵکدا. هەموو ئەو دەستکەوتانەی لەڕابردوودا بەدەستمانهێناون لەبەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ڕزگاربون لەدەسەڵاتی ئیمپریالی، کۆتایی هێنان بەکۆیلەیەتی و زیادکردن و بەرفراوانکردنی مافی دەنگدانی زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتەکە، سنوردارکردنی پیسبوونی ژینگە و بەرگریکردن لەمافی ئازادی ڕادەبڕین و ئازادی کۆبونەوە--لەنێویاندا بەدەستهێنانی هەندێ لەمافەکان بۆ کرێکاران بۆ ئەوەی یەکێتی (سەندیکا) خۆیان هەبێت—ئەوا لە هەمان کاتدا ئێمە پێگەی خۆمان لەدەستدا لە بەرامبەر دامەزراوەی سیاسەتی دەرەوەدا کە دامەزراوەیەکی ئیمپریالیە، حکومەتێکی سەربازی/ پیشەسازی ئاڵۆز کە کۆمپانیاکان باڵادەستن بەسەریدا بەقووڵی بۆتەهۆی سنووردارکردنی ئاستی بەدیموکراتیبونی



دیموکراسی ڕاستەقینە بەشداری بەردەوام و چالاکانەی دەوێت لەبواری پێکهێنانی گروپەکان، خستنەگەڕی هەڵمەتەکان و فشاری جەماوەری

کۆمەڵگەی ئەمەریکی. ئێمە دەبێت بەردەوام بین لەخەبات و تێکۆشانمان بۆ دژایەتیکردنی ئەم کارە نارەویانەی سەرەوەوە و بۆ هێنانەدی ئەوەی دەستوری وڵاتەکە داوای دەکات «نەتەوەیەك کە زیاتر بەرەو کامڵبون بچێت.» دیموکراسی فرمانە، ناو نییە. دیموکراسی ئەو «شتە» نییە کە هەموو جارێك بتوانین بەدەستی بهێنن، هەروەها تەنها سیستمێکی ڕەسمی نییە کە فرە حزبی و هەڵبژاردنی دەوری لەخۆبگرێت.بەڵکو پرۆسەیەکی چالاکە کە دەبێت بەردەوام نوێبکرێتەوە، بەرگری لێبکرێت و بەرفراوان بکرێت.

*** لەکۆمەڵگە دیموکراسیەکانی ڕۆژئاوادا کاتێك پارتە سیاسیەکان لەهەڵبژاردنەکاندا شکستدەهێنن، توانای ئەوەیان هەیە دووبارە خۆیان بنیاتبنێننەوە و خۆیان ڕێکبخەنەوە، لەکاتێکدا لەوڵاتە تازە گەشەکردوە، پارتە سیاسیەکان ئەم توانایەیان نییە، هۆکارەکانی جیاوازی نێوان ئەم دوو حاڵەتە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

-ڕەنگە بەشێکی ئەم کێشەیە پەیوەندی بەشێوازی دارشتنی ئەو سیستمە فرەحزبیەی هەڵبژاردنەوە هەبێت کە پیادە دەکرێت لەوڵاتێکی دیاریکراودا. شێوازی دارشتنی هەندێ سیستم لەوانی دیکە باشترە. ڕەنگە بەشێکی پەیوەندی بەو کەلتورەوە هەبێت کە بوار بەگەندەڵی ڕەسمی دەدات کە لە هەندێ وڵاتدا کە بێ بەرەنگاربونەوە و بەگژداچونەوە کاری خۆیان دەکەن. هەروەها ڕەنگە بەشێکی پەیوەندی بە نەبوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز و سەربەخۆوە هەبێت کە بە شێوەیەکی باشی ڕێکخرابێت، یاخود بە سیستمێکی هەڵبژاردنی نادیموکراتەوە هەبێت کە پەیوەستن بە پارتێکی دیاری کراو یان گروپێکی نوخبەوە و ڕێگە بەلەرچاوگرتنی بیروبۆچونە جیاوازەکان نادات. هەندێ لە کۆمەڵگەکان لەلایەن دامەزراوەی سەربازی، یاخود هێزە سیاسیەکانەوە دووچاری داپڵۆسین دەبن ئەگەر بەشێك لە خەڵکەکە هەڵبستن بە ڕێکخستنی پارتێکی سیاسی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتدایە و سەرقاڵی ڕێکخستنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە سەربەخۆکانە. هەروەها زۆر یارمەتیدەر ئەگەر توانای خەڵك بۆ بەرهەڵستیکردنی دەسەڵاتی داپڵۆسینەری حکومەت بەهێزبکرێت لە ڕێی بەشداربونیان لە هەڵمەتە جەماوەریە ناتوندوتیژەکان و یاخیبونەوە، کە سەلمێنراوە دەتوانن لەهەلومەرجی جیاوازدا لە تێکڕای جیهاندا دەوڵەتە نادیموکرات، دیکتاتۆری و سەرکوتکارەکان بڕوخێنن.

*** لەو کۆمەڵگەیانەی لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراسیکردندان، لە کاتی کارکردن بۆ چەسپاندن و خوڵقاندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ دیموکراسی، ئەوا پارت و هێزە نادیموکراتیەکانی سەرهەڵدەدەن، وەك پارتە ئیسلامیەکان و پارتە توندڕەوەکانی دیکە، ئایا چۆن بتوانین ڕێگە لەم دەرئەنجامە بگرین؟**

-من باوەڕم وانیە بتوانین خۆمان لە بوونی ئەو گروپە نوخبەوی و توندڕەوانە لابدەین کە هەوڵی گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات دەدەن، هەوڵی پەنابردن بۆ سەرکوتکردن دەبەن، یاخود کار بۆ پەکخستنی بەرەوپێشچوونی دیموکراتی دەکەن بە درێژای کات. هێشتا، من باوەڕم وایە دەتوانرێت خەبات لە دژیان بکرێت، پەراوێزبکرێن و هەندێ جار زاڵبین بەسەریاندا. گرنگە تێڕوانینی دوورمەودا لەبەرچاوبگرین و ئامادەی تێکۆشانی ناتوندوتیژ بین، بەشداری بکەین لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە و هێزی کاردا، هەروەها فشار بکەین بۆ پیادەکردنی باشترین سیستمی ڕاگەیاندن، پەروەردە و هەڵبژاردن، هەروەها کار بۆ بنیاتنانی کەلتوری دیموکراسیەکی چالاك بکەین کە ڕەگ و ڕیشەی قووڵی هەبێت لە کۆمەڵگەی مەدەنی وڵاتەکەدا بە درێژای کات. ڕەنگە تەنها بوونی پارتگەلێکی چاکسازخواز بەس نەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن. بنیاتنانی ئەمجۆرە پارتانە گرنگە، بەڵام دەتوانن باشتر خزمەت بە وڵاتەکە بکەن، ئەگەر ببنە بەشێك لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە گەورەتر و هەمەڕەنگەکان و فشار بکەن بۆ هێنانەدی دیموکراسیەك کە زیاتر خەڵکی پشتگیری لێبکەن و گوشار بۆ پیادەکردنی ئەجێندایەك بکەن لە پێناو خزمەتکردنی چاکەی گشتیدا.

*** هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە دەکرێت بێ بوونی پارتە سیاسیەکان دیموکراسی بهێنرێتەدی، بەڵام ئەمە لەواقیعدا ل مەحاڵەوە نزیکە، ئایا ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم سەر ئەم تێڕوانینە و هۆکاری نەگونجانی لەگەڵ واقیعدا بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

-لەڕاستیدا چەندین بیردۆز لە ئارادان دەربارەی زۆرێك لەمەسەلەکان. هەندێ لەبیردۆزەکان زیاتر سوودمەندن لەتێگەیشتن لە واقیع و کارکردن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی جیاوازتر. باوەڕی شەخسی من ئەوەیە پارتە سیاسیەکان دەتوانن یارمەتیدەربن لەخوڵقاندنی سیستمێکی دیموکراتیتر کە زیاتر نوێنەرایەتی خەڵك بکات و بەباشترین شێوە خزمەت بەچاکەی گشتی بکات، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات ناکارا دەبن ئەگەر خەڵکی بەشداری نەکەن لە هەوڵەکانی باشتر دارشتنی دەستوور و سیستمی هەڵبژاردندا، هەروەها لەپەرەپێدانی توانای کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی ڕۆژانە مومارەسەی دیموکراسی بکەن لە کۆمەڵگە و لەشوێنی کاردا، هەروەها بەشداربن لەیاخیبوونێکی ستراتیژی ناتوندوتیژ هەر کاتێك پێویست بوو بۆ بەهێزکردنی ئیرادەی خەڵك دژی بەرژەوەندی کۆمپانیاکان، پارتە توندڕەوەکان، یان سەرکردە و پارتە دیکتاتۆریەکان.



**دیموکراسی ڕاستەقینە تەنها لەپرۆسەی دەنگدان و بوونی پارتە سیاسیەکاندا کورت نابێتەوە. بەڵکو پێویستی بەکۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاکیش هەیە کە سەربەخۆبێت**

**جۆن بێرگ تایبەتمەند لەسەر دیموکراتی لەوڵاتانی تاوەپێگەیشتوو بۆ گوڵان:**

# لەدەسپێکی بونیادی دیموکراتیدا ئەگەر پارتە سیاسییەکان نەشبن دەبێت پێکبهێنرێن، بێ بوونی پارتە سیاسیەکان دیموکراسی بەردەوام نابێت

**پرۆفیسۆر جۆن سی بێرگ سەرۆکی بەشی حکومەتە لەزانکۆی بۆستن و تایبەتمەندە لەسەر پارتەکان و سیستمی پارتایەتی و بەتایبەتیش پارتە بچووکەکان، هەروەها لەسەر شەرعیەتی سیاسیی و گروپەکانی بەرژەوەندی و لۆبییکردن، لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت بڵێین پرۆفیسۆر بێرگ تایبەتمەندە لەسەر هەیکەلی دامەزراوەکانی حکومەت لەسیستمی دیموکراتیدا، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵ و گرنگی پارتەکان و بونیادی کولتورێك بۆ بونیادی دیموکراتی، پرۆفیسۆر بێرگ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** ئایا رۆڵی پارتە سیاسیەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا چیە؟**

- من پێموایە یەکێك لەئەرکەکانی پارتە سیاسیەکان ئەوەیە دەرفەت بۆ هاوڵاتیان، یان دەنگدەران برەخسێنن بۆئەوەی بتوانن ئەو لایەنە هەڵبژێرن کە پێیان وایە باشترین گونجاوترین وبەرنامەی هەیە بۆ ئەوەی لەحکومەتدا پیادەی بکات، هەروەها پارتەکان دەتوانن لەدوای هەڵبژاردنەکانیشەوە هاوپەیمانێتی بکەن و بگەنە رێککەوتنێك لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ بەرێوەبردنی حکومەت.

*** ئایا دەکرێت بڵێین لەکۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا بەدیل بۆ پارتە سیاسیەکان لەئارادا نییە؟**

- لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لەسەر ئاستی حکومەتە مەحەلیەکان و لەسەر ئاستی شارەوانیەکان دەکرێت پاڵێوراوی سەربەخۆ هەبێت، کە هیچ ئینتیما و پابەندبونێکی سیاسیان نەبێت، بەڵام رەنگە ئەمە بەدیل نەبێت بۆ بەشداری کردن لەهەڵبژاردنەکاندا لەسەر ئاستی نیشتیمانی، لەراستیدا بەدیل هەیە بۆ پارتە سیاسیەکان، بەڵام بەدیلی باش نین.

*** چۆن بتوانین لە هەلومەرجێکی لەم چەشنەدا کولتورێکی دیموکراسی دروست بکەین؟**

- بەشێوەیەکی گشتی من پێموایە ئەوەی بتوانێت ئابووری وڵاتەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە باشتر دەتوانێت دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکە کۆنترۆڵ بکات، ئەمە بە شێوەیەکی زەق لە رووسیادا بەدی دەکەین.

*** مەبەستی ئێمە ئەوەیە ئەو کۆمەڵگەیانەی لەسەرەتای هەنگاوناندان بەرەو دیموکراسی رووبەڕووی کولتورێك دەبنەوە بەدەگمەن رێگە بەسەرهەڵدانی دیموکراسی دەدات، ئەمە لەکاتێکدا پێویستە ئەم کولتوورە بگۆڕدرێت؟ پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەری گۆڕینی ئەم کولتوورە لەئارادایە؟**

- زۆر کەس باسی زەحمەتی گۆڕینی ئەم کولتوورە دەکەن و هەندێ کەسیش پرسیاری ئەوە دەکەن ئایا کولتووری ئەم وڵاتانە بوار بەسەرهەڵدان و گەشەکردنی دیموکراسی دەدات، بە تێڕوانینی من کێشەکە لەسەرکردە و نوخبەی حکومڕانی ئەم وڵاتانەدایە، واتە خەڵکی ئەم وڵاتانە پەرۆشی هێنانەدی دیموکراسین، من لە وڵاتی ئۆکرانیابووم، خەڵکی ئەو وڵاتە زۆر پەرۆشبوون بۆ هێنانەدی دیموکراسی، بەڵام دەسەڵاتداران و نوخبەی حوکمڕان درێژەیان بەهەمان حکومەتی گەندەڵ و ناکارایی رابردوو دا.

*** لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵگە ئیسلامیەکانیشدا سیستمی فرەحزبایەتی بوونیان هەیە، بەڵام نابنەهۆی هێنانەدی دیموکراسی، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لەگەڵ بوونی سیستمی فرەحزبایەتیدا دیموکراسی لەم کۆمەڵگەیانەدا گەشە ناکات؟**

- بە تێڕوانینی هۆکارەکە نەوتە، مەبەستم



جۆن بێرگ

ئەوەیە لەبەر بوونی نــەوت لەم وڵاتانەدا و لەبەر پێویســتی وڵاتــە یەکگرتوەکانی ئەمەریــکا بەم کاڵایە، ئەوا پشــتگیری لەرژێمــی دیکتاتۆریەکانی ئەم وڵاتانەی کردووە، هەروەها بوونی سەرچاوەی نەوت بۆتەهۆی ئەوەی داهاتێکی زۆر بێتەدەست نوخبەی حکومڕان و دەســەڵاتداری ئەم وڵاتانەوە، بە چەشــنێك بەکاریانهێناوە بۆ ڕێگەگرتن لە دروستبوون و سەرهەڵدان و سەرکەوتنی هێزە دیموکراتیەکان.

*** ئەگەر سیســتمێکی حزبایەتی خراپت هەبێــت، ئەوا سەردەکێشــێت بۆ تێکدانی دامەزراوەکانــی حکومڕانێتی، ئایا چۆن دەکرێت هەڵبســتین بە ڕێکخستنی کاری پارتە سیاسیەکان بۆ ئەوەی ئەم دەرئەنجامە خراپەی لێنەکەوێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا پارتە سیاسیەکان پێویستیان بەکەسانێك هەیە کە تەواوی کات و کۆششی خۆیــان تەرخــان بکەن بۆ هەڵســوڕاندن و بەڕێوەبردنــی کاروبارەکانــی پارتەکە، ڕەنگە لە کاتی وەرگرتنی دەسەڵاتیشــدا پۆســت و پلە و پایە حکومیەکان بدەن بەم کەســانە، بەڵام لێرەدا مەسەلەی ڕێسا و یاســاکانی پەیوەســت بە پێدانی هەلی دامەزرانــدن لەفەرمانگەکانی حکومەتدا دێتە پێشەوە، هەروەها یاسای تایبەتی بە پارتە سیاسیەکان، بۆ نموونە چۆن دەتوانن دارایی کۆبکەنــەوە و بڕی ئــەو داراییەی ددەتوانن کۆیبکەنەوە، هەمو ئەمانەش بۆ ڕێکخستنی کاری پارتە سیاسیەکان دەکرێت.

*** لەکۆمەڵگــە دیموکراســیەکانی ڕۆژئــاوادا کاتێك پارتە سیاســیەکان لە هەڵبژاردنەکاندا شکســت دەهێنن، توانای ئەوەیان هەیە دووبارە خۆیان بنیات بنێنەوە و خۆیان ڕێکبخەنەوە، لەکاتێکدا لە وڵاتە تازە گەشــەکردوە، پارتە سیاسیەکان ئەم توانایەیان نیە، هۆکارەکانی جیاوازی نێوان ئەم دو حاڵەتە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ئەمە مەسەلەیەکە پەیوەستە بە پرۆسەی بە دامەزراوییکردن و بەدیموکراسیکردنی ژیانــی ناوخۆیی پارتە سیاســیەکانەوە، ئێمە لە ەزمونی وڵاتە گەشــەکردوەکاندا ئەوە بەدی دەکەین کە پارتێکی سیاســی دیاریکراو لە هەڵبژاردنێکدا شکستیهێناوە، بەڵام دواتــر لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دووبارە دەســەڵات دەگرێتەوەدەست، بەڵام ئەگەر پارتێکی سیاسی دیاریکراو بەردەوام شکســتبهێنێت و ئەگەری گرتنەدەستی دەســەڵاتی نەبێت ئەوا چیتر نابێتە جێی متمانەی خەڵك. من پێم وایە گەشەکردنی کولتوور و مومارەسەی دەستاودەستکردنی دەســەڵاتیش پرۆســەیەکی درێژخایەنە و کاتی زۆر دەوێت.

*** هەنــدێ لــە شــارەزایان پێیانوایە دەکرێت بــێ بوونی پارتە سیاســیەکان دیموکراســی بهێنرێتەدی، بەڵام ئەمە لەواقیعــدا لە مەحاڵــەوە نزیکــە، ئایا ڕاوبۆچونــی ئێــوە چییە لەم ســەر ئەم تێڕوانینە و هۆکاری نەگونجانی لەگەڵ واقیعدا بۆچی دەگەڕێنێتەوە؟**

- لــە ڕوانگــەی منــەوە لەســەرەتای پرۆسەی بەدیموکراتیکردنەوە ئەگەر پارتە سیاسیەکان بوونیشــیان نەبێت ئەوا دەبێت پێکبهێنرێــن، چونکە بــێ بوونی پارتە سیاسیەکان دیموکراسی ناتوانێت بەردەوام بێت، کەواتە لەکاتی نەبونیاندا نابێت بڵێین بارودۆخەکە جێی ئومێد نییە، بەڵکو دەبێت هەوڵی دروســتکردنی پارتە سیاسیەکان بدرێت.

*** دوا وتەت چیە؟**

- مــن هیوای ســەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لەهێنانــەدی ســەقامگیری و ئاشــتی لەوڵاتەکەتاندا، ئێمــە وەك ئەمریکیەکان هەست بەبەرپرســیارێتی دەکەین لەئاست ئەو ناســەقامگیریەی لەوڵاتــی ئێوەدا هەیە، بەتایبەتی کاتێــك کە توندوتیژی و تەقینــەوە ڕوودەدات. بەهەرحــاڵ، من هیوای خۆشبەختی بۆ خەڵکی کوردستان دەخوازم.

**پارتە سیاسیەکان پێویستیان بەکەسانێک هەیە کە تەواوی کات و کۆششی خۆیان تەرخان بکەن بۆ هەڵسوڕاندن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی پارتەکە**

**ئێمە وەک ئەمریکیەکان هەست بەبەرپرسیارێتی دەکەین لەئاست ئەو ناسەقامگیریەی لەوڵاتی ئێوەدا هەیە**



## مارک جۆنز بۆ گوڵان:

# کاتێک پارتی سیاسیی نەبوو، تاکەکەس ڕۆڵی پارتە سیاسیەکە دەگێڕێ ئەمەش دژواری لەکۆمەڵگە دروستدەکات

**پرۆفیســۆر مارك جۆنز ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی رایس و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر یاسای هەڵبژاردن و سیســتمی پارتە سیاسیەکان لەسیســتمی دیموکراتیدا، بەتایبەتیش لەسەر باری دیموکراتی و هەڵبژاردن و سیستمی پارتە سیاســیەکان لەدەوڵەتانی ئەمریکای لاتینیدا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە و کاریگەری سیستمی پارتە سیاسیەکان رۆڵی پارتەکان، پرۆفیسۆر جۆنز بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** پارتە سیاســیەکان لەکۆمەڵگەی دیموکراتیــدا کاروبــاری تاکەکەس و گروپەکان ڕێکدەخەن، هەروەها بەدیلی حکومــەت دەخەنــەڕوو و ئەژێندای حکومەتیش جێبەجێ دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت بڵێین لە کۆمەڵگە دیموکراســیەکاندا بەدیل بــۆ پارتە سیاسیەکان لەئارادا نییە؟**

- لەڕاســتیدا لەحاڵەتــی غیابــی پارتە سیاســیەکاندا، تاکەکەســەکان هەڵدەســتن بەئەداکردنی ئەم ئەرکە، ئەمەش دۆخێکی دژوار دەخوڵقێنێت، لەبەرئەوەی پارتە سیاسیەکان ئامرازێکن لەڕێگەیانــەوە خەڵك نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن، واتە ئەگەر تەنها لەســەر ئاســتی تاکەکەس پاڵێــوراو هەبێت ئــەوا خەڵکی دووچــاری زەحمەتی دەبنەوە لە تێگەیشتنیان لە هەڵوێستی جیــاوازی ئــەو هەمــو پاڵێــوراوە، هەروەها بێ بوونی پارتە سیاســیەکان ناتوانرێت لە پەرلەماندا هەماهەنگی بکرێت بۆ تێپەڕاندنی یاســاکان، بەو پێیە پارتە سیاســیەکان میکانیزمی هەماهەنگیکــردن دەخوڵقێنــن بــۆ ئەنجامدانــی کاری جەماعــی و کۆششکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان. لــە حاڵەتی نارازیبون لەسیاســەتەکانی پارتێکــی دیاری کراویش ئــەوا لــە هەڵبژاردنەکانی داهاتــوودا متمانــەی پێنادەرێــت و دەنگ بە پارتێکــی بەدیل دەدرێت. بۆیە پارتە سیاسیەکان یەکێك لە ئەرکە ســەرەکیەکان بریتیە لەبوار ڕەخساندن بــۆ نوێنەرایەتیکردنــی تێڕوانینــە جیاوازەکان، هەروەها پارتە سیاسیەکان



مارک جۆنز

ئەڵقەی پەیوەندی دەبــن، یاخود ئەو ئامرازە دەبن کە لە ڕێگەیانەوە خەڵکی هەڵدەستن بە هەڵبژاردنی بەرپرسەکان لەدەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردندا بۆئەوەی نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانیان بکــەن و لەکاتی کەمەتەرخەمیشــدا ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتیان بکەنەوە.

*** ســەبارەت بە کولتووری لێبوردەیی و یەکتــری قەبوولکــردن کــە حزبە سیاســیەکان رۆڵــی کاریگەری تێدا دەگێریــت، ئایا لەبەر ئــەم هۆکارەیە پارتە سیاســیەکان بوونە پێداویستی لەکۆمەڵگەدا؟**

- من پێموایە بێ بوونی دیموکراتیش دەکرێــت پارتە سیاســیەکان بوونیان هەبێت، بۆ نموونە لە زۆرێك لە وڵاتاندا پارتە سیاسیەکان لەڕێگەی کودەتا، یان شــۆرش یان تەنانەت هەڵبژاردنیشەوە دەسەڵاتیان گرتەدەست و دواتر کاریان کرد بۆ لەناوبردنــی هەموو نەریت و مومارەســەیەکی دیموکراتی. ئەوەی پەیوەنــدی بــە کولتــوورەوە هەبێت ئــەوا گۆڕینــی کولتــوور کارێکی سەختە، لە ڕاســتیدا ئەمە پێویستی بەســەرکردەگەلێکی سیاسی شیاو و کارامە هەیە، سەرکردەگەلێك ئامادەبن

ڤلادمیر پوتین کاتێک لەڕێی هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتی گرتەدەست هیچ کارێکی نەکرد بۆ پتەوکردنی کولتووری دیموکراسی، بەڵکو کارەکانی بوونەهۆی لاوازکردنی دامەزراوە دیموکراسیەکان، لەکاتێکدا نیلسۆن ماندێلا خەباتێکی زۆری بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی کرد و ئامادەبوو دەست لەدەسەڵات هەڵگرێت لەپێناوی دیموکراسی

بەرژەوەندییە کورتخایەنەکانی خۆیان بکەنە قوربانی لە پێناو دەستکەوتە درێژخایەنەکانی گەلەکەیاندا، چونکە ئێمە ئەو سەرکردانەشمان بینیوە کە لەرێی هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتیان گرتۆتەدەست، بەڵام دواتر ئیرادەی خۆیان سەپاندووە و دەسەڵاتێکی تاکرەوەیان پیادەکردووە. دەکرێت لەم رووەوە ئاماژە بەدوو ئەزموون بکەین، ڤلادمیر پوتین کاتێك لەرێی هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتی گرتەدەست هیچ کارێکی نەکرد بۆ پتەوکردنی کولتووری دیموکراسی، بەڵکو کارەکانی بوونەهۆی لاوازکردنی دامەزراوە دیموکراسییەکان، لەکاتێکدا نیلسۆن ماندێلا خەباتێکی زۆری بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی کرد و ئامادەبوو دەست لەدەسەڵات هەڵگرێت لەپێناوی دیموکراسی لەمەودای دووردا. هەربۆیە بە تیروانینی من هۆکارەکە زیاتر بۆ رەفتاری سەرکردەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە، چونکە لە کاتی گەیشتنیاندا بە دەسەڵات سەرکردەکانی ئەم وڵاتانە تەنها لە خەمی پتەوکردن و پاراستنی دەسەڵاتی خۆیاندا دەبن، من نالێم هێنانەدی دیموکراسی لەم ناوچەیەدا مەحاڵە، بەڵام رەنگە کارێکی زەحمەت بێت، ئێمە لەم رووەوە دەتوانین ئاماژە بە تورکیا بکەین کە تا رادەیەك سەرکەوتووبووە، هەروەها بە هەمان شێوە دەتوانین بڵێین لە لوبنان و فەلەستینیشدا بە شێوەیەك لە شێوەیەك سەرکەوتوبونە لەم رووەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دیموکراسی لە ناوچەکەدا گەشەی نەکردوە. هەرچەندە ئەگەر لە روانگەی کێشەی کوردەوە لە ئەزموونی دیموکراسی تورکیا بروانین، ئەوا ئەزموونی ئەم وڵاتەش پڕ لە کەم و کوڕی و خەوشە.

*** سەبارەت بەخۆنوێکردنەوەی حزبی سیاسیی و هەستانەوە لەدوای شکستی هەڵبژاردن، هەست دەکرێت ئەم پرۆسەیە لەدیموکرتیەکانی رۆژئاوا ئاسانترە، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- لەدیموکراتیەکانی رۆژهەڵاتدا هۆکارەکە ئەوەیە ئەو پارتانەی دەسەڵات دەگرنەدەست کۆنترۆڵی تێکرایی دامەزراوە و دەسەڵاتەکانی دەوڵەت دەکەن، سەرچاوە و داهات و سەروەت و سامانی وڵاتەکە قۆرخدەکەن و هەلی کارکرد و دامەزراندن بۆ ئەندام و لایەنگرانی خۆیان تەرخان دەکەن، واتە ئەم پارتانە لەم رێیەوە دەتوانن درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن، نەك لەرێی بەرنامەی سیاسی و ئایدۆلۆژی خۆیانەوە هەوڵی بەدەستهێنانی متمانەی خەڵك بدەن. لەم روانگەیەوە ئەم پارتانە پەنا بۆ هەمو شێوازێك دەبەن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، هەر لەکودەتای سەربازیەوە بۆ سەرکوتکردن و داپلۆسین و هتد. لەبەرئەوەی دەزانن هەر کاتێك لەدەسەڵات دورخرانەوە، ئەوا هەموو شتێك لەدەستدەدەن و جارێکی دیکە ناتوانن بەدەستی بهێننەوە.

*** ئایا چۆن دەکرێت هەڵبستین بەرێکخستنی کاری پارتە سیاسیەکان بۆ ئەوەی ئەم دەرئەنجامە خراپەی لێنەکەوێتەوە؟**

- دەکرێت لەم رووەوە کار بۆ زیاتر چەسپاندنی شەفافیەت بکەین، واتە رێگە نەدرێت پارتی حکومڕان سەروەت و سامان و داهاتی وڵاتەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت، بۆ نموونە نەتوانێت هەلی دامەزراندن لە دەزگاکانی دەوڵەتدا تەنها بۆ ئەندامانی پارتەکەی خۆیان قۆرخبکات، هەروەها دەکرێت لەرێی دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتیشەوە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بکرێت.

*** لەکاتی کارکردن بۆ چەسپاندن و خوڵقاندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ دیموکراسی، ئەوا پارت و هێزە نادیموکراتیەکانی سەرهەڵدەدەن، پارتە توندڕەوەکان، ئایا چۆن بتوانین رێگە لەم دەرئەنجامە بگرین؟**

- لەحاڵەتی بوونی هێز و گروپگەلێکی نادیموکراتیدا ئەم مەترسیە دروستدەبێت، ئێمە دەتوانین لەم رووەوە بۆ ئەزموونی وڵاتی ئەڵمانیا بگەڕێینەوە، کە پێش گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن نازیەکانەوە تەنها سێ هێز هەبوون لەگۆڕەپانەدا کە تەنها لایەنێك پابەندبوو بەدیموکراسییەوە، دواتریش بینیمان کە نازیەکان لەرێی هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتیان گرتەدەست و دواتر دیموکراسیشیان لەناوبرد.

*** هەندێ لەشارەزایان پێیانوایە دەکرێت بێ بوونی پارتە سیاسیەکان دیموکراسی بهێنرێتەدی، بەڵام ئەمە لەواقیعدا لەمەحاڵەوە نزیکە، ئایا راوبۆچونی ئێوە چییە لەم سەر ئەم تێروانینە و هۆکاری نەگونجانی لەگەڵ واقیعدا بۆچی دەگەڕێنێتەوە؟**

- رەنگە بتوانرێت لەسەر ئاستی مەحەلی و شارەوانیەکان تاکەکەسەکان هەڵبژێدرێت، بەڵام لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی زۆر زەحمەتە ئەگەر نەڵێین مەحاڵە، ئەم کارە بێ بوونی پارتە سیاسیەکان بکرێت، چونکە بێ بوونی پارتە سیاسیەکان هەماهەنگی ناکرێت، بێ بوونی پارتە سیاسیەکان هاوڵاتیان ناتوانن ئەدای خراپ و شکستی سیاسەتەکانی حکومەت بخەنە ئەستۆی هیچ لایەك.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من پێموایە لەقۆناخی ئینتیقالیدا دەبێت سەرکردەکان پابەندبن بەکارکردن بۆ چەسپاندنی دیموکراسی، هەروەك باشترە لەم قۆناخەدا کار بۆ هاوبەشیکردن لەدەسەڵات و داهاتەکاندا بکرێت، مەبەستم ئەوەیە ئەو پارتانەی رێژەیەکی دیاری کراو بەدەست دەهێنن لە هەڵبژاردنەکاندا هەلی ئەوەیان بۆ برەخسێنرێت بۆ ئەوەی بە پێی قورسای خۆیان نوێنەرایەتیان هەبێت، بۆئەوەی بەلای کەمەوە لە چوارچێوەی سیستەمە دیموکراسیەکەدا بمێننەوە، چونکە لەحاڵەتی دوورخستنەوە و سەرکوتکردنیاندا رەنگە پەنا بۆ چەکهەڵگرتن و توندوتیژی ببەن.

**لەقۆناخی ئینتیقالیدا دەبێت سەرکردەکان پابەندبن بەکارکردن بۆ چەسپاندنی دیموکراسی، هەروەک باشترە لەم قۆناخەدا کار بۆ هاوبەشیکردن لەدەسەڵات و داهاتەکاندا بکرێت**

فلیپ پۆنیلۆ تایبەتمەند لەسەر سیستمی حزبی سیاسیی بۆ گوڵان:

# کێشەی گەندەڵی سیاسیی
# تەنها بەپارتە سیاسیەکان چارەسەر دەکرێت

**پرۆفیسۆر فلیپ ئۆین پۆنیلۆ، ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی نۆرس تەکساس و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیستمی پارتایەتی و بونیادی دیموکراتی و گواستنەوە لەتۆتالیتاریەوە بۆ دیموکراتی، لەم چوارچێوەیەدا پسپۆرە لەسەر دیموکراتیزەکردنی تایوان و کتێبێکی لەمبارەوە بەناونیشانی دیموکراتیزەکردنی تایوان و تەحەددییەکانی قۆناخی گواستنەوە نووسیووە، بۆ قسەکردن سەبارەت بەرۆڵی پارتە سیایەکان لەبونیادی دیموکراتی و تێپەڕاندنی قۆناخی گواستنەوە، پرۆفیسۆر پۆنیللۆ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

لەو کۆمەڵگە و وڵاتانەشدا کە بۆ ماوەی ٤٠ بۆ ٥٠ساڵە وڵاتێکی دیموکراتین هێشتا کێشەی گەندەڵی سیاسی لەئارادایە

*** هەندێك جار رووبەڕووی حاڵەتێك دەبینەوە کە دوو بۆچوونی تا ئەو پەڕی جیاواز دێتە ئاراوە، بۆچوونێك پێیوایە دیموکراتی بەبێ بوونی پارتە سیایەکان نابێت، بۆچوونێك دەڵێت پارتە سیاسیەکان زیادن بۆ دیموکراتی، ئایا بەڕێزت لەگەڵ کام دوو بۆچوونەی، یان تۆ بۆچوونێکی ترت هەیە؟**

- من پێموایە ئەو تێڕوانینە دروستە کە پێیوایە پارتە سیاسیەکان دیموکراسی دەهێننە ئاراوە و دیموکراسی بێ بوونی پارتە سیاسیەکان ناتوانێت بەردەوام بێت، بۆ نموونە بەهۆی پارتە سیاسیەکانەوە ململانێ و ڕکابەرێتی دەکرێت، هەروەها بەهۆی پارتە سیاسیەکانەوە خەڵك، یان دەنگدەران دەتوانن لەبەرنامە و سیاسەتە جیاوازەکان تێبگەن و لەسەر ئەم ئەساسەش دەنگ بدەن، ئەگەر بۆ ئەزمونی واقیعیش بگەڕێین، ئەوا دەتوانین ئاماژە بەوڵاتی مەکسیك بکەین کە سەرەڕای ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پارتێکی سیاسی تاکڕە و گەندەڵ لەمەکسیك حوکمی ئەو وڵاتەی کرد، بەڵام هەر ئەم پارتەش بووەهۆی ئەوەی دواتر دیموکراسی لەو وڵاتەدا سەرهەڵبدات و گەشەبکات.

*** کەواتە ئەو ئەرکەی پارتەکان پیادەی دەکەن لەم پرۆسەیەدا جێگرەوەی نابێت، مەبەستم ئەوەیە ڕێکخراو یان دامەزراوەیەکی دیکە ناتوانێت جێگەیان بگرێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت پارتە سیاسیەکان هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ نوێنەرایەتیکردنی



فلیپ پۆنیلۆ

بەرژەوەندی ئەو کەسانەی پشتیوانیان لێدەکەن، لەهەمانکاتدا پارتە سیاسیەکان بەئاراستەی پەرەپێدان و پێشخستنی بەرژەوەندیەکانی خۆشیاندا کاردەکەن، بەو پێیە دەبێت لەم ڕووەوە هاوسەنگیەك بهێننەدی. ئەوەی پەیوەندی بە سیستمی فرەحزبایەتیەوە هەبێت، ئەوا سیستمی کارا ئەو سیستمەیە کە دو پارتی سەرەکی لەخۆدەگرێت، هەرچەندە ئەوەی پەیوەست بێت بەعێراقەوە ڕەنگە فرەحزبایەتی ببێتەهۆی پێشخستن و پتەوکردنی هەندێ لەئایدیا دیموکراتیەکان لەو وڵاتەدا.

*** کەواتە تۆ لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە دەکرێت بڵێین لەکۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا بەدیل بۆ پارتە سیاسییەکان لەئارادا نییە؟**

- لەدیموکراسیە دێرینەکاندا بوونی گروپەکانی بەرژەوەندی کە جیاوازن لەپارتە سیاسیەکان کارێکی پێویستە، ئەم گروپانە هەڵدەستن بە نوێنەرایەتیکردن و داکۆکیکردن لە بەرژەوەندیگەلێکی جیاواز لە کۆمەڵگەدا، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بەو کۆمەڵگەیانەوە هەبێت کە لەسەرەتای

پرۆسەی بەدیموکراتیکردندان، ئەوا ڕەنگە بوونی ئەو پارتە سیاسیانە گرنگ بێت کە کاریگەری و دەسترۆیشتویەکی زۆریان هەیە لە کۆمەڵگەدا، بە پێچەوانەوە ڕەنگە خەڵك متمانەی بەوە نەمێنێت کە حکومڕانێتیە دیموکراسیەکە دەتوانێت کێشەکانیان چارەسەربکات.

*** بەڵام وێڕای بوونی پارتەکان پێویستە، دەبێت دیاردەی لێبوردەیی و یەکتری قەبووڵکردنیش بوونی هەبێت، ئایا دەکرێت بڵێین بوونی ئەم کولتوورەش و هێندەی بوونی پارتە سیاسییەکان گرنگە؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە و لەهەمانکاتدا پرسیارێکی قورسیشە، لەڕاستیدا تەنانەت لەو کۆمەڵگە و وڵاتانەشدا کە بۆ ماوەی ٤٠ بۆ ٥٠ ساڵە وڵاتێکی دیموکراتین هێشتا کێشەی گەندەڵی سیاسی لەئارادایە، دەکرێت ئەمە بگەڕێنینەوە بۆ کولتووری ڕابردووی ئەو کۆمەڵگەیە، کەواتە چۆن بتوانین ئەم کولتوورە بگۆڕین، ئەمە پرسیار و ئەرکە قورسەکەیە، لەبەر ئەوەی کەسانێك هەن بەرهەڵستی ئەم کارە دەکەن لەبەرئەوەی بەرژەوەندیان لەزاڵبوون و باڵادەستی کەلتورەکەدایە. واتە سوودی خۆیان لەوەدا دەبینن بارودۆخەکە وەك خۆی بمێنێتەوە.

*** بەڵام ئەو کۆمەڵگەیانەی لە سەرەتای هەنگاونانداں بەرەو دیموکراسی ڕووبەڕووی کولتوورێك دەبنەوە بە دەگمەن ڕێگە بەسەرهەڵدانی دیموکراسی دەدات، ئەمە لەکاتێکدا پێویستە ئەم کولتوورە بگۆڕدرێت؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد خەڵکانێك هەن لەڕابردوودا سوودمەند بوونە لەم کولتوورە و لەئێستاشدا هیچ هۆکارێك بەدی ناکەن بۆ ئەوەی ببێتە پاڵنەرێك تاوەکو کار بۆ گۆڕینی بکەن. من پێموایە دەبێت سەرەتای کارەکان لەگۆڕینی دەستوری وڵاتەکەوە بێت، هەروەها بناخەی ململانێ و ڕکابەری نێوان پارتەکان گۆڕانکاریان بەسەردا بهێنرێت، لەهەمانکاتدا دەبێت کۆشش بۆ چەسپاندن و پەرەپێدانی کولتوور و پەروەردەیەکی مەدەنی بکرێت، بۆئەوەی چیتر ئینتیماکان تەنها لە چوارچێوەی ناوچە و خێڵدا نەمێننەوە. ئەگەر هێشتا ئەو کەسانە لە دەسەڵاتدابن کە لە سایەی کولتووری کۆنەکەوە دەسەڵات و سەروەت و سامانی خۆیان پێکهێناوە، ئەگەر خەڵکی بە جۆرێکی دیاریکراو لەشێوازی بەڕێوەچوونی کارەکان بڕوانن لە دامەزراوەکانی حکومەتدا، بۆ نموونە ئەگەر بۆ ڕاییکردنی کارەکان پەنا بۆ بەرتیل ببردرێت و بەرپرسەکانی حکومەت بەرهەڵستی ئەم کارە نەکەن و ئەو کەسانەی دووچای سزا نەکەنەوە کە تێوەگلاون، ئەو خەڵکی پەنابردنە بەر بەرتیل بۆ بەڕێکردنی کارەکانیان بە شتێکی ئاسایی دەبینن، واتە ئەگەر هەمو ئەوانەی باسم کردن لەکۆمەڵگەدا ڕوودەدەن، ئەوا خەڵك مافی خۆیان هیچ جیاوازیەك بەدی نەکەن لەنێوان سیستەمە کۆنەکەوە و سیستمی نوێدا کە لەڕواڵەتدا ڕێگە بەفرەیی سیاسی دەدات، بەو پێیە ناتوانرێت قەناعەت بەخەڵك بکرێت کە بارودۆخەکە باشترە و دەتوانرێت کێشەکان چارەسەربکرێن.

*** من وا لە ڕای بەڕێزت گەیشتم ئەگەر سیستمێکی حزبایەتی خراپت هەبێت، ئەوا سەردەکێشێت بۆ تێکدانی دامەزراوەکانی حکومڕانێتی، ئایا چۆن دەکرێت هەڵبستین بە ڕێکخستنی کاری پارتە سیاسیەکان بۆ ئەوەی ئەم دەرئەنجامە خراپەی لێنەکەوێتەوە؟**

- من پێموایە پێویستە جگە لەبوونی پارتە سیاسیەکان دامەزراوەگەلێکی دیاریکراویش لەئارادابن کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاربکەن، بۆ نموونە نابێت ڕێگە بدرێت وەزارەتی داد لەلایەن پارتی حکومڕانەوە بەکاربهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە و سزادانی کەسایەتەکانی موعارەزە، بەڵکو دەبێت دامەزراوەیەکی قەزائی هەبێت و نەکەوێتە ژێر فشاری سیاسیەوە و بەشێوەیەکی یەکسان لەهەموو لایەك بڕوانێت. واتە نابێت پارتی حکومڕان بتوانێت ئەم دامەزراوانە بۆ سزادانی ڕکابەرەکانی بەکاربهێنێت، یاخود بودجەیان کەم بکاتەوە، یان بودجەیان ببڕێت، لەحاڵەتێکدا بەرهەڵستی فشاری دەسەڵاتیان کرد.

*** کاتێك پارتە سیاسیەکان لە هەڵبژاردنەکاندا شکستدەهێنن، لەوڵاتانی ڕۆژئاوا پارتە سیاسیەکان توانای ئەوەیان هەیە دووبارە خۆیان بنیاتبنێنەوە و خۆیان ڕێکبخەنەوە، لەکاتێکدا لە وڵاتە تازە گەشەکردووە، پارتە سیاسیەکان ئەم توانایەیان نییە، هۆکارەکانی جیاوازی نێوان ئەم دوو حاڵەتە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ڕەنگە هۆکارگەلی جیاواز لەئارادابن، بۆ نموونە ڕەنگە پارتی حکومڕان بەشێوەیەك کاربکات، یاخود سیاسەتگەلێکی دیاریکراو بگرێتەبەر بۆ سزادان و تەنگپێهەڵچنینی ڕکابەرەکانی، یاخود ڕەنگە پارتی موعارەزە تەنها دڵسۆزی و وەلائیان بۆ سەرکردەیەکی دیاریکراو بێت، بەڵام کاتێك ئەو سەرکردەیە دووچاری فەزیحەتێك دەبێتەوە، یاخود لەهەڵبژاردندا سەرکەوتوو نابێت ئەوا ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی ئەو پارتە زەحمەت دەبێت. بەو پێیە دەبێت کار بۆ بەدامەزراوەیکردن بکرێت لەپارتە سیاسیەکاندا و تەنها پشت بەسەرکردەیەکی دیاریکراو نەبەستن.

*** ئایا چۆن بتوانین ڕێگە لەم دەرئەنجامە بگرین؟**

- ئامانجی سەرەکی لەبوار ڕەخساندن بۆ فرەیی سیاسی و فرە حزبایەتیدا، بریتیە لەڕێگەگرتن لەباڵادەستبوون و زاڵبوونی پارتێکی سیاسی دیاریکراو بۆئەوەی دەسەڵاتی سزادان و هەراسانکردنی موعارەزەی نەبێت و و سەروەت و سامان و پلە و پایە حکومیەکان قۆرخ نەکات بۆ ئەندام و لایەنگرانی پارتەکە، دەبێت لەکاتی کارکردنماندا بۆ چەسپاندنی فرەیی سیاسی ئەم ئامانجەمان لەبەرچاوبێت.

**سەرەڕای ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پارتێکی سیاسی تاکڕە و گەندەڵ لەمەکسیك حوکمی ئەو وڵاتەی کرد، بەڵام هەر ئەم پارتەش بووەهۆی ئەوەی دواتر دیموکراسی لەو وڵاتەدا سەرهەڵبدات و گەشەبکات**

ریچارد گەنتەر پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر بونیادی دیموکراسی بۆ گوڵان:

# بوونی پارتە سیاسیەکان گرنگە بۆ گوزارشتکردن و خستنەڕوو و گەیاندنی خواستی خەڵک، ناکرێت ئەم ئەرکە بۆ تاکەکەسەکان جێبهێڵرێت

**پرۆفیسۆر ریچارد گەنتەر، یەکێکە لەو پسپۆر و تایبەتمەندانەی بواری بونیادی دیموکراتی و پارتە سیاسیەکان و سیستمی پارتایەتی لەوڵاتانی تاوەپێگەیشتوو و جیهان کە دەکرێت بەهاوتای پرۆفیسۆر لاری دایمۆند دابنرێت و چەندین کاری هاوبەشیشیان پێکەوە لەگەڵ لاری دایمۆند هەیە، پرۆفیسۆر گەنتەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ئۆهایۆ و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر ئاکاری ململانێی پارتەکان لەهەڵبژاردن و پارتە سیاسیەکان و بۆ قسەکردن لەسەر گرنگی پارتە سیاسیەکان، پرۆفیسۆر ریچارد گەنتەر بەمجۆرە بۆ گوڵان دوا.**

**ئەگەر هێزێک یان گروپێک هەبن و یەکێک لەئامانج و ئەرکەکانیان لەڕووخاندن و کۆتایی پێهێنانی سیستمەکەدا ببیننەوە، ئەوا دەبێت ڕێگە بەکارکردن و چالاکی نواندنی ئەم هێزانە نەدرێت**

*** کە باسی دیموکراسی دەکەین، تەنها سیمایەك یەکسەر دێتە بەرچاومان سیمای پارتی سیاسی و دیاردەی فرە لایەنی سیاسیە، ئایا بۆچی دیموکراتی و پارتی سیاسیی و فرەلایەنی پێکەوە کۆدەبنەوە؟**

- لەڕاستیدا چەند هۆکارێك لەئارادان، یەکێك لەهۆکارەکان ئەوەیە سیستمی فرەحزبایەتی بوار بەنوێنەرایەتیکردنی بیروبۆچونە جیاوازیەکان دەدات، واتە ئەم سیستمە دەرفەت و بوار بۆ ئیختیارگەلێکی فراوان دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە مومارەسەکردنی ئەم ئەرکە دیموکراتیانە ئەدا بکرێت. لە هەمان کاتدا دەبێت سیستمی پەرلەمانی پشتگیری لە حکومەتێکی سەقامگیر بکات، بەڵام ڕەنگە ئەمە گونجاونەبێت لەگەڵ کارکردن بەو سیستمەی کە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندیە فراوانەکان بەپێویست دەزانێت، چونکە هەندێ جار سیستمی هەڵبژاردن و هەندێ لە دەزگاکان بوار بۆ بەرفراوانترین بەرژەوەندی دەڕەخسێنن لە کۆمەڵگەدا بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیان هەبێت، کە ڕەنگە لەم کاتەدا پێکهێنانی حکومەتێکی سەقامگیر کارێکی زەحمەت بێت. کەواتە دەبێت هاوسەنگیەك بهێنرێتەدی، واتە نابێت لەلایەك بەو شێوەیە کاربکرێت کە ببێتەهۆی پەرتکردنی پارتە سیاسیەکان بەچەشنێك پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانێتی سەقامگیر بکاتە کارێکی دژوار، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێت ئەوەندە بوار بهێنرێتەدی بۆ ئەوەی تێکڕای پارتەکان بتوانن نوێنەرایەتی خۆیان هەبێت.


ریچارد گەنتەر

*** لەدیموکراتیەتی رۆژئاوادا، پارتە سیاسیەکان دابەش دەبن بۆ پارتەکانی دەسەڵات و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەڵام ئەم دابەشبوونە نابێتە فاکتەری ئەوەی رۆڵی حزبەکان ئەوجا لەئۆپۆزسیۆن بێت یان دەسەڵات کەم بایەخ بکرێت، پارتەکان ئەرکی گرنگیان لەسەر شانە چ لەدەسەڵات بن یان لەئۆپۆزسیۆن، بەڕای تۆ چۆن ئەو هاوسەنگیە لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و دسەڵات رێکدەخرێت؟**

- یەکێك لەئەرکە گرنگەکانی موعارەزە لەپەرلەماندا، ڕازیبوون یان ناڕازیبوونە لەسیاسەتەکانی حکومەت، واتە هەندێجار بەرهەڵستی سیاسەتەکانی حکومەت دەکات و هەندێ جار بەدیل دەخاتەڕوو و هەندێ جاریش پێشنیار بۆ باشترکردنی ئەو سیاسەتانە دەکات، هەرچۆنێك بێت، ئومێدی ئەوە دەکرێت موعارەزە بەشێوەیەکی بنیاتنەر ئەم ئەرکانە ئەدا بکات، چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان هێرشکردن بۆ سەر کەسایەتی سەرکردە سیاسیەکان، لەگەڵ خستنەڕوی بەدیل و پێشنیاری جیاواز.

*** کەواتە بەڕای بەڕێزت بۆ ئەوەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن یەکتر قەبووڵ بکەن، دەبێت کولتوورێکی**

**ديموكراسى لەئارادايێت، ئايا چۆن بتوانين لەهەلومەرجێكى لەم چەشنەدا كولتوورێكى ديموكراسى دروستبكەين؟**

- تێڕوانينەكە ئەوەيە كولتوور درێژخايەنە و گۆڕينى كارێكى دژوارە، بۆ نموونە ديارەدەى خەمساردى سياسى، ياخود ئەوە باوەڕەى پێسوايە خەڵك ناتوانێت كاريگەربێت بەسەر سياسەتەكانى حكومەتەوە، ياخود حكومەت كار بۆ بەرژەوەندى خەڵك ناكات، گۆڕينى ئەمە كارێكى زەحمەتە. لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت هەنگاو بەم ئاڕاستەيەدا بنرێت، ئەمەش بەباوەڕى من زياتر دەوەستێتەسەر رەفتارى نوخبە سياسيەكان لەگەڵ يەكدا، بۆ نموونە ئەگەر لێبوردەبن لەگەڵ يەكدا و بيروڕاى جياوازى يەكتر قەبوولبكەن ئەوا كاريگەرى و رەنگدانەوەى باشى دەبێت لەسەر كەلتورەكە، هەروەها ئەگەر هەنگاو بنرێت بۆ ئەوەى گفتوگۆيەكى بيناتنەر لەگەڵ موعارەزەدا بكرێت، ئەوا موعارەزەش دەبێتە بەرەيەكى دڵسۆز دەبێت لەبرى ئەوەى ببێتە بەرهەڵستكارێكى نادڵسۆز.

*** هەروەك شارەزايان باسى دەكەن، ئازادى رۆژنامەگەرى، سيستمى فرەحزبايەتى و هەڵبژاردن بناخەى ديموكراسين، پرسيارەكە ئەوەيە بۆچى لەهەنديك حاڵەتدا لەگەڵ بوونى سيستمى فرەحزبايەتيدا ديموكراسى لەم كۆمەڵگەيانەدا گەشە ناكات؟**

- تەنها سازدانى هەڵبژاردن و بوونى پارتە سياسيەكان بەس نين بۆ هێنانەدى ديموكراسى، ئەوەى پێويستە ئەوەيە لايەنى سەرنەكەوتوو لەهەڵبژاردنێكى پاك و عاديلانەدا دەرئەنجامەكە قەبووڵ بكات و دەسەڵات بداتە دەست لايەنە براوە، بەڵام ئەمە لەوڵاتانى رۆژهەڵاتى ناوەڕاستدا، جگە لەتوركيا، روويندەداوە و لەڕاستيدا من نازانم هۆكارەكە چييە، بۆچى ئەوەندە بە قورسى دەبينن ئەم كارە بكەن. كەواتە وەك پێشتر ئاماژەم پێكرد، لێبوردەيى و يەكتر قەبوولكردن و رازيبوون بەدەرئەنجامى هەڵبژاردنەكان، بەڵام لەهەمان كاتدا دەبێت پارتە سەركەوتووەكانيش پەنا بۆ سزادان و سەركوتكردنى پارتە كەمينەكان نەبەن، واتە دەبێت هەردوولا ڕيساكانى گەمەكە قبوڵبكەن، نابێت هيچ پارتێكى سياسى لەكاتى دۆڕاندنيدا دووچارى مەترسى ببێتەوە.



*** واتە بەرێزت بوونى پارتە سياسيەكان بۆ بونيادى ديموكراتى وەك پێويستيەك سەير دەكەيت، ئايا ئەو هۆكارانە چين پارتە سياسيەكان دەكاتە زەرورەت بۆ بونيادى ديموكراسى؟**

- من هيچ حاڵەتێكى لەم چەشنە شك نابەم و بەدڵنياييەوە بوونى پارتە سياسيەكان بەزەرورەت دەزانم بۆ ديموكراسى، لەڕاستيدا لەتێكڕايى ديموكراسيە سەركەوتووەكاندا پارتە سياسيەكان بوونيان هەيە كە لەڕووى دەستووريەوە ئازادن لەئەنجامدانى چالاكيەكانيان، بوونى پارتە سياسيەكان گرنگە بۆ گوزارشتكردن و خستنەڕوو و گەياندنى خواستى خەڵك، ناكرێت ئەم ئەركە بۆ تاكەكەسەكان جێبهێڵرێت، ئەمە پێويستە بە رێكخراوگەلێكى بۆئەوەى ببنە پارسەنگ بۆ دامەزراوە و دەسەڵاتەكانى حكومەت.

*** بەڵام هەنديك حاڵەت هەيە لە كاتى بونيادى ديموركراتى، دەبێتە ديارەديەكى تايبەت بۆ كۆمەڵگە رۆژهەڵاتيەكان و كەمتر لە كۆمەڵگاكانى رۆژهەڵات بوونى هەيە، ئەويش ديارەدەى سەرهەڵدانى رەوتى ناديموكراتيە لەگەڵ پرۆسە ديموكراتيەك، ئايا ئەم حاڵەت چۆن رووبەرووى ببينەوە؟**

- ئەمە يەكێكە لەكێشەكان لەبوارى ديموكراسيدا، سەرەتا دەبێت ئەوپەڕى بوار و ئازادى بۆ بيروباوەڕە جياوازەكان برەخسێنرێت، بەڵام دەبێت چۆن مامەڵ لەگەڵ ئەو هێزانەدا بكرێت كە دژى سيستمەكەن؟ من پێموايە ئەگەر هێزێك يان گرووپێك هەبن و يەكێك لەئامانج و ئەركەكانيان لەڕووخاندن و كۆتايى پێهێنانى سيستمەكەدا ببيننەوە، ئەوا دەبێت رێگە بەكاركردن و چالاكى نواندنى ئەم هێزانە نەدرێت، ئێمە لەئەزموونى نازيەكانى ئەڵمانيانەوە دەتوانين ئەم دەرسە وەربگرين، كە لەكاتى گەيشتنى بەدەسەڵاتدا هەڵسا بەكۆتايى هێنان و لەناوبردنى سيستمى ديموكراتى وڵاتەكە.

ئێمە لەئەزموونى نازيەكانى ئەڵمانيانەوە دەتوانين ئەم دەرسە وەربگرين، كە لەكاتى گەيشتنى بەدەسەڵاتدا هەڵسا بەكۆتايى هێنان و لەناوبردنى سيستمى ديموكراتى وڵاتەكە

# لەهەڵبژاردنەکانی

# مالکیی هەوڵدەدات سیناریۆی هەڵ

لەوانەیە کارێکی سروشتی بێت لەبەغداو شارەکانی دیکەی عێراق لەم هەفتەیەوە هەست بەگەموگوڕیەك وەك سەرەتایەك بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکان دەستپێبکات و لەهەرێمی کوردستان ئەم دیاردەیە هەستی پێنەکرێت، ئەوەی لەم حیاوازیە نابێتە جێگەی نیگەرانی ئەوەیە هاوپەیمانی کوردستان بەیەك لیست بەیەکگرتوویی دابەزێت، یان چەند لایەنێك بەلیستی جیا بەشداری بکەن، لەبەرئەوەی کۆمەڵێك کێشەی چارەسەرنەکراو لەنێوان و بەغدا و هەرێم بەهەڵواسراوی ماونەتەوە، ئەوا هەموو لایەنەکان ناچار دەکات لەناو پەرلەمانی عێراقدا یەکبگرنەوە، هۆکاری ئەمە ئاسانە لەبەرئەوەی رای گشتی کوردستان ئەوە لەلایەنە سیاسیەکانی کوردستان قەبووڵ ناکات لەناو پەرلەمانی عێراقدا ماڵی کورد لەت بێت، ئێستا بەپێی هەندێك کەسی ئاگادار کە بۆ ئەم راپۆرتە بەشداریان کردووین، پێدەچێت یەکگرتوویی ئیسلامی کوردستان و لیستی گۆران بەلیستی جیا بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا بکەن، بەڵام دەبوو یەکگرتوویی ئیسلامی پەندی لەجاری پێشوو وەربگرتایە و ئەمجارە بەجیا بەشداری نەکردایە، لەبەرئەوەی لەدوای حکومەتەکەی عەلاوی کە وەزارەتێکیان پێدرابوو، لەحکومەتی ئیبراهیم جەعفەری لێیان وەرگیرایەوە، ئەوان بۆیە جیا بەشداریان کرد بۆئەوەی وەزارەتەکەیان وەربگرنەوە، بەڵام لەحکومەتەکەی د. مالیکیشدا وەریان نەگرتەوە، بەڵام ئەو هەڵوێستەشیان لەبەرچاوە کە لەهەموو

رای گشتی کوردستان ئەوە لەلایەنە سیاسیەکانی کوردستان قەبووڵ ناکات لەناو پەرلەمانی عێراقدا ماڵی کورد لەت بێت



سیاسی
گوڵان
ژمارە (٧٥٢)
٢٠٠٩/١٠/١٢

# داهاتووی عێراقدا

# ـبژاردنی پارێزگاکان دووبارەبکاتەوە

کێشە چارەنووسسازەکانی نێو پەرلەمانی عێراقدا یەکگرتووی ئیسلامی دەنگی لەپاڵ دەنگی هاوپەیمانی کوردستاندا بووە. بەهەرحاڵ، هاوپەیمانی کوردستانی لیستی جیاشی تێبکەوێت، لەناو پەرلەمانی عێراق دەبێت هەموو بچنەوە پاڵ یەك، ئەگەر وانەکەن چەندین کێشە و چەندین پۆستی سەروەری و گرنگمان لە کیس دەچێت.

لایەنێکی دیکەی ئیجابی و مەترسیدار لەهەمانکاتدا مەسەلەی کەرکوکە، لایەنە ئیجابیەکەی ئەوەیە دادگای فیدراڵی بەوە رازی نەبوو کەرکووك لەهەڵبژاردنی پارێزگاکانی دادیێ بکرێتە ٤ بازنە، بۆیە کەرکوکیش وەك باقی پارێزگاکانی عێراق بەیەك بازنە دەچێتە هەڵبژاردنەکانەوە و ئەمەش هەواڵێکی خۆشە، بەڵام ئەوەی جێگەی مەترسیە و دەبێت کورد لەئاستیدا بەیەکگرتوویی بەرپەرچی بداتەوە، ئەو پەڵپ و بیانووانەیە کە هەندێك شۆڤێنی وەك گەڕانەوە بۆ ئاماریساڵی ٢٠٠٤ و بۆ بێبەشکردنی دەرکراوەکانی سیاسەتی تەعریب و تەرحیل لەدەنگدان، ئەم بیانووە زەنگێکی ترسناکە دەبێت کورد و کوردستانیەکانیش بەهۆشیاریەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، لەبەرئەوەی ئەم زەنگە پێماندەڵێت ناحەزانی کورد و عێراقی نوێ هەوڵدەدەن فێل لەو چارەسەرە یاسایانەش بکەن، کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دادگای فیدراڵی و دەستووری عێراق دەیخەنەڕوو.

دەبوو یەکگرتوویی ئیسلامی پەندی لەجاری پێشوو وەربگرتایە و ئەمجارە بەجیا بەشداری نەکردایە، لەبەرئەوەی لەدوای حکومەتەکەی عەلاوی کە وەزارەتێکیان پێدرابوو، لەحکومەتی ئیبراهیم جەعفەری لێیان وەرگیرایەوە



### حەمید مەجید موسا ( سکرتێری حزبی شیوعی عێراق) بۆ گوڵان :

# هاوپەیمانی کوردستانی بەتەنیا بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات و هەڵبژاردنەکانی کەرکوکیش وەک تێکڕای پارێزگاکانی عێراق دەبێت



**حەمید مەجید موسا سکرتێری حزبی شیوعی عێراق یەکێکە لەو تێکۆشەرانەی کە هەموو کات چ لەسەردەمی خەباتی چەکداری و چ لە قۆناغی ئۆپۆزسییۆن دژی رژێمی عێراق ( ١٩٩١-٢٠٠٣) هەموو کات دۆستی شۆڕشی کوردستان و بەشێك بووە لە شۆڕشەکە و یەکێك بووە لەوانەی لەهەموو قۆناخەکاندا داکۆکی لە مافەکانی گەلی کوردستان و کێشەی کەرکوك کردووەو کەرکوکی بەبەشێکی دانەبڕاو لەهەرێمی کوردستان زانیووە، ئەم سەرکردە عێراقییە شۆڕشگێڕە ئێستا ئەندامی پەرلەمانی عێراق، بەڵام مخابن هاوشێوەی ئەم تێکۆشە راستەقینانە لە عێراقدا کەمن، هەر بۆیە پرۆسەی بونیادنەوەی عێراق هەتا ئێستا نەیتوانیوە سەرکەتوو بێت، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئەمڕۆی عێراق و هەڵبژاردکانی ئایندەی عێراق، بەڕێز حەمید مەجید موسا بەمجۆرە تایبەت بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

ململانێیە لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا لەسەر سامان و باڵادەستی و نفوزی سیاسیی، بۆیە لەم روانگەیەوە سەیری یاسای هەڵبژاردن دەکرێت و هەر لایەکیش لە روانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە سەیری دەکات

*** هەست دەکرێت وتووێژو قسەو باسەکانی هەڵبژاردن هەر لە ئێستاوە تێکڕای هەوڵەکانی عێراقی داپۆشیوە، لە ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیشدا، ئەم وتووێژانە رەنگدانەوە و کاریگەری هەیە، حەزدەکەین بەڕێزت باسێکی ئەو کەشوهەوا سیاسییە گەرمەمان بۆ بکەیت، ئایا بۆچی وا زوو ئەم مەسەلەیە دەستی پێکرد؟**

- ئەم وتووێژە گەرمانە زوو دەستی پێکرد، ئێستا باردۆخەکە بە شێوەیەك بۆتە ململانێیەکی توند کە هەموو مەسەلەکانی دیکەی لە ناو ئەنجوومەنی نوێنەراندا داپۆشیوە، بەتایبەتی لەسەر یاسای هەڵبژاردن کە هەر لایەك دەیەوێت لەسەر حسابی لایەکەی دیکە لەبەرژەوەندی خۆی بشکێتەوە، ململانێکانیش بۆ بەرژەوەندی عێراق نییە، بەڵکو ململانێیە لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا لەسەر سامان و باڵادەستی و نفوزی سیاسیی، بۆیە لەم روانگەیەوە سەیری یاسای هەڵبژاردن دەکرێت و هەر لایەکیش لە روانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە سەیری دەکات، کە دەبوو هەموو لایەنەکان بەو جۆرە سەیری ئەم یاسایە بکەن کە چۆن ئەم یاسایە بکەنە دەربڕی سیمای کۆمەڵایەتی عێراق پیشاندەدات، بەڵام ئەوەی دەیبینن شتێکی دیکەیە، لایەنەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران دەیانەوێت ئەم یاسایە بە جۆرێك دەربچێت کە وەك پێویست کاری خۆی پێنەکرێت، هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی هەموارکردنی دەستوور، پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز، پەسەندکردنی یاسای پارتە سیاسییەکان، دوابکەوێت و من پێموایە دواش دەکەوێت، بۆیە وێڕای ئەوەی هەندێك باردۆخی ئاسایش بەرەو پێش چووە، ناوەناوەش کاری تیرۆستیی هەر ئەنجامدەرێت، وەك چوار شەمەی خوێناویی بەغدا، بۆیە لەگەڵ ئەوەی دەکرێت بڵێین هەندێك باری ئاسایش بەرەو پێشەوە چووە، بەڵام کێشە سیاسییەکان بوونەتە هۆکاری ئەوەی چەند مەسەلەی گرنگ دوابکەون.

*** هەر سەبارەت بەیاسای هەڵبژاردنەکان گوێبیستی ئەوە بووین، دوای لێدوانەکەی بەڕێز ئایەتوڵڵا سیستانی کە پشتگیری خۆی بۆ لیستی کراوە پیشاندا، لەسەر ئەمەش هەندێك کێشە دروست بووە، ئایا لایەنەکان تا چ رادەیەك ئەم مەسەلەیەیان یەکلایکردۆتەوە؟**

- پێش لێدوانەکەی بەڕێز سیستانی و لەکاتی لێدوانەکەشدا و پاش ئەویش، دەتوانم بڵێم هەموو لایەنەکان رەزامەندی خۆیان لەسەر لیستی کراوە پیشانداوەو هەموو لایەك بە لیستی کراوە رازیبوون، ئەو گرفتانەی رووبەڕووی یاسای هەڵبژاردن دەبنەوە بەتەنها مەسەلەی لیستی داخراو و لیستی کراوە نییە، بەڵکو مەسەکە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن زۆر لایەنی دیکە دەگرێتەوە وەك مەسەلەی کەرکوك، ماوەی ٦ مانگ زیاتر ئەم کێشەیە بەردەوامە و چەندین لیژنەی بۆ دانرا بەڵام نەیتوانی ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، هەتا درایە دادگای فیدرالی بۆ ئەوەی یەکلایبکاتەوە، مەسەلەیەکی دیکە مەسەلەی ئەوەیە ئایا عێراق چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن بێت؟ یان هەموو عێراق یەك بازنەی هەڵبژاردن بێت و لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟. مەسەلەیەکی دیکە تەمەنی پاڵێوراو بۆ



ئەندامیەتی ئەنجوومەنی نوێنەران، لەسەر ئەمەش کۆمەڵێك بۆ چوون هەیە، هەندێك دەڵێن لە ٣٠ ساڵەوە کەمبکرێتەوە بۆ ٢٥ ساڵ، هەندێك دەڵێن لە ٣٠ ساڵەوە زیاد بکرێت بۆ ٣٥ ساڵ، هەروەها مەسەلەی ئاستی خوێندی پاڵێوراوان بۆ ئەندامیەتی ئەنجوومەنی نوێنەران، ئایا ئەو بروانامەیەی داوا دەکرێت پاڵێوراو هەیبێت، ئامادەیی یان باڵاتر بێت، سەبارەت بە بەشداری ڕێژەی ئافرەتان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا، ئایا ڕێژەی ٢٥٪ وەك خۆی بمێنێتەوە یان زیاد بکرێت، سەبارەت بەوانەی لە دەرەوەی وڵاتن،چۆن بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن.

هەندێك مەسەلەی دیکە باسدەکرێن، کە بەراستی ئاستەنگ دروستکردنە، هەندێك دەیانەوێت هەمان ئەزموونی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی ساڵی ڕابردوو پیادە بکەنەوە، ئەمەش بە پیادەکردنی هەمان ئەو شێوازەی کەلەوهەڵبژاردنەدا پیادەکرا، بەڵام ئەوەی لەوهەڵبژاردنە پیادەکرا خواردنی مافی هەندێك بوو لەلایەن لیستە سەرکەوتووەکانەوە.

*** بەڕێزت ئاماژەت بە کێشەی کەرکوك کردوو کە ئەویش یەکێکە لەو کێشانەی ڕووبەڕووی یاسای هەڵبژاردن بۆتەوە، پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی کەرکوك لەپارێزگاکانی دیکەی عێراق جیادەکرێتەوە، ئایا تاچەند ئەم کێشەیە چارەسەر کراوە؟**

- یاسای هەڵبژاردن لە دوور لە نزیك پەیوەندی بە کەرکوکەوە نابێت، لەبەر ئەوەی کەرکوکیش وەك تێکڕای پارێزگاکانی دیکەی عێراق بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات، ئەو کێشانەشی کە لەکەرکوك هەن بە پێی مادە ١٤٠ی دەستووری عێراق چارەسەری بۆ دانراوە و چارەسەر دەکرێن، بەڵام بەداخەوە هەندێك لایەن کە ئەم ڕاستییەش دەزانن هەوڵدەدەن هەندێك مەسەلە دروست بکەن، ئەم مەسەلانە وەك کارتێك بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن و دەنگ کۆکردنەوە بە کاربهێنن، ئەمەش واتە کەرکوك بۆ دەسکەوتی سیاسیی خۆیان ئستیغلال دەکەن، پێشتر داوایان کرد هەڵبژاردنی لە پارێزگای کەکوك تایبەتی بێت و کەرکوك دابەش بکرێت بۆ ٣ بازنەی وەك یەك واتە ٣٢٪ بۆ کورد، ٣٢٪ بۆ تورکمان،٣٢٪ بۆ عەرەبە، ٤٪ بۆ کلدو ئاشوری، بۆیە ئەمە ئاستەنگی دروستکردو بەناچاری نێردرا بۆ دادگای فیدرالی، بەڵام دادگای فیدرالی ئەمەی ڕەتکردۆتەوەو وەڵامی داوەتەوە هەڵبژاردنەکانی کەرکوکیش وەك پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەبێت، بەڵام ئێستا چەند کێشەیەکی دیکەیان دروستکردووە، لەوانە دەڵێن دیموگرافیای کەرکوك گۆڕدراوە و دەبێت بگەرێنەوە بۆ ئاماری ساڵی ٢٠٠٤، ئێمە پێیان دەڵێین، گەڕانەوە بۆ ئاماری ساڵی ٢٠٠٤ واتە گەڕانەوە بۆ سیاسەتی تەعریب و تەبعیس و تەرحیل، بۆیە نابێت ئێمە بگەڕێینەوە بۆ زیندووکردنەوەی ئەو سیاسەتە، دەبێت حساب بۆ ئەو خەڵکانەش بکرێت کە گەڕاونەتەوەو بۆئەوەی ئەو سیاسەتەی پێشوو نەمێنێت،سیماکانی عێراقی نوێ دەربکەون، بۆیە ئێستا کار بۆ ئەوە دەکرێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، ئێمە وەك حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ ئەوەین عێراق هەمووی یەك بازنەی هەڵبژاردن بێت، لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکرێت و لە پارێزگای کەرکوکیشدا بەهەمان شێوە بێت، مەسەلەکانی دیکەی کەرکوکیش بەرێگەی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق چارەسەر بکرێت.

*** مەسەلەیەکی دیکە دەرکەوتنی سیمای هاوپەیمانییە سیاسییەکانە بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، ئێستا هەندێك هاوپەیمانی دەرکەوتوون، وەك هاوبەندی یەکگرتوو، لیستی دەوڵەتی یاسا،بەڵام هاوپەیمانی کوردستان تائێستا بێدەنگە، ئێوە وەك حزبی شیوعی عێراق و هێزە دیموکراتخوازەکانی عێراق بیدەنگن، ئایا بەڕای تۆ هاوپەیمانی کوردستان ئەمجارە چۆن بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات؟**

- ئێستا لیستی هاوبەندی عێراقی یەکگرتوو و لیستی دەوڵەتی قانوون خۆیان ڕاگەیاندووە، بۆیە من وای دەبینم لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە تەنیا بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات و هاوپەیمانی لەگەڵ هیچ لایەنێکدا لە پێش هەڵبژاردنەکان گرێنەدات، بۆیە ئێستا وای دەبینم پێکهاتەی هاوپەیمانییەکان وەك پێکهاتەی هاوپەیمانییەکانی هەڵبژاردنی پێشوو دەبێت و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی تیا بەدی ناکەم، ئەگەر گۆڕانکاریش هەبێت گۆڕانکارییەکان لاوەکین و سەرەکی نین، ئێمە وەك حزبی شیوعی عێراق و سەربەخۆکان و دیموکراتخوازەکان خوازیاری ئەوە بووین بەرەیەکی فراوانی نیشتمانی بۆ ی ئەم هەڵبژاردنە پێکبهێنرێت،کە تەجاوزی دابەشکردنی ئیتنی و مەزهەبی بکات و لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون سەرتاسەری عێراق بگرێتەوە و ئامانجی بونیادی دیموکراتی و عێراقێکی نوێ بێت، بەڵام بەداخەوە ئەم بەرەفراوانە پێکنەهات، بۆیە وا چاوەڕوان دەکرێت ئەمجارەش بەهەمان شێوازی هەڵبژاردنەکانی پێشوو( لەگەڵ هەندێك گۆڕانکاری لاوەکی هاوپەیمانییەکان بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن.

**دەکرێت بڵێین هەندێک باری ئاسایش بەرەو پێشەوە چووە، بەڵام کێشە سیاسییەکان بوونەتە هۆکاری ئەوەی چەند مەسەلەی گرنگ دوابکەون**

## د.مەحمود عوسمان بۆ گوڵان :

# ئەمجارەش لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن دوادەکەوێت، ئەمەش کارێکی باش نییە



**د.مەحمود عوسمان پەرلەمانتاری عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستانی یەکێکە لە سیاسەتمەدارە دێرینەکانی کوردستان و لای هەموو سەرکردە سیاسییەکانیش ڕێزی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی پەرلەمانتارێکی سەربەخۆیە و بە فەرمی وتەبێژی لیستی کوردستانیش نی یە، بەڵام ڕۆژانە چەندین جار لەسەر سیاسەت و هەڵوێستی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق و پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بۆ هەموو کەناڵەکانی جیهانی دەدوێت، سەبارەت بە باری سیاسی عێراق و نزیکبوونەوە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقیش، د.مەحمود عوسمان لە لێدوانێکی تایبەتە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

> هەڵبژاردنیش هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن و هەڵمەتێکی سیاسیش لەخۆدەگرێت، هەروەها هەوڵدان بۆ کارکردن و نزیکبوونەوە لەخەڵک و لە لایەنەکانیش لە خۆدەگرێت

*** مەسەلەی هەڵبژاردن نزیك بۆتەوەو هەمووولایەك لە هەوڵی خۆسازداندان بۆ ئەو هەڵبژاردنە، ئێوە بارودۆخی ئێستای عێراق لە پەیوەندیدا بە هەڵبژاردنەکانەوەو کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و شێوازی هاوپەیمانێتیەکان چۆن دەبینیت؟**

- لەڕاستیدا ئەنجامدانی هەڵبژاردن مەسەلەیەکی گرنگە، هەڵبژاردنیش هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن و هەڵمەتێکی سیاسیش لەخۆدەگرێت، هەروەها هەوڵدان بۆ کارکردن و نزیکبوونەوە لەخەڵك و لە لایەنەکانیش لە خۆدەگرێت، بە هەمان شێوە هەوڵدان بۆ خستنەڕوو شیکردنەوەی بەرنامەی خۆت بەشێك لەم هەوڵ و هەڵمەتانە، ئەوەی پەیوەندی بەعێراقەوە هەبێت ئەوا ئەم هەوڵانە دەستیان پێکردووەو چاوەڕوان دەکرێت لەهەفتەی ئایندەدا هەندێ هەموارکردن لە یاسای هەڵبژاردن پەسەند بکرێت، کێشەکانی پەیوەست بەمبوارە بریتین لەوەی هەڵبژاردن ئایا بە لیستی کراوە بێت یان داخراو، ئایا هەمووو عێراق یەك بازنەی هەڵبژاردن بێت یان چەند بازنەیەك بێت، هەروەها کێشەی کەرکوکیش لە ئارادایە کە هەندێ لە توندڕەوەکانی عەرەب و تورکمان کار بۆ ئەوە دەکەن هەڵبژاردن لەو شارەدا دوابخرێت یان یاسایەکی تایبەتی بۆ دەربکرێت کە ئێمە پشتیوانی لەم تەرحانە ناکەین.

*** باس لەوە دەکرێت کێشەی هەڵبژاردنی شاری کەرکوك بەرزکراوەتەوە بۆ دادگای فیدراڵی، ئایا ئەمە ڕاستە؟ ئایا دادگا لەم ڕووەوە هیچ بڕیارێکی دەرکردووە؟**

کاتی خۆی باس لەوە کرا کە کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای بە ڕێژەی لە سەدا ٣٢ بۆ هەریەکە لە کورد و عەرەب و تورکمان دابەش بکرێت، واتە هەموو لایەك یەکسان بن، دواتر پێشنیاری ئەوە کرا کەرکوك دابەش بکرێت بۆ چوار ناوچە یان بازنەی هەڵبژاردن، هەر پێکهات و نەتەوەیەك ناوچەی هەڵبژاردنی خۆی هەبێت، ئێمەش ئەم مەسەلانەمان بەرزکردەوە بۆ دادگای باڵا و دادگاش ئەم مەسەلەیەی ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند کە ناکرێت ئەو دابەشبوونە بکرێت لەبەر ئەوەی ئەمە جۆرێکە لە جیاکردنەوەی ڕەگەزپەرستانە ( فصل عنصری )، ئێستاش هەندێ جار باس لەوە دەکەن کە باری دانیشتوانی کەرکوك گۆڕاوە و دەبێت کار بە یاسای ٢٠٠٤ بکرێت و کوردە گەڕاوەکان بێبەش بکرێت لە دەنگدان، بیانووەکانی ئەوان بێ بناغەن لەبەر ئەوە ئێمەش پشتیوانیان لێناکەین.

*** ئایا مەسەلەی هەڵبژاردن بە لیستی کراوە یان داخراو بە کوێ گەیشت، بە تایبەتی کە لێدوانەکەی سیستانی دووبارە گەرم و گورییەکی دایەوە بەم موناقەشانە؟**

لەڕاستیدا زۆربەی خەڵك، یان هەموو خەڵك پشتگیری لە لیستی کراوە دەکەن، لەبەر ئەوەی دەیانەوێت بزانن دەنگ بە کێ دەدەن و کێ هەڵدەبژێرن، واتە چیتر خەڵکی نایەوێت ژمارە هەڵبژێرێت و دەوێت ڕۆڵی هەبێت لە هەڵبژاردنی کەسەکاندا، سیستانیش هەڵوێستی لەگەڵ لیستی کراوەدایە، ڕەنگە هەندێ لە سەرۆك کوتلەکان لیستی داخراویان پێباش بێت، لەبەر ئەوەی ئەمە دەرفەتیان پێدەدات بۆ ئەوەی خۆیان کەسەکان دیاری بکەن، بەڵام بە ڕای من لەبەرە ئەوەی خەڵك پشتیوانی لە لیستی کراوە دەکەن، ئەوا من پێم وایە لیستی کراوە پەسەند دەکرێت.

*** ئێمە دەزانین هاوپەیمانێتیەکانی دیکەی وەك ئیئتیلافی عێراقی و دەوڵەتی قانون ڕاگەیەنراون بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، ئایا هاوپەیمانی کوردستانی هەڵویستی چی دەبێت؟ ئایا لەگەڵ یەکێك ئەم لیستانەدا هاوپەیمانێتی دەکات؟ ئایا تێکڕای کوردستان بە یەك لیست بەشداری دەکەن یان لیستی جیاواز دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا وەك نەریتی هەموو

جارێکیـــان کە هاوپەیمانێتـــی لە هەموو شـــتێکدا دواکەوتوون، لەم مەسەلەیەشدا هـــەر دواکەوتوون. من خـــۆم یەکێکم لە هاوپەیمانێتـــی کوردســـتان، بـــەڵام من کەســـێکی ســـەربەخۆم و بڕیاردەرنیـــم، ئـــەوان لە هەموو شـــتێکدا دواکەوتوون و هێشـــتا نەکەوتونەتە خۆیان، بەڵام دواتر دەکەونە پەلەپەل، نابێـــت ئەوان چاوەڕێی دروســـتکردنی لیســـتی پاڵێـــوراوەکان و دیاریکردنی کەســـەکان بن، بەڵکو دەتوانن هەڵمەتی سیاســـی خۆیان بکەن، شەرحی سیاســـەت و بەرنامەی خۆیـــان بکەن و پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکاندا بکەن. دواتر لایەنی کوردستانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەم لایەنانانـــەدا ناکات، چونکە ئەوانیش ڕایانگەیاندووە کە بە تەنها بەشداری دەکەن و دەکرێـــت دواتر بە پێی قورســـایی هەر لیســـتێك و ڕای لیستەکانی دیکە لەسەر مەســـەلەی کورد هاوپەیمانێتی بکرێت. ئەوەی پەیوەندی بە کوردســـتانەوە هەبێت ئەوا دیارە کەفرەلیســـتی دەبێت، لیستی گـــۆڕان بە جیا و لیســـتی یەکگرتووش بەجیا بەشداری دەکەن، بەڵام دەبێت دواتر لە پەرلەماندا یەك هەڵوێست و یەك دەنگ بن و پێکەوە کاربکەن، چونکە مەسەلەکانی پەیوەندیـــان بە ماف و دەســـتکەوتەکانی کـــوردەوە دەبێت و دەبێـــت هەموو لایەك داکۆکی لێبکـــەن و هەماهەنگی لەگەڵ یەکدا بکەن.

*** ئومێـــدی ئـــەوە هەبـــوو گـــۆڕان و یەکگرتوو لەگەڵ لیســـتی هاوپەیمانێتی بەشـــداری بکەن بە یەك لیســـتی بۆچی ئەمە ڕووینەدا؟**

- من پێم وایە لـــەم ڕووەوە کارێکی زۆر نەکراوە لە کوردســـتاندا، واتە دانیشتن و گفتوگۆ و دانوســـتاندن لە کوردستان زۆر کەمکراوە بـــۆ لێکنزیکبوونـــەوە، ئەوەی ئاشکراشـــە گـــۆڕان خوازیارە بـــە تەنها بەشداری بکات و ڕەنگە یەکگرتووش بە چەشنی جاری پێشوو بە تەنها بەشداری بکات.

*** ئایا ئەم لێکدابڕانە چەند زیان بە کێشەی کورد دەگەیەنێت، چونکە پێشتر باس لەوە دەکرا کە ســـەرەڕای ئەوەی یەکگرتوویت لە بەغدا بـــەڵام ژمارەمـــان کەمە، ئایا ئەمجارەیان کە لیســـتی جیاوایش هەبێت بارودۆخەکە چۆن دەبێت؟**

- لە ڕاســـتیدا پێشـــتریش لیستی ئێمە و لیســـتی یەکگرتـــوو جیاواز بـــوو، بەڵام هیچ کێشـــەیەك ڕوویندەداو هەڵوێســـتمان جیاواز نەبوو لە کێشـــەکانی پەیوەست بە کوردســـتانەوە، ئەمجارەش ئەگەر لیستی جیاوازیش هەبێت ئەوا ناکۆکی ڕوونادات، لەبەر ئەوەی کێشەکانی بۆ هەموو لایەك وەك یەکـــە، بۆ نموونە کێشـــەی ماددەی ١٤٠، کێشـــەی کەرکوك، نـــەوت و غاز، ســـنوری هەرێمی کوردســـتان و کێشەی پێشمەرگە، کە چاوەڕوان دەکرێت هاوکاری و هاوهەڵوێســـتی هەبێـــت لـــە نێوانیاندا لەم مەســـەلانەدا. بە دڵنیاییـــەوە دەبێت هەوڵیشـــی بۆ بدەین بۆ هێنانەدەی ئەم هەماهەنگییە.

*** ئایـــا جیاوازییەکـــە تەنهـــا لەســـەر دابەشکردنی کورسییەکانە؟**

- ڕەنگە ڕاوبۆچوونی جیاوازیش هەبێت، بەڵام ئـــەوەش مەســـەلەیەکە کـــە ئایا دەبێت هەر لایەك چەند کورســـی هەبێت لـــە پەرلەماندا، ڕەنگە بکرێت لیســـتی گـــۆڕان و لیســـتەکانی دیکەش لەگەڵ هاوپەیمانێتـــی کوردســـتانیدا کۆبوونەوە بکـــەن بۆ ئـــەوەی ڕێك بکەون لەســـەر چۆنییەتی دابەشـــکردنی کورسییەکان و لەســـەر بەرنامەیەکی سیاسی هاوبەش، بەڵام تا ئێســـتا ئەمە نەکـــراوە و هیچ ئاماژەیەکیش نی یە کە بکرێت و ڕەنگە ئاڕاستەکە بەرەو بەشداری کردنی لیستی جیاوازبێت.

*** ئێســـتا پرســـیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك دووبارە پۆســـتە ســـیادییەکان دەدرێنـــەوە بە کورد، کە مـــەرج نی یە یەکێتی و پارتیش بن، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەگەری ئەمە لە ئارادایە؟**

- پۆستە سەرەکییەکان گرنگن، بەڵام ئەگەر ئێمە توانیمان ئەو پۆستانە بەدەستبهێنین ئەوا دەبێـــت ئیشـــیان تێدابکەین، دەبێت ئەو کەســـانەی ئەم پۆســـتانە وەردەگرن دەوام بکەن لە بەغـــدا، چونکە ئێمە لەم ڕووەوە چەند کێشـــەیەکمان هەیە، یەکەم دەبێت یەکگرتوو بین، دووەم دەبێت کار بۆ بەدەستهێنانی پۆستە گرنگەکان بکەین و لە کاتی وەرگرتنیشیدا ئیشیان تێدابکەین، ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێت بەشێکین لەم وڵاتە و کێشەکان لە بەغدا چارەسەردەکرێن، بودجەیە لە بەغدا بڕیاری لەسەر دەدرێت، کێشەی کەرکوك و ماددەی ١٤٠و ناوچە دابڕاوەکان لێرە چارەسەردەکرێن، ئێمە نابێت بەغدا فەرامـــۆش بکەین و دەبێت ڕۆڵی خۆمان ببینین. بە قەناعەتی من کوردستان قورسایی خۆی هەیە و دەتوانێت ڕۆڵێکی باش ببینێت، بـــەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو کەسانەی لەم پۆستانەدا دادەنرێت کەسی شـــیاو و بە کەفائەت بـــن، دواتر دەبێت ئێمـــە لە بەغدا هـــاوکاری یەك بکەین و هەماهەنگی لەگەڵ یەکدا بکەین.

*** ئایا گەرم و گـــوڕی هەڵبژاردنەکان نەبونەتەهـــۆی ئەوەی چارەســـەرکردنی کێشەکان دوابخرێت بۆ دوای هەڵبژاردن، ئایا ئەو لیژنانەی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێکهێنرابوون کاری خۆیان دەکەن لەم ڕووەوە؟**

- لە ڕاســـتیدا حاڵی حازر هیچ شتێك لە ئارادا نی یـــە، هەلومەرجەکە بێدەنگە و شەڕی ڕاگەیاندن و لێدوانی توندوتیژی و گـــرژی نییە لـــە نێـــوان لایەنەکاندا، پێدەچێـــت حکومەتی عێراق ســـەرقاڵ بێت بە هەڵبژاردنەوە، برادەرانی خۆشـــمان ســـەرقاڵبوون بە هەڵبژاردن و ئێستاش بە پێکهێنانی حکومەتـــەوە، لەم ڕوانگەیەوە پێدەچێت کێشـــەکان دوابخرێت بۆ دوای هەڵبـــژاردن و ئەو کاتە بـــە پێی تەرازوو هاوســـەنگی هێزی نێوان لایەنەکان بڕیار لەسەر ئەم مەسەلانە بدرێت.

*** ئایا بۆچـــی تا ئێســـتا جێگەی د. بەرهەم پڕنەکراوەتەوە، ئایا ناکۆکییەکە لە نێوان پارتی و یەکێتیە یان هۆکاری دیکە هەیە؟**

- بێشـــك مەســـەلەکە لە نێوان پارتی و یەکێتیدایـــە، من پێم وایە ئەو پۆســـتانە گرنـــگ و نابێت بە بەتاڵـــی بمێننەوە، حکومەتـــی عێـــراق خوازیـــاری ئەوەیە بەمشێوەیە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بە خواستی خـــۆی کارەکان بەڕێوەببات، من پێم وایە دەبـــوو زووتر ئەم پۆســـتە پڕبکرایەتەوە، هەر ئەو کاتەی د. بەرهەم سەرقاڵبوو بە هەڵبژاردنەکانی کوردســـتانەوە، واتە دوو سێ مانگ پێش ئێســـتا، مانەوەی ئەم پۆســـتە بە بەتاڵی لە بەرژەوەندی کورددا نـــی یە، ئـــەوەی من بیســـتبێتم ئەوەیە چاوەڕوانی هاتنەوەی سەرۆك مام جەلال دەکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ کاك مەسعوددا بگەنە ڕێککەوتن لەمبارەیەوە.

**کێشەی کەرکوکیش لە ئارادایە کە هەندێ لە توندڕەوەکانی عەرەب و تورکمان کار بۆ ئەوە دەکەن هەڵبژاردن لەو شارەدا دوابخرێت یان یاسایەکی تایبەتی بۆ دەربکرێت کە ئێمە پشتیوانی لەم تەرحانە ناکەین**

**ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبێت ئەوا دیارە کەفرەلیستی دەبێت، لیستی گۆڕان بە جیا و لیستی یەکگرتووش بەجیا بەشداری دەکەن، بەڵام دەبێت دواتر لە پەرلەماندا یەک هەڵوێست و یەک دەنگ بن و پێکەوە کاربکەن، چونکە مەسەلەکانی پەیوەندیان بە ماف و دەستکەوتەکانی کوردەوە دەبێت و دەبێت هەموو لایەک داکۆکی لێبکەن و هەماهەنگی لەگەڵ یەکدا بکەن**

# تەنها گۆڕانكارییەک لە هەڵبژاردنەكانی عێراقدا ئەگەری دەنگهێنانی زۆری مالكییە

**خاتوو دیبرا شالوم ئوستادی زانستی سیاسەت و حكومەتە لە زانكۆی ولیام و ماری (William and Mary.) و تایبەتمەندە لەسەر سیستمی سیاسی حكومەتەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە عێراقیشەوە، بۆ قسەكردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و ئایندەی عێراق خاتوو دیبرا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

*** چۆن وەسفی بارودۆخی ئێستای عێراق دەكەیت؟**

- من ئەوە بە قوتابییەكانم دەڵێم كە عێراق جۆرێك لەدژ یەكی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، لەلایەك ئەم وڵاتە پێگەی هەندێ لە شارستانییەتە ئینسانییە دێرینەكانە، لەلایەكی دیكەوە دەوڵەتی هاوچەرخی عێراق مێژوویەكی كۆنی نییە. لە هەمووشی گرنگتر، ئەم دەوڵەتە لە لایەن هێزە ئەوروپییەكانی دوای جەنگی جیهانی یەكەم دروستكرا (بەتایبەتی بەریتانیا)، ئەم هێزانەش بەپێی بەرژەوەندی خۆیان نەخشەی سنوورەكانی ئەم وڵاتەیان كێشا، كە تەنها مەعریفەیەكی مەحەلی كەمیان هەبوو دەربارەی ئەم وڵاتە. لە حاڵەتی عێراقدا، بۆ ئەوەی دەوڵەتێكی نوێ دروست بكەن، هەڵسان بە كۆكردنەوەی سێ ویلایەتی عوسمانی، كە لەگروپی ئاینی و ئیتنی جیاواز پێكهاتبوون. لەبەر ئەوەی دووچاری بەرهەڵستی بوونەوە لەلایەن هاوڵاتیانی ئەم قەوارەیە نوێیەوە، بەریتانیا فەیسەڵ، كوڕی شەریف حوسێنی مەككەی-كە عەرەبێكی سوونە بوو- كردە پاشای عێراق بۆئەوەی یاساونیزام بسەپێنێت. پێم وایە تێگەیشتن لە ژیانی سیاسی هاوچەرخی عێراق، لەگەڵ هەموو دابەشبوونە ئیتنی ودەستێوەردانە دەرەكییانەدا، پێویست بەوە دەكات لەوە تێبگەین سەرەتا چۆن لە عێراق ڕوانراوە وەك دەوڵەتێكی هاوچەرخ.

**عێراق جۆرێک لەدژ یەکی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، لەلایەک ئەم وڵاتە پێگەی هەندێ لە شارستانییەتە ئینسانییە دێرینەکانە، لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتی هاوچەرخی عێراق مێژوویەکی کۆنی نییە**

*** ئێستا لە عێراقدا بەرەو هەڵبژاردنی نیشتمانی دەچین ئایا بەڕای تۆ تاچەند ئەم هەڵبژاردنە نەخشەی سیاسی عێراق دەگۆڕێت؟**

- من پێشبینی كاریگەری گەورە ناكەم بەهۆی ئەنجامی هەڵبژاردنەكانەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو لێكدانەوەو تێڕوانینەی خۆم كە پێم وایە سەرۆك وەزیران لەپێگەیەكی باشتروبەهێزتردایە بۆئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنەكاندا بكات، بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان لەم ساڵدا. من هیچ هۆكارێك بەدی ناكەم بۆ ئەوەی هاوڕانەبم لەگەڵتاندا،من پێشبینی گۆڕانكاری گەورە ناكەم لە نەخشەی سیاسی عێراقدا، بەڵام هێشتا پێویست بە ئاڵوگۆڕ دەكات لەهاوپەیمانێتییەكاندا، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە هاوپەیمانێتییەكەی مالیكییەوە هەیە. ئەگەری ئەوەیە دەنگی زۆر بهێنێت.



*** بەو پێیەی دووبارە عێراق لەسەر بنەمای ئیتنی و تائیفی دەنگ دەداتەوە. ئایا نەبوونی پارتێكی نیشتمانی بەهێز بۆ ئەوەی بەشداری بكات لە هەڵبژاردنەكاندا تا چ ڕاددەیەك زیان بەپرۆسە سیاسییەكە دەگەیەنێت لە عێراقدا؟**

- نەبوونی هاوپەیمانێتییەكی نیشتمانی بەرفراوان یەكێكە لە نیگەرانییەكان، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئەو قۆناغە سیاسییەی ئێستا عێراقی پێیدا تێدەپەڕێت، ئێمە دەتوانین لە هۆكارەكانی ئەم حاڵەتە تێبگەین. ئەو هەنگاوە بچوكانەی تائێستا هەڵگیراون مایەی هاندانن بۆ نموونە،ململانێی نێوشیعەكان سەری كێشا بۆ ئەوەی مالیكی هەڵبستێت بە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی گروپە سیاسییە غەیرە شیعەكان بۆ ئەوەی وەك هاوپەیمانێكی سیاسی كاریان لەگەڵدا بكات.

*** هەندێ كێشەی هەڵپەسێردراوی چارەسەرنەكراو هەن لە عێراقدا، لەبەر ئەوەش لەكاتی نزیكبوونەوە لە هەڵبژاردنەكان ئەم كێشانە دەبنە كارتی سەرەكی بەدەست لایەنە بەشداربووەكانەوە. ئەوا تاچ ڕاددەیەك كێشەی ئەم ناوچانە دەبنە هەڕەشە بۆسەقامگیری هەرێمی كوردستان؟**

- بەدڵنیاییەوە من نیگەرانم لە گرژی و كێشە هەڵپەسێردراوەكانی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی مەركەزی لە بەغدا. بە تایبەتی چارەنووسی كەركوك و كێشەی موسڵ مایەی گیروگرفتن لەبەر ئەوەی لەیەك كاتدا كێشەی موجەڕەدد ( كە كێشەگەلێكی قورسیشن) لە خۆدەگرن وەك كێشەی ناسنامە، هەروەها كێشەی عەمەلیش لەخۆدەگرن وەك داهاتی نەوت، كە دەبێت لەلایەن یاسای نەوتەوە چارەسەربكرێت. من زۆر هاوسۆزم لەگەڵ نیگەرانییەكانی كوردەكاندا دەربارەی سیاسەتی بەعەرەبكردن كەلەلایەن سەددام حوسێنەوە جێبەجێكران و بوونەهۆی لاوازكردنی بانگەشەی خاوەندارێتی كەركووك و موسڵ لە لایەن كوردەكانەوە.



لە هەمان کاتدا من نیگەرانم دەربارەی ئەو ڕاپۆرتانەی باس لە بەکارهێنانی هێزی ئاسایش دەکەن لەلایەن کوردەکانەوە بۆ فشارخستنەسەر دانیشتووانە غەیرە کوردەکان بۆ جێهێشتنی ئەم ناوچانە کە ناکۆکییان لەسەرە.

*** هەتا ئێستاش دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ لە عێراقدا درێژەی هەیە، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم دەستێوەردانانە کاریگەری خراپیان دەبێت لەسەر بارودۆخەکە و لەسەر هەڵبژاردنی داهاتوو؟**

- دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان لە عێراقدا کێشەیەکی درێژخایەنە، ئەگەری بەردەوامبوونیشی هەیە،ڕەنگە چەند بەرەوپێشچوونێکی سەرنجڕاکێش ڕوبدەن. ئێمە حاڵەتی ئێرانمان هەیە، کە ڕەنگە سیاسەتی ناوخۆی وڵاتەکە پاڵنەری سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکە بێت تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئەمەریکا و ئیسرائیل گورزێکی سەربازی لە ئێران بووەشێنن (کە من پێشبینی ناکەم، بەڵام ناڵێم یەکێکیش نییە لە ڕێگاچارەکان کە ڕەنگە پەنای بۆ ببردرێت)،کە ئەمەش ئێران هاندەدات بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە ڕێگەی چالاککردنی دەستڕۆیشتووی خۆیەوە لە عێراقدا بکاتەوە. بە دڵنیاییەوە، سوریا گەمەکارێکی گرنگە، لەبەر ئەوەی دەروازەی سەرەکی پەڕینەوەی چەکدارە دەرەکییەکانە بۆ ناو عێراق. ئومێدی من ئەوەیە بەهۆی هەوڵە دیبلۆماسییەکانی ئیدارەی ئۆباما و سعودییە لەگەڵ سوریادا، هەروەها بە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل-سوریادا، ئەم هەنگاوانە ببنە هۆی دوورخستنەوەی سوریا لە ئێران و بەرەو بەرەی میانڕەوی دەوڵەتە عەرەبییەکان بڕوات.

*** لە پرۆسەی زیادکردنی هێزەکاندا، ئیدارەی سەرۆك بۆش هەوڵیدا یاخیبوونی سوننەکان لە ڕێکخراوی ئەل قاعیدە جیابکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا کێشەکە چارەسەرنەکراوە، مەترسی ئەوە لە ئارادایە دووبارە توندوتیژی سەرهەڵبداتەوە، کەواتە تا چ ڕادەیەك هاوڕایت و پێشبینی ئەوە دەکەیت ئەم ئەگەرە ببێتە واقیع؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا کە ئەمە کێشەیەکە. پلانی ئەمەریکا بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ ئەنجومەنەکانی سەحوەدا تەواو سەرکەوتووبووە، لە بەشێکیدا بەهۆی بڕیاری سوونەکان بۆ کۆتایهێنان بە هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوی ئەل قاعیدە، لە بەشێکیدا بەهۆی ئامادەی ئەمەریکا بۆ چەکدارکردن و پێدانی مووچەوە بەم چەکدارانە کە ئەمەریکا پێیان دەڵێت « کوڕانی عێراق». لەبەر چەند هۆکارێك کە مایەی تێگەیشتنن سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەوەندە پەرۆش نەبووە بۆ ئاوێتەکردنی سەحوە «کوڕانی عێراق» لە هێزە ئەمنییەکانی وڵاتەکەدا، بەو ڕادەیەی ئەمەریکا گوشاری بۆ دەکرد.نیگەرانی من ئەوەیە هەر کاتێك ئەمەریکا کشاندنەوەی خۆی تەواوکرد لە عێراقدا، ئەوا بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزبوون زیاتر بچێت، بە تایبەتی ئەگەر مالیکی بەردەوام بێت لەسەر ئاوێتەنەکردنیان لە هێزە ئەمنییەکاندا، یاخود ئامادەنەبێت موچەیان پێبدات. بە دڵنیاییەوە ئەم بەرەوپێشچوونە سلبیە دەبێتەهۆی هەڵکشانی ڕەوتی توندوتیژی.

*** زۆرێك لە چاودێران باوەڕیان وایە، لایەنە سیاسییەکانی عێراق وەرگرتنی هەڵوێست دژی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵاتەکەدا وەك کارتی سەرەکی بەکاردەهێنن لە هەڵبژاردنەکەدا، واتە هەندێ لە گروپەکان ئەم مەسەلەیە ئیستیغلال دەکات و بەکاری دەهێنێت لە هەڵبژاردنەکاندا. لێرەدا، ئەوە دەبینین بەردەوام پێداگیری دەکات لەسەر کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراق، کەواتە تا چ ڕادەیەك ئەم گروپانە سەرکەوتوو دەبن لەم کارەیاندا؟**

- ئەوەندەی من ئاگاداربم، ئەو گروپە گەورەیەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەوروژێنێت و داوای پاشەکشەی دەستبەجێی ئەم هێزانە دەکات شوێنکەوتووانی موقتەدا ئەلسەدرن. لەبەر ئەوەی ڕەوتی سەدر ئەنجامێکی نائومێدکاری لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا بەدەستهێنا، ئەوا من باوەڕم وانییە گروپەکانی دیکە هەمان هەڵوێستی ئەم ڕەوتە بگرنەبەر.

*** ئایندەی عێراق چۆن دەبینیت؟ ئایا ئەم وڵاتە بە یەکگرتووی دەمێنێتەوە؟**

- من پێم وایە عێراق بە یەکگرتووی دەمێنێتەوە، هیواداریشم بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە. بەڵام ئەمە پێویستی بە بڕیارگەلێکی سەخت هەیە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزییەوە.

**من پێشبینی کاریگەری گەورە ناکەم بەهۆی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو لێکدانەوەو تێڕوانینەی خۆم کە پێم وایە سەرۆک وەزیران لەپێگەیەکی باشتروبەهێزتردایە**

## جۆن تیرمان تایبەتمەند لەسەر دۆسیی کورد و عێراق بۆ گوڵان :

# بارودۆخی عێراق جیاوازە لەوانەیە هەتا ٣٠ ساڵی داهاتووش عێراقییەکان بەمشێوەیەی ئێستا دەنگبدەن و بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن

**پرۆفیسۆر جۆن تیرمان کە بەڕێوەبەری ئامۆژگای ماسیۆشیتە بۆ دیراساتی نێو دەوڵەتی و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق و هەروەها تایبەتمەند و پسپۆریشە لە سەر کورد و ئاگاداری ڕەوشی کوردە نەك هەر لە عێراق بەڵکو لە تورکیاش، هەربۆیە پرسیارەکانمان لەم دیمانەیە تارادەیەك هەمەلایەن و فراوانە، بەڵام تەوەری سەرەکی ئەم دیمانەیە هەڵبژاردنەکانی ئاییندەی عێراقە، ئەمەش دەقی لێدوانەکی پرۆفیسۆر جۆن تیرمانە بۆ گوڵان:**

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق دەبینیت؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە لە ماوەی دووو ساڵی ڕابردوودا بەرەوپێشچوون ڕوویداوە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە داکشان و کەمبوونەوەی ئەو شەپۆلی توندووتیژییەی لە ئارادابوو، بەڵام هێشتا عێراق ڕێگایەکی دوورودرێژی لە پێشە بۆ ئەوەی ببێتە کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و سەرکەوتوو. بە کورتی هەلومەرجی عێراق لە بەرەوپێشچوندایە دووای ساڵانێکی پڕ لە توندووتیژی وێرانکاری.

**هەلومەرجی عێراق لە بەرەوپێشچوندایە دووای ساڵانێکی پڕ لە توندووتیژی وێرانکاری**

*** عێراق لە سەروبەندی خۆئامادەکردندایە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان. بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ڕاددەیەك پێشبینی ئەوە دەکرێت ئەم هەڵبژاردنانە کاریگەرییان هەبێت بەسەر بارودۆخی سیاسی و ئەمنی وڵاتەکەوە، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەگەری گۆڕانی نەخشەی سیاسی وڵاتەکەی لێدەکرێت؟**

-لە ڕاستیدا ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە دوو ڕووەوە گرنگە، یەکەمیان: هەڵبژاردن دەرفەت بۆ هاوڵاتیان دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ڕۆڵیان هەبێت لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا، ئەمەش دەبێتەهۆی بەهێزکردنی شەرعیەتی حکومەت، دووەم: ئەگەر هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و گونجاو ئەنجامبدرێن ئەوا خەڵکی دەتوانن ئازادانە دەنگ بدەن، بێ ئەوەی ترس و نیگەرانیان هەبێت کە دووچاری هەڕەشە و مەترسی دەبنەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە، هەروەها پارتە سیاسییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتیش دەتوانن ئامادەسازی بکەن بۆ بەشداریکردن، هەموو ئەمانەش کاریگەری

**هەڵبژاردن دەرفەت بۆ هاوڵاتیان دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی ڕۆڵیان هەبێت لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا، ئەمەش دەبێتەهۆی بەهێزکردنی شەرعیەتی حکومەت**



ئیجابیان لێدەکەوێتەوە لەسە پتەوکردن و پەرەپێدانی سەقامگیری و ئەو حکومەتەی دێتە ئاراوەو، باشتر دەتوانێت کار بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی ئابووری و دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و باشترکردنی بارودۆخی ئەمنی بکات. ڕاستە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا کێشە و کەموکوڕی هەبوون، بەڵام ئەمە جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر ڕابردووی پڕ لە سەرکوتکاری عێراق لەبەرچاوبگرین. ئومێدی ئێمە ئەوەیە هەڵبژاردنێکی نەزیە و عادیلانە بکرێت و ڕێژەیەکی بەرزی دەنگدەران بەشدرای تێدابکەن، لەبەر ئەوەی ئێمە کاریگەری هەڵبژاردنەکانی ئێران و ئەفغانستانمان بینی، کە لەبەرئەوەی خەڵکی ئەو دوو وڵاتە باوەڕیان وانییە دەرئەنجامەکان شەرعی بن و بانگەشەی ئەوە دەکرێت ساختەکاری ئەنجام دراوە، ئەوا ئەم دوو وڵاتە دووچاری گیروگرفتی سیاسی بوونەتەوە، ئێمە هیوادارین عێراق خۆی لەم کێشەیە بەدووربگرێت، چونکە باجی ئەنجامدانی ساختەکاری زۆر گەورەترە لە باجی دۆڕاندنی لایەنێك یان چەند لایەنێکی دیاریکراو.

*** ئەو هاوپەیمانێتیانەی تا ئێستا لە عێراقدا دروست بوونە زۆربەیان هاوپەیمانێتی ئیتنی یان تائیفین، واتە هەوڵێك نییە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکی نیشتمانی، بەو پێیە دووباره عێراق لەسەر بنەمای ئیتنی و تائیفی دەنگ دەداتەوە. ئایا نەبوونی پارتێکی نیشتمانی بەهێز بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە هەڵبژاردنەکاندا تا چ ڕاددەیەك زیان بە پرۆسە سیاسییەکە دەگەیەنێت لە عێراقدا؟**

-پێدەچێت نەتوانین لە ئێستادا خۆمان لەم دەرئەنجامە لابدەین و لە ڕاستیدا من نازانم دەتوانین لە مەودای نزیکدا لەم ڕووەوە چی بکەین. ئەو کاتە خەڵکی پتر پەیوەست دەبنەوە بە گروپە ئیتنی و ئاینییەکەی خۆیانەوە ئەگەر هەست بە هەڕەشە و مەترسی بکەن، بەڵام ئەگەر بارودۆخەکە بەرەو ئارامی و سەقامگیری بڕوات، ئەگەر خەڵکی هەست بە سەلامەتی بکەن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و حکومەتی هەلی کارکردنیان بۆ بڕەخسێنێت، ئەوا دەکرێت وورده وورده هەستی نیشتمانپەوەریەتی خەڵك بەهێزبکرێت، بەڵام من پێم وایە ئەمە کارێکی زەحمەتە و پێویستی بە ماوەیەکی دوورودرێژ دەبێت و ڕەنگە پێویستی بە ٣٠ ساڵی دیکە بۆ ئەوەی ئەمە ڕووبدات و بۆ ئەوەی بە چەشنی وڵاتانی ئەورووپا پارتگەلێکی سیاسی نیشتیمانی دروست بن، بەڵام دەکرێت ئەم ئامانجە بەدی بهێنرێت

ئەگەر تێکڕای پارتە سیاسییەکانی کار بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی عێراق بکەن، ئەگەر کار بۆ سەقامگیری و گەشەپێدانی وڵاتەکەیان بکەن.

*** زۆرێك لە چاودێران باوەڕیان وایە، لایەنە سیاسییەکانی عێراق وەرگرتنی هەڵوێست دژی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵاتەکەدا وەك کارتی سەرەکی بەکاردەهێنن لە هەڵبژاردنەکەدا، واتە هەندێ لە گروپەکان ئەم مەسەلەیە ئیستیغلال دەکات و بەکاری دەهێنێت لە هەڵبژاردنەکاندا. لێرەدا، ئەوە دەبینین بەردەوام پێداگیری دەکات لەسەر کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراق، کەواتە تا چ ڕادەیەك ئەم گروپانە سەرکەوتوو دەبن لەم کارەیاندا؟**

- لە ڕاستیدا عێراقییەکان هەستێکی تێکەڵیان هەیە لە ئاست هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی لەلایەك، تێکڕای عێراقییەکان- جگە لە گروپێکی کەمی کۆنە بەعسییەکان نەبێت - خۆشحاڵن بە ڕووخان و ڕاماڵینی ڕژێمی سەددام حوسێن لەسەر دەستی هێزەکانی ئەمەریکا، بەڵام لەلایەکی دیکەوە پێیان وایە هێزەکانی ئەمەریکا لە دووای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسەوە ئەدایەکی خراپیان هەبووە، بە تایبەتی لە چۆنییەتی و شێوازی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا، کە بە دڵنیاییەوە هێزەکانی ئەمەریکاش بەهۆی ئەو مامەڵە ڕەقەی ئەنجامیان دا هەلومەرجی ناسەقامگیریان خولقاند، لەبری هەلومەرجی سەقامگیری، واتە هێزەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٤ و تاوەکو ساڵی ٢٠٠٧ ئەدایەکی باشیان نەبوو لە هەوڵەکانیاندا بۆ هێنانەدی سەقامگیری، بە هەمان شێوە ئەمەریکا یارمەتی دارشتنی دەستورێکی دا لە عێراقدا کە کاریگەری هەبووە لەسەر بەهێزکردن و قوڵکردنەوەی هەست و ئینتیما و ناسنامە ئاینی و ئیتنی و تائیفییەکان، هەرچەندە ئەمانە هەڵەی ئەنقەست نەبوون، واتە لە بنەڕەتدا ئەمەریکا نییەتی نەبوو، یان خوازیاری ئەوە نەبوو بارودۆخە بەو ئاڕاستەیەدا بڕوات. لەم ڕوانگەیەوە جێی سەرسوڕمان نییە ئەمەریکا لایەنگەلێك هەبن لە عێراقدا بیانەوێت تەرکیز لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەن.

*** ئێمە دەزانین کێشەی هەڵپەسێردراو لە نێوان کورد و عەرەبەکاندا هەیە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەستورەوە هەیە، هەروەها کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و یاسای نەوت و گاز، کە تا ئێستا ئەم دوولایەنە نەگەیشتونەتە هیچ ڕێککەوتنێك، بەم دوواییەش ئەمەریکا چەند هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم کێشانە و جێگری سەرۆکی ئەمەریکاش بۆ ئەم مەبەستە سەردانی عێراقی کرد بە هەرێمی کوردستانیشەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئیدارەی ئۆباما تا چ ڕادەیەك بایەخ بە یارمەتیدانی لایەنە عێراقییەکان دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە؟**

- من پێم وایە دەبێت ئەم کێشانە لە نێو خودی عێراقییەکان خۆیاندا چارەسەربکرێت، دەکرێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕێی گفتوگۆو بەکارهێنانی هێزی دیبلۆماسییەوە هاوکار و یارمەتیدەر بێت، بە هەمان شێوە وڵاتان و لایەنەکانی دیکەش کە نییەتی باشیان هەیە لە ئاست عێراقدا، واتە من پێم وانییە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بەهیچ شێوەیەك چارەسەری ئەم کێشانە بکات. ڕاستە کێشەی گەورە هەن دەربارەی ئەوەی چ لایەنێك باڵادەست و دەسەڵاتدار بێت لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، کێ کۆنترۆڵی باری ئەمنی بکات و داهاتی نەوتی ئەو ناوچەیە بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، ئەمانە کێشەگەلێکی قورسن، بەڵام دەکرێت چارەسەربکرێن و بە دڵنیاییشەوە پەنابردن بۆتوندووتیژی نابێتەهۆی یەکلاکردنەوەیان و ڕۆڵی ئەمەریکاش تەنها لە یارمەتیدان و هاندانی لایەنەکاندا بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ کورت دەبێتەوە و ناتوانێت ڕۆڵێکی گەورەتری هەبێت لەوەی ئێستا دەیبینێت.

*** زۆرینەی لایەنە عەرەبییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کەرکوك شارێکی عەرەبییە، هەرچەندە لە بنەڕەتدا خۆیان قەناعەتیان بە ڕاست و دروستی بانگەشەکەی خۆیان نییە، بەڵام ئەم کارە لە پێناو کۆکردنەوەی دەنگی زیاتر دەکەن، ئایا دەبێت سەرکردە سیاسییەکانی کورد چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بکەن؟**

- کێشەی کەرکوك ئاڵۆزەو ئەوەی ئەوەندەی دیکە بارودۆخەکەی ئاڵۆزکردووەوە، بوونی نەوتە لەو شارەدا، پرۆسەی بەعەرەبکردنە کە لە ڕابردوودا سەددام ئەنجامی دا، هەروەها بوونی کەمینەی تورکمانە لەو شارەدا، من پێم وایە دەبێت گفتوگۆ و دانوستاندن بکرێت لە نێوان پێکهاتە و گروپە ئیتنی و ئاینییەکانی شارەکەدا، هەروەها نابێت تەنها گفتوگۆو پەیوەندی لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی کوردەکاندا بکرێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیشدا بکرێت، دوواتر دەکرێت هێزی دەرەکی وەك میانگیر و ئاسانکار بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ بێنە ناو پرۆسەکەوە، بەڵام نابێت ئەمەریکا بێت، دەکرێت نەتەوە یەکگرتووەکان یان وڵاتێکی وەك نەرویج بێت کە وڵاتێکی بێلایەنە. ئەگەری تەقینەوەی بارودۆخی کەرکوك بۆ ناکۆکییەکی خوێناوی کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بێت و زیانێکی زۆر بە خەڵکی شارەکە بگەیەنێت ئەگەرێکی گەورەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئەم کێشەیە لە ڕێی گفتوگۆی نێوان دانیشتووان و پێکهاتەی شارەکەدا چارەسەربکرێت.

*** دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق دەستێوەردان لە بارودۆخ و کاروبارە ناوخۆی عێراقدا دەکەن، بە تایبەتی لە کێشەی کەرکوکدا، ئایا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی عێراق چۆن بەرەنگاری ئەم دەستێوەردانانە ببنەوە، ئایا ئەمەریکا چ کارێك دەکات بۆ سنوردارکردنی ئەم دەستێوەردانانە؟**

-سعودیە و سوریا لە بری سوننەکان دەستێوەردان دەکەن، من پێم وایە لەم ڕووەوە دەکرێت فشاری ئەمەریکا بۆ سەر سوریا کاریگەری ئیجابی هەبێت، ئەوەی پەیوەندی بە سعودیەوە هەبێت ئەوا ئەم وڵاتە ئەو کاتە دەستێوەردانەکانی ڕادەگرێت ئەگەر هەست بکات بەرژەوەندییە ڕەواکانی سوننەکان پارێزراون. واتە ئەم وڵاتانە لەو کاتەدا دەستێوەردان دەکەن کە هەست بکەن هەڕەشە لەسەر ئینتیما و بەرژەوەندی گروپێکی ئیتنی یان ئاینی دیاریکراو هەیە، لەبەر ئەوەی من پێم وایە دەبێت ئەمە ببێتە پاڵنەرێکی گرنگ بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی لە کەرکوکدا، واتە هەرکاتێك توانرا لەڕێی گفتوگۆوە چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشەکە دۆزرایەوە کە هەموو لایەنەکان بە شەرعی بزانن ئەو کاتە ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لە پێگەیەکی باشتردا دەبن بۆ فشارکردنە سەر دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق بۆ ڕاگرتن و کۆتای هێنان بە دەستێوەردانەکانیان.

*** چۆن سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما هەڵدەسەنگێنیت لە ئاست عێراقدا، بە تایبەتی کە ئۆباما تەرکیزی زیاتر لەسەر ئەفغانستان دەکات؟**

- من پێم وانییە مەسەلەکە ئەوەبێت یان عێراق یان ئەفغانستان، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە نیگەرانی و بایەخدانێکی سیاسی زۆر هەیە لەم وڵاتەدا لەئاست ئەفغانستاندا. ئەوەی پەیوەست بێت بە عێراقەوە ئەوا بە باوەڕی من کشاندنەوەی قۆناغ بە قۆناغی هێزەکانی

**باجی ئەنجامدانی ساختەکاری زۆر گەورەترە لە باجی دۆڕاندنی لایەنێک یان چەند لایەنێکی دیاریکراو**

**ئەگەر خەڵکی هەست بە سەلامەتی بکەن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و حکومەت هەلی کارکردنیان بۆ بڕەخسێنێت، ئەوا دەکرێت وردە وردە هەستی نیشتمانپەوەریەتی خەڵک بەهێزبکرێت**

ئەمەریکا لەو وڵاتەدا ستراتیجییەتێکی گونجاوە و دەکرێت بڵێین دوای شەش ساڵ لە ئامادەبوونی هێزەکانی ئەم وڵاتە و لە کاتی کشاندنەوەی تێکڕای هێزەکانیش ئەو ماوەیە دەبێتە نزیکەی هەشت ساڵ، ئەوا ئەمەریکا ئیلتیزام و پابەندبونی خۆی ئەدا کردووە بۆ هێنانەدی سەقامگیری لە عێراقدا و ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە عێراقییەکان ئەم ئەرکە بگرنەئەستۆ.

*** ئایا ئەگەر بارودۆخەکە سەقامگیر نەبێت و هێزەکان پاشەکشە پێبکات، ئەمە نابێتە شکستێك بۆ سیاسەتی ئەمەریکا؟**

- لە ڕاستیدا زەحمەتە بتوانین پێشبینی ئەوە بکەین دوو ساڵی دیکە بارودۆخەکە بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە درەنگ یان زوو پابەندبوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا کۆتای پێدێت و پرسیارەکە ئەوەیە چۆن و کەی عێراق دەتوانێت ئاشتی و سەقامگیری و گەشەکردنی ئابووری لە وڵاتەکەی خۆیدا بهێنێتەدی، بە تایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی داهاتی گەورەی نەوت و سەرچاوەکانی دیکە، هەروەها سوپای مەشقپێکراوی وڵاتەکە. من باوەڕم وایە کاتی ئەوە هاتووە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەرکا بە عێراق ڕابگەیەنێت ئێمە هەرچی کار و کۆششێکمان لەدەستهاتووە کردووومانە-هەرچەندە هەمیشە ئەم کارانە کاریگی ئیجابیان لێنەکەوتۆتەوە و هەندێ جار بونەتەهۆی هەڵکشانی توندووتیژی- و ئێستا بارودۆخەکە باشترە و بەرەو سەقامگیری دەڕوات و دەبێت عێراقییەکان خۆیان ئەم بەرپرسیارێتی و ئەرکە بگرنەئەستۆ، هەرچەندە هێشتا کێشە و ناکۆکی بەرچاو لە وڵاتەکەدا هەن بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە کێشەی نێوان کورد و عەرەبەکانەوە، بەڵام ئەمەریکا ناتوانێت ئەم کێشانە چارەسەربکات، دەبێت لایەنە عێراقییەکان خۆیان ئەم کێشانە یەکلابکەنەوە.

*** لە پرۆسەی زیادکردنی هێزەکاندا، ئیدارەی سەرۆك بۆش هەوڵیدا یاخیبونی سوننەکان لە ڕێکخراوی ئەل قاعیدە جیابکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا کێشەکە چارەسەرنەکراوە، مەترسی ئەوە لە ئارادایە دووبارە توندووتیژی سەرهەڵبداتەوە، کەواتە تا چ ڕادەیەك هاوڕایت و پێشبینی ئەوە دەکەیت ئەم ئەگەرە ببێتە واقیع؟**

ڕێکخراوی ئەلقاعیدە هەڕەشەیەکی ئەمنی گەورەیە لە سەر هەموو لایەك لە عێراقدا، لەسەر کوردەکان و ناوچە سوننەنشینەکان و لەسەر شیعەکانیش، لەم ڕوانگەیەشەوە ئامانجی سەرەکی ئەمەریکا ئەوەبووە پشتیوانی هێزە دەرەکییەکانی بۆ ئەم ڕێکخراوە وشك بکات، من پێم وایە ئەم ڕێکخراوەو گروپە جیهادییە هاوشێوەکانی جیاوازن لەو گروپە سوننییە یاخیبووانەی یان وەك کاردانەوەیەك دژی داگیرکاری ئەمەریکا دروست بوون، یان وەك کاردانەوەیەك لە دژی باڵادەستبونی شیعەکان سەریانهەڵدا، لەبەر ئەوەی من ئەل قاعیدە یەکسان ناکەم بە سوننەکان و ئەمە کارێکی ڕەوانییە، ئەل قاعیدە ئامانجی جیاوازی هەیە، ئامانجی تێکدان و ناسەقامگیرکردنی بارودۆخەکەیە، بەڵام ئەوەی ئەمەریکا هەوڵی بۆدا جیاکردنەوەی ئەم ڕێکخراوە بوو لە شێخە سوننەکان و من پێم وایە ئەمە کارێکە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزیش پشتیوانی لێبکەن.

*** دووا وتەت چییە؟**

- من پشتیوانێکی سەرەکی کوردەکان بوومە و لەمبارەیەوە کتێبێکم دەربارەی خەباتی کوردەکانی تورکیا نوسیوە لە دژی ئەو سەرکوتکردنەی دووچاری دەبنەوە. من پێم وایە کوردەکانی عێراق ڕێگایەکی دوورودرێژیان بڕیوەو ئێستا کاتی پتەوکردن و چەسپاندنی دەستکەوتەکانیان هاتووە و من پێم وایە پێویست ناکات نیگەران بن دەربارەی ئەو دژواریانەی هەیانە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا، لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەگەلێکن دەکرێت لە ڕێی گفتوگۆوە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

*** ئایا مەترسی ئەوەنییە توندووتیژییەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بپەڕنەوە بۆ هەرێمی سەقامگیری کوردستان؟**

-من هیوادارم ئەمە ڕوونەدات، پێشبینیکردنی داهاتوو کارێکی زەحمەتە، بەڵام ئومێدەوارم بارودۆخەکە زیاتر بەرەوپێشەوەبچێت، لەبەر ئەوەی ئێستا بە شێوەیەکی گشتی بەرەو سەقامگیری دەڕوات.

**ئەگەری تەقینەوەی بارودۆخی کەرکوک بۆ ناکۆکییەکی خوێناوی کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بێت و زیانێکی زۆر بە خەڵکی شارەکە بگەیەنێت ئەگەرێکی گەورەیە**

**درەنگ یان زوو پابەندبوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا کۆتای پێدێت و پرسیارەکە ئەوەیە چۆن و کەی عێراق دەتوانێت ئاشتی و سەقامگیری و گەشەکردنی ئابووری لە وڵاتەکەی خۆیدا بهێنێتەدی**



### د. وەلید حلی پەرلەمانتار و ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی دەعوا بۆ گوڵان :

# لە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەدا لیستی دەوڵەتی قانوون ڕێژەی ٪٣٣ی دەنگەکان و هاوپەیمانی کوردستان هەمان دەنگەکانی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە

**د.وەلید حلی پەرلەمانتار لەسەر لیستی هاوبەندی یەکگرتووی شیعە لە پەرلەمانی عێراق، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی دەعوای عێراقییەو یەکێکە لە کەسە نزیکەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق د.نوری مالکی، قسەکانی د.حلی دەکرێت وەك وتەبێژی حزبی دەعوای عێراق و هەروەها سیاسەتەکانی د.مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق لێکبدرێتەوە، بەتایبەتی تێڕوانییەکانی بەرامبەر بە هاوپەیمانی کوردستان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك. لەم دیمانە تایبەتەی گوڵاندا د. وەلید حلی بۆچوونەکانی بەو ئاراستەیەن کە لیستی دەوڵەتی قانوون کە د. نوری مالکیی سەرۆك وەزیرانی عێراق سەرۆکایەتی دەکات ٪٣٣ی دەنگەکان بەدەست دەهێنێت، ئەمەش واتە نزیکەی سێیەکی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق، هەروەها ئاماژە بەوەدەکات لیستی هاوپەیمانی کوردستان هەمان دەنگەکانی هەڵبژاردنەکانی پێشوو دەهێنێتەوە، ئەمەش واتە هاوپەیمانی کوردستان( واتە هەموو لیستە کوردستانییەکان ئەگەر بەلیستی جیاواز دابەزین) نزیکەی ٥٧ ___ ٦٠ کورسی پەرلەمان پێکدەهێنن، ئەم ڕێژەیە هەموو کات ( ئەگەر مەزندەکەی د. وەلید وادەرچوو) لەگەڵ لیستی دەوڵەتی قانوون ڕێژەی ٪٥٠+١ی کورسییەکانی پەرلەمان پێکدەهێنێت و بۆیە ئەگەر هاوبەندی شیعەش هاوپەیمانی لەگەڵ د.مالکی نەکەن بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەوا لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی دەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، ئەم حاڵەتە پێگەی کورد دەخاتەوە حاڵەتێکی باشتر لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا( ئەگەر کورد خۆی ماڵی خۆی لەت نەکات) لەوانەیە جیا لەوەی پۆستی زیاتر بەدەست بهێنێت، لە هەمانکاتدا ئاسانتریش کێشەکانیش چارەسەر بکرێت، ئەمەش دەقی لێدوانەکە د.وەلید حلی یە بۆ گوڵان:**

ئێمە لە حزبی دەعوەو ئیئتیلافی دەوڵەتی قانوون پشتگیری لە لیستی کراوە دەکەین و پشتگیری لەوە دەکەین کە هەر پارێزگایەک بازنەیەکی هەڵبژاردن بێت بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو پارێزگایە هەڵبژێردرێت بۆ پەرلەمان

*** بەم دواییە ئەوەمان بەدی کرد کە دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان نزیك دەبێتەوەو لە پەرلەماندا موناقەشەیەکی یاسای نوێی هەڵبژاردن دەکرێت و هاوپەیمانێتی نوێ پێکدەهێنرێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بارودۆخی ئێستای عێراقی دەبینیت؟**

- من بەرەوپێشچوون لە بارودۆخە سیاسییەکەدا دەبینم، بەرەوپێشچوون لە تێڕوانینی لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا دەبینم، بە تایبەتی ئەگەر بەراوردی بکەین بە شەش ساڵ پێش ئێستا، واتە وردە وردە لایەنەکان بەشداریکردن لە پرۆسە سیاسییەکەدا قبووڵدەکەن، هەروەها داکشان و کەمبوونەوەی شەپۆلی کارە توندوتیژو تیرۆرییەکاندا ڕوویداوە، بە هەمان شێوە ڕەفتارە تائیفی و مەزهەبییەکانیش بەرەو داکشان چوون، لە هەمان کاتدا کاری گروپە تاوانکارییەکانیش کەمبوونەوەی



بەخۆوە بینیوە، واتە بە شێوەیەکی گشتی بەرەوپێشچوون بەدیهاتووە، بەڵام ئەگەر بارودۆخی وڵاتی خۆمان بەراورد بکەین بە وڵاتە ئەورووپییەکان، یان وڵاتە پێشکەوتوو گەشەکردووەکان، ئەوا هێشتا ئێمە لەسەرەتای ڕێگەداین، لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاوبێت کە تێپەڕاندنی قۆناغی دیکتاتۆری بۆ دیموکراتی پێویستی بە کاتێکی زۆر و بە هەڵمەتی هۆشیارکردنە و پەروەردە و ڕۆشنبیرکردن دەبێت، بۆ نموونە ناکرێت دوای ٣٥ ساڵ لە دەسەڵاتێکی داپڵۆسێنەر و سەکوتکار، کە هەموو شێوازێکی گرتەبەر بۆ ئەشکەنجەدان و ئازاردانی ئینسانی عێراقی، لە شەو و ڕۆژێکدا خەڵك باوەڕ بە پرۆسەی دیموکراتی و پرۆسەی سیاسی و هاوکاریکردن لەگەڵ یەکدا بهێنێت، بەڵام هەرچۆنێك، لە عێراقدا بەرەوپێشچوون ڕوویداوە.

*** ئایا جیاوازی و ناکۆکییەکانی ناو پەرلەمان چین بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە یاسای نوێی هەڵبژاردنەوە؟**

- ئێمە دەزانین لە ماوەی ڕابردوودا بەهۆی کەمی کار و چالاکییە سیاسییەکانەوە و بە هۆی ناسەقامگیری بارودۆخی ئەمنییەوە پارتە سیاسییەکان پەنایان بۆ لیستی داخراو برد، بەڵام حاڵی حازر و لەم هەلومەرجەدا بەهۆی باشتربوونی بارودۆخی ئەمنی و بەرەوپێشچوونی بارودۆخی سیاسی، هاوڵاتییان خوازیاری ئەوەن ڕۆڵیان هەبێت لە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی دەگەنە پەرلەمان، واتە هاوڵاتیان و دەنگدەران دەتوانن دەنگ و متمانەی خۆیان بەو کەس و پاڵێوراوە بدەن کە هاوڕان لەگەڵ هەڵوێست و لێدوانەکانیدا، ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە هەندێ لایەن لەبەر ئەوەی خاوەنی کەسایەتی دیار و کاریگەرنین پشتیوانی لە لیستی کراوە ناکەن، بەڵام من پێم وایە بە شێوەیەکی گشتی ئاراستەکە لە ناو خەڵکدا بەرەو پشتیوانیکردنە لە لیستی کراوە. هەروەها هەندێ لایەنی دیکەش لەبەر ئەوەی سەنگ و قورساییان لە هەندێ پارێزگاکاندا نییە، داوای ئەوە دەکەن عێراق یەک بازنەی هەڵبژاردن بێت، نەک هەر پارێزگایەک بە تەنها ببێتە بازنەیەکی هەڵبژاردن، بۆ ئەوەی دەنگەکان کۆبکەنەوەو دەنگیان لەو پارێزگایانەدا نەفەوتێت کە پێگەیەکی لاوازیان هەیە تێیاندا، ئێمە لە حزبی دەعوەو ئیئتیلافی دەوڵەتی قانوون پشتگیری لە لیستی کراوە دەکەین و پشتگیری لەوە دەکەین کە هەر پارێزگایەک بازنەیەکی هەڵبژاردن بێت بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو پارێزگایە هەڵبژێردرێت بۆ پەرلەمان.

*** باس لەوە دەکرێت دوای لێدوانەکەی سەماحەتی سیستانی بۆ پشتیوانیکردن لە لیستی کراوە، کوتلەکان هەڵوێستی خۆیان گۆڕی، چونکە پێشتر ئەوان پاڵپشتی لیستی داخراویان دەکرد؟**

- لە ڕاستیدا لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتوو گەشەکردووەکان کار بە لیستی کراوە دەکرێت و تەنانەت لە وڵاتی کوێتیشدا هەر کار بەم شێوازە کرا، تەنها لەو وڵاتانەی کە ناسەقامگیر و نەناسراون پەنا بۆ لیستی داخراو دەبەن، کە من پێم وایە شەش ساڵ کارکردن بەمشێوازە ( لیستی داخراو) لە عێراقدا بەسە و هاوڵاتیانیش مافی خۆیانە بزانن دەنگ بە کێ دەدەن و کەس ناتوانێت ئەم مافەیان لێزەوت بکات.

*** هاوپەیمانێتی نوێ لە گۆڕەپانەکەدا سەریانهەڵدا، وەک ئیئتیلافی عێراقی یەکگرتوو بە سەرکردایەتی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و هاوپەیمانێتی دەوڵەتی قانوون بە سەرکردایەتی سەرۆک وەزیران، مالیکی، ئایا ئێمە هیچ پەیوەندییەکتان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا کردووە، بۆ نموونە هاوپەیمانێتی کوردستانی؟**


- ئێمە پێشوازی لە هەمو جۆرە هاوپەیمانێتییەک دەکەین و پێمان وایە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بەشێکە لە پرۆسەی دیموکراتی و ئێمە هانی بیروباوەڕی جیاواز دەدەین، بەڵام مەرج ئەوەیە ئەو بیروبۆچونانە واقیعی بن و تەمومژاوی و مەحاڵ نەبن و خزمەت بە بەرژەوەندی خەڵکی عێراق بکەن. فرە لیستیو بوونی هاوپەیمانێتی جیاواز شتێکی ئیجابییە و بەشێکە لە دیموکراسی، ئەگەر تەنها یەک لیست هەبێت ئەوا ململانێ و دیموکراتی لە ئارادانابێت، پێشبینی من ئەوەیە بە چەشنی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا ٥ بۆ ٦ هاوپەیمانێتی سەرەکی ڕکابەری و ململانێ دەکەن لە هەڵبژاردنەکاندا.

*** بڕیار دراوە وەک باقی پارێزگاکانی دیکەی عێراق هەڵبژاردنیش لە کەرکوکدا ئەنجامبدرێت، بەڵام ئێستا ئەو داواکارییانە دەبیستین کە باس لە گەڕانەوە بۆ سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٤ دەکەن بە بیانووی ئەوەی باری دانیشتوانی شارەکە گۆڕاوە، ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- هەڵوێست و تێڕوانینی ئێمە ئەوەیە کە لە دەستووردا هاتووە، ئێمە باوەڕمان وایە تەبای و هاوکاری هەیە لە نێوان خەڵکی عێراقدا، هەروەها لە سەردەمی سەددام حوسێندا ناهەقی زۆر بەرامبەر ئەم شارە کرا، وەک گۆڕینی باری دانیشتوان و سروشتی نیشتەجێبووانی شارەکە، بەو پێیە ئێمە پێمان وایە دەبێت خەڵکی کەرکوک بە هەماهەنگی لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمان و کەمینەکانی دیکەدا بڕیار لەوە بدەن دەبێت چۆن حکومڕانێتی بکرێن. بە



**ئەوەیە بە چەشنی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا ٥ بۆ ٦ هاوپەیمانێتی سەرەکی ڕکابەری و ململانێ دەکەن لە هەڵبژاردنەکاندا**



ڕای ئێمه چارەسەری کێشەی کەرکوك پێویستی بە گرنگیپێدان و بایەخپێدانێکی تایبەتە، پێویستی بە هاوکاری نێوان هەموو لایەنەکانە و ناکرێت پێکەوەژیانی خەڵکی کەرکوك بەردەوام بێت ئەگەر گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان لایەنە سەرەکییەکانی دانیشتووانی شارەکەدا هەبێت.

*** پێشبینیت چییە بۆ گۆڕانی نەخشەی سیاسی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە؟**

-من پێم وایە هاوپەیمانێتی کوردستانی هەمان ڕێژەی ڕابردوو بەدەست دەهێنێتەوە، ڕەنگە کورسییەك کەم یان زیاد بکات لە پەرلەماندا، بەڵام پێشبینیم ئەوەیە هاوپەیمانێتی دەوڵەتی قانوون ڕێژەیەکی زۆری دەنگەکان بەدەستبهێنێت، لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیشدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، هەروەها سەرۆك وەزیران، مالیکی توانیویەتی دەسکەوتی گەورە بەدی بهێنیت، وەك باشترکردنی باری ئەمنی، لە ناوبردنی ڕێکخراوی ئەل قاعیدە و پاشماوەکانی سەددام و کۆتایهێنان بە فیتنەی تائیفی کە هەندێ ناوچەی عێراقی گرتبۆوە،، کرانەوە بە ڕووی جیهان و هێنانەدی هاوکاری لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا لەسەر بنەمای یاسا، نەك لەسەر بنەمایەکی تائیفی و مەزهەبی، هەروەها بەرەوپێشچون لە هەلو مەرجی عێراقدا، بە تایبەتی بەرەوپێشچوونی ئابووری، بۆ نموونە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین ئەو کاتەی مالیکی پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرت ئیحتیاتی عێراق تەنها چەند ملیار دۆلارێك بوو، لە کاتێکدا ئێستا ئیحتیاتی عێراق زیاتر لە ٦٠ ملیار دۆلارە، کەواتە ئیحتیاتی عێراق لە سەردەمی مالیکیدا شەش هێندە زیادیکردووە بە بەراودر بە ڕابردوو، ئەمەش لە بارودۆخی ئابووری ئێستای جیهاندا سەرکەوتنێکی گەورەیە، بە هەمان شێوە ئەو کاتەی مالیکی جڵەوی سەرۆك وەزیرانی گرتەدەست، ڕێژەی هەڵئاوسان لە عێراقدا لە ٪٣٠ بوو، لە کاتێکدا ئێستا ئەو ڕێژەیە بۆ لە سەدا کەمتر لە ١٠ دابەزیووە، واتە بۆتە یەك لەسەر سێی ڕێژەی پێشوو، کەواتە هەموو ئەم دەستکەوت و سەرکەوتنانە دەبنەهۆی ئەوەی هاوڵاتی بەروارد بکات لەنێوان ئەو کەسانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کارێکی دیاریکراو دەکەن لەکاتێکدا کە خەڵکی تاقینەکردونەتەوە، لەگەڵ سەرکردەیەکی وەك مالیکیدا کە ئەو هەموو دەستکەوت و سەرکەوتنانەی لەسەر ئەرزی واقیع بەدی هێناوە، کەواتە پێشبینی ئەوە دەکرێت هاوڵاتییان پشتگیرییەکی بەرچاو لەم لیستە بکەن و لە ڕاستیدا ئەنجامی ١٠ ڕاپرسیش کە لە لایەن هەندێ لە گۆڤار و مەوقیعە ئەلەکترۆنییەکانەوە ئەنجامدراون ئەوە دەردەخەن کە ئەم لیستە زیاتر لە سەدا ٣٣ی دەنگی هاوڵاتییان بەدەست دەهێنێت.

*** واتە هەمان ئەو ڕێژەیەی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بەدەستیهات؟**

-بەڵێ.

**ناکرێت پێکەوەژیانی خەڵکی کەرکوک بەردەوام بێت ئەگەر گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان لایەنە سەرەکییەکانی دانیشتووانی شارەکەدا هەبێت**